# گوڵان

سـاڵی سییـەم (١٣٦٥)- (٢٢)ی ئایاری ٢٠٢٣


بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بازنەی گفتوگۆ

**خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری**

# دەبێت پێکەوە بیر لەوە بکەینەوە چۆن لەگەڵ سایکۆلۆژیەتیی نارەزایی خەڵک دیالۆگ دروست بکەین






## پەیامی سەرۆک بارزانی پێش ڕاپەڕین ١٩٩١/٢/٦

# هەوڵ بدەین بەوپەڕی لە خۆبووردنەوە بەرژەوەندیی بەرەی کوردستانی لە پێش بەرژەوەندیی خۆمان دابنێین

٦٦

**جەماوەری کوردستانی خۆشەویست**

ئەمڕۆ، بەرەی کوردستانی کە ئومێدی ئێوەی خۆشەویستە، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەتان دەکات. هەموو لایەکمان چ وەکوو حزب، چ وەکوو تاکەکەس، یان وەکوو کۆمەڵانی خەڵک، هەوڵ بدەین بەوپەڕی لەخۆبووردنەوە بەرژەوەندیی بەرە لە پێش بەرژەوەندیی خۆمان دابنێین کە چارەنووسی گەل و شۆڕشەکەمانی پێوە گرێ دراوە و داوا لە هەموو جەماوەری کوردستان دەکەم لە دەوری ئاڵای بەرەکەمان کۆببنەوە و هەموو لایەک بیر لەوە بکاتەوە لاپەڕەیەکی تازە بکاتەوە و گیانی یەکگرتن و برایەتی زاڵ بێ بەسەر هەموو شتێکی تردا.
جەماوەری عێراقی ئازیز، خەڵکی خۆشەویستی کوردستان، لە کۆتاییدا جارێکی تر هاوسۆزیی خۆمان چەند پات دەکەینەوە، دڵ و دەروونمان لای ئێوەیە و هەستمان وایە کە لەناو جەرگی موعاناتی ئێوەدا دەژین.
خوا هاریکارتان بێت و لە ستەم و کارەسات و شەڕ تاهەتایە بتانپارێزی و، ئەبێ گەلی عێراق بەگشتی بیرێکی قووڵ لە وەزعی خۆی بکاتەوە و، لەسەرتاسەری عێراق لاپەڕەیەکی تازە بکرێتەوە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و برایەتی و دیموکراتییەت لە عێراق.

والسلام علیکم ورحمة الله و برکاته




(هونەرو جوانی) ناونیشانی کتێبێکی تازەچاپکراوی (ئالا کەمال سەعدی)یە، لە دووتوێی (١٢٨) لاپەڕە کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە. بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە بریتین لەو توێژینەوە و ڕاپۆرتە هونەرییانەی کە لە قۆناغەکانی خوێندنیدا، نووسەر لە بەشی شێوەکاریی کۆلێجی هونەرە جوانەکان وەك پێداویستیی زانستی وانە هونەرییەکان ئامادەی کردووە.

جوانی لقێکە لە فەلسەفە، گرنگیی بە لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی چەمکی (جوانی) دەدات وەکو ڕوخسارێکی جیاکەرەوەی کارە هونەرییەکان، نووسەر لە بەشێکی کتێبەکە دەڵێت: چەمکی (جوان یان جوانی) خۆی لە خۆیدا مانایەکی نادیار و بەربڵاویان هەیە، دوو ئایدیای (میتا فیزیقی) و(کورتکراوەکان)ن. لەبەر ئەوە ئیستاتیکا نرخێکی زانستیی نابێت ئەگەر لە تاقیکردنەوەی دیاریکراوەوە ئامادە نەکرێت. هاوکات لە بواری مێژووی هونەردا نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە کە هونەر بەقەدەر کۆنیی مرۆڤە لەسەر ڕووی زەوی، مرۆڤی سەرەتایی لە ڕێگەی گوزارشتکردن بە شێوازە هونەرییەکان، گوزارشتی لە ناخی خۆی کردووە.

نووسەری ئەم کتێبە لە ڕووی خستنەڕووی مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی هونەر لێزانانە پەی بە هەموو قۆناغەکان بردووە، ئەو هاتووە باسی شارستانیەتییەکان دەکات کە پشکی ئەم داهێنانەیان بەرکەوتووە، بگرە هەر لە وڵاتی میزۆپۆتامیا کە هونەری پەیکەرتاشی و دروستکردنی باڵاخانەکان کە پەیوەندیی بەهێزیان بەیەکەوە هەبووە، دواتر لە چاخی برۆنزیدا کە سەرەتای دیارکەوتنی کانزاکانە، هونەری تەلارسازی لای گریکی کۆن شوێنی خۆی لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا گرتووە کە لەمیانی تەلارسازیدا پێشەنگ بوون، فیرعەونەکانی میسریش دەستێکی باڵایان هەبووە ،هونەری پەیکەرسازی لای ئەوان سروشتێکی ئایینی هەبووە، نووسەر لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا باس لە بزووتنەوەی هونەری سەردەمی ڕێنسانسی زێڕین دەکات، ئەم کتێبە باس لە هونەر بەگشتی دەکات، هیچ پێشکەوتنێکی شێوازەکانی نووسین و وێنەکێشان و پەیکەرتاشی نەماوە ئاماژەی پێ نەکردبێت، تەنانەت لای منداڵانیش، دواجار کتێبەکە بە دەیان وێنەی جۆراوجۆر لە هەموو بەشەکانی هونەر ڕازاندراوەتەوە.. دەستخۆشی لە (ئالا کەمال سەعدی) دەکەین بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەرێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەرێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -رووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

سەڵاح فەیلی:



## سەرۆک بارزانی بە ناساندنی جینۆسایدی کوردی فەیلی ئەم پرسەی زیندوو کردەوە




## دوو خوشکی نابیست باسی ئاریشەکانی ژیان و سەرکەوتنەکانی خۆیان بۆ گوڵان دەکەن




## دۆزەخی بێ دەرگا




## ناوی کوردستان لەسەر شەقام و چێشتخانە و کەشتیی لە جیهان



نەوزاد شێخ:



**لە ٢٥ی ئەم مانگەوە گەنمی جووتیاران وەردەگیرێت و هەر تۆنێک گەنم بە ٨٥٠ هەزار دینار دەکڕدرێتەوە**



**پەروەردەکاران ڕێنمایی تایبەتیان بۆ پشووی هاوینەی قوتابیان هەیە**

هەنگاو محەمەد:

**پێش بینی دەکەم زیاتر سەرکەوین بۆ پلەکانی پێشەوە**



**کۆلێر مەستەر و داهێنانێکی نوێ**



**هەناسەڕاوکێ، نیشانەیە یان نەخۆشی؟**



دیانا حەداد:

**من دژی شەپۆلی ئێستای گەشەسەندن نیم**



بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

## پێنجەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# خەڵک و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری



ڕۆژی ٣ی ئاداری ٢٠٢٣، لێژنەی بازنەی گفتوگۆ بە ئامادەبوونی بەڕێزان «شڤان حەمدی، د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد» پێنجەمین کۆبوونەوەی خۆی ساز دا، بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ گفتوگۆیەکی تازە لەسەر پرسێکی گرنگ کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵگە و ژیانی هاووڵاتیانی کوردستانەوە هەیە.

لەم کۆبوونەوەیدا چەندین پرسی گرینگ خرانە ڕوو، بەڵام سەرەنجام کۆبوونەوەکە بڕیاری دا کە پێنجەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ بۆ «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری» تەرخان بکەین، لە بەر ئەم هۆکارانە:

• کۆمەڵگەی کوردستان بە ئاستێك بە سیاسی کراوە، کە تیایدا خەم و کێشەکانی خەڵك وەك خۆیان نابیندرێن و گرنگە هەوڵێك هەبێت، ئەم بەسیاسیکردنەی کۆمەڵگە کاڵ بکرێتەوە و، خەم و کێشەکانی خەڵك بە مەدەنییانە و دوور لە ئایدیۆلۆژیەتی حزبی گفتوگۆی جددی و ڕاشکاوانەی لەسەر بکرێت.

• هەر لەم کۆبوونەوەیەدا گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە لەناو کۆمەڵگەی بەسیاسیکراودا، خەم و کێشەکانی خەڵك ئەگەر ونیش نەبن، بە شێوەیەکی ڕوون و بێخەوش نابیندرێن و، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتی هەست بەوە بکات، پەراوێز خراوە و کەس خەم و کێشەکانی بە هەند هەڵناگرێت، بۆیە بڕیار درا ڕاپرسییەکی ئۆنلاین لە سەرتاسەری کوردستان ئەنجام بدرێت و ئاکامی ئەو ڕاپرسییە بە داتا و ئامار بخرێتە سەر شاشە و لە کۆبوونەوەکەدا بخرێتە ڕوو.

• سەبارەت بە بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە، کۆبوونەوە پێی باش بوو کە لەگەڵ ئەو کەسایەتی و لایەنانە ئەم گفتوگۆیە بەڕێوە بچێت، کە ڕاستەوخۆ و ڕۆژانە کۆنتاکتیان لەگەڵ هاووڵاتیان هەیە و، هەروەها کۆی کێشە و نارەزاییەکانی خەڵك ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کە بێگومان ئەو کەسایەتی و لایەنانەش بەڕێزان «پارێزگارەکان و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکانی کوردستانن».

دوای ئەوەی کۆنووسی ئەم کۆبوونەوەیەمان بۆ بەڕێز د.سالار عوسمان بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەرزکردەوە و پەسەندیان کرد، ئەندامانی لێژنەی بازنەی گفتوگۆ پەیوەندییان بە سەرجەم پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان کرد و، بە فەرمی بانگهێشتنامەی فەرمییان بۆ نارد، بە سوپاسەوە هەموویان بانگهێشتنامەی بازنەی گفتوگۆیان قبووڵ کرد، بەڵام مەرجی ئەوەشیان بۆ دانایین ئەگەر «پابەندبوونی زەرووریيان بۆ نەیەتە پێشەوە، کە ببێتە ڕێگر لە ئامادەبوونیان»، بۆیە ڕۆژی ١٥ی ئایاری ٢٠٢٣ کە ڕۆژی ئەنجامدانی گفتوگۆی «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری» بە یەك دوو کاتژمێر پێش ئەنجامدانی گفتوگۆیەکە ئەم بەڕێزانە داوای لێبوردنیان لێ کردین کە ناتوانن ئامادە بن ئەوانیش:

• گۆهدار شێخۆ بەرپرسی ئیدارەی زاخۆ لە جێی خۆی بەڕێز فارس یوحەننای جێگری سەرپەرشتیاری زاخۆی بۆ گفتوگۆکە نارد.


• هیوا قەرەنی بەرپرسی ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین داوای لێبوردنی کرد، کە ناتوانێت ئامادە بێت.

• جەلال نووری بەرپرسی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان داوای لێبوردنی کرد، کە ناتوانێت ئامادە بێت.

لەگەڵ ئەوەی وەك لێژنەی بازنەی گفتوگۆ زۆرمان پێ ناخۆش بوو، ئەم بەڕێزانە نەیانتوانی ئامادە بن، کە بێگومان بە ئامادەبوونی ئەوان گفتوگۆکە زیاتر دەوڵەمەندتر دەبوو، خەم و کێشەی هاووڵاتیانی ئەو دوو دەڤەرە خۆشەویستەش (گەرمیان و ڕاپەڕین) لە گفتوگۆکەدا بوونیان دەبوو، بەڵام گومانی تێدا نییە خەم و کێشەی هاووڵاتییەك لە گەرمیان و هەڵەبجە، لەگەڵ دهۆك و زاخۆ، هەروەها خەم و کێشەی هاووڵاتییەك لە سلێمانی و ڕاپەڕین لەگەڵ خەم و کێشەکانی هاووڵاتییانی هەولێر و سۆران هەر وەك یەکە و هیچ جیاوازییەکی نییە.

لە پێنجەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ «خەڵك و ئاستی پێشکەکردنی خزمەت گوزاری» ئەم بەڕێزانە ئامادە بوون:

١- د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
٢- ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجەی شەهید.
٣- ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر.
٤- د. هەڤاڵ ئەبووبەکر پارێزگاری سلێمانی.
٥- د.عەلی تەتەر پارێزگاری دهۆك.
٦- هەڵگورد شێخ نەجیب سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.
٧- فارس یوحەننا جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی زاخۆ.
٨- شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
٩- د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
١٠- د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
١١- فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.





ڕاپرسیی بازنەی گفتوگۆ

# خەڵک و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری

ڕاپرسییەکە لە ڕێی سێرڤەرئۆنلاینی (Ko-botoolbox)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجام دراوە، ١١٩٠ هاووڵاتی لە هەرێمی کوردستان بەم جۆرە بەشدارییان تێدا کردووە: لە هەولێر بە ڕێژەی ٢٦٪، سلێمانی ١٩٪، دهۆک ١٧٪، ئیدارەی سۆران ١٥٪، ئیدارەی ڕاپەڕین ٩٪، هەڵەبجە ٦٪، ئیدارەی زاخۆ ٤٪ و ئیدارەی گەرمیان تەنیا ٣٪ کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، تیلیگرام، وەتسەپ و ڤایبەر وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە و لە ماوەی ٥ تا ١٣/٥/٢٠٢٣ ئەنجام دراوە.


- **لە ڕاپرسییەکەدا پرسیار لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کراوە، کە:**
- **چەندە لە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان ڕازین؟**

داتاکانی ڕاپرسییەکە نیشانیان دا، کە بە ڕێژەی ٧٢٪ لە دابینکردنی سووتەمەنی و وزە، ٦٥٪ لە مووچە و شایستە داراییەکان، ٥٣٪ لە تەندروستی، ٥١٪ لە کارەبا و ٥٠٪ لە پەروەردە و پێگەیاندن لە دیارترین ئەو خزمەتگوزارییانەن کە خەڵکی بە ڕێژەیەکی زۆر لێیان نارازین. لە بەرانبەردا هاووڵاتیان بە ڕێژەی ٨٥٪ لە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری، ٧٦٪ لە ئاو و ئاوەڕۆ، ٧٠٪ لە پاکوخاوێنی و ڕازاندنەوەی شەقام شوێنە گشتییەکان، ٦٧٪ لە گەشتوگوزار و شوێنی پشوودان، ٦٣٪ لە گواستنەوە و گەیاندن و دابینکردنی خۆراک و بەروبوومی کشتوکاڵی، ٦١٪ لە ڕاییکردنی کاروبارەکان لە فەرمانگەکان، ٦٥٪ لە ڕێگەوبانەکان ڕازین.

لەسەر ئاستی پارێزگاش لە هەولێر: خەڵکی بە ڕێژەی ٧١٪ لە سووتەمەنی و وزە، ٦٧٪ لە مووچە و شایستەی دارایی، ٥٤٪ لە تەندروستی، ٥١٪ لە پەروەردە و پێگەیاندن و ٥٠٪ لە کارەبا نارازین؛ لە بەرانبەردا نزیکەی ٨٧٪ لە ئاسایش و سەقامگیری، ٨١٪ لە پاکوخاوێنی و ڕازاندنەوەی شەقام وشوێنە گشتییەکان، ٧٣٪ لە گەشتوگوزار و شوێنەکانی پشوودان، ٧١٪ لە ئاو و ئاوەڕۆ، ٦٠٪ لە دابینکردنی خۆراک و بەروبوومی کشتوکاڵی و ڕاییکردنی کاروبارەکان لە فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکان، ٥٨٪ لە گواستنەوە و گەیاندن و ڕێگەوبانەکان ڕازین.

دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی بە ڕێژەی ٧٧٪ لە سووتەمەنی و وزە، ٧٤٪ لە مووچە و شایستەی دارایی، ٦١٪ لە ڕێگەوبانەکان، ٥٣٪ لە تەندروستی، ٥٠٪ لە کارەبا و پەروەردە و پێگەیاندن و دابینکردنی خۆراک و بەروبوومی کشتوکاڵی نارازین، لە بەرانبەردا نزیکەی ٧٤٪ لە ئاسایش و سەقامگیری، ٦٩٪ لە ئاو و ئاوەڕۆ، ٦٢٪ لە گەشتوگوزار و شوێنەکانی پشوودان، ٦٠٪ لە گواستنەوە و گەیاندن و ڕاییکردنی کاروبارەکان لە فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکان، ٥٨٪ لە پاکوخاوێنی و ڕازاندنەوەی شەقام و شوێنە گشتییەکان ڕازین.

**وەک هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان لە ئاستی پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانەی خوارەوە ڕازیت؟**




خەڵکی پارێزگای دهۆك بە ڕێژەی ٨٢٪ لە سووتەمەنی و وزە، ٦٧٪ لە مووچە و شایستەی دارایی،٦٤٪ لە کارەبا، ٦٣٪ لە تەندروستی، ٦٠٪ لە پەروەردە و پێگەیاندن،٥٥٪ لە دابینکردنی خۆراك و بەروبوومی کشتوکاڵی ناڕازین، لە بەرانبەردا نزیکەی ٩٢٪ لە ئاسایش و سەقامگیری، ٨٢٪ لە پاکوخاوێنی و ڕازاندنەوەی شەقام و شوێنە گشتییەکان، ٧٩٪ لە ئاو و ئاوەڕۆ، ٦٩٪ لە ڕێگەوبانەکان، ٦٣٪ لە گواستنەوە و گەیاندن،٦٠٪ لە گەشتوگوزار و شوێنەکانی پشوودان، ٥٥٪ لە ڕاییکردنی کاروبار لە فەرمانگە و دامەزراوە حکوومییەکان ڕازین.

هاووڵاتیانی پارێزگای هەڵەبجە بە ڕێژەی ٦٦٪ لە لە مووچە و شایستەی دارایی، ٦٢٪ لە سووتەمەنی و وزە، ٤٩٪ لە ڕێگەوبانەکان، ٤٧٪ لە پاکوخاوێنی و ڕازاندنەوەی شەقام و شوێنە گشتییەکان ناڕازین، لە بەرانبەردا ٨٨٪ لە ئاسایش و سەقامگیری، ٨٢٪ لە ئاو و ئاوەڕۆ، ٧٤٪ لە گواستنەوە و گەیاندن، ٧٢٪ لە گەشتوگوزار و شوێنەکانی پشوودان، ٦٩٪ لە دابینکردنی خۆراك و بەروبوومی کشتوکاڵی، ٦٨٪ لە پەروەردە و پێگەیاندن، ٦٢٪ لە ڕاییکردنی کاروبارەکان لە فەرمانگە و دامەزراوە حکوومییەکان، ٥٧٪ لە تەندروستی، ٥٦٪ لە دابینکردنی کارەبا ڕازین.

هاووڵاتیانی ئیدارەی گەرمیان بە ڕێژەی ٧٤٪ لە سووتەمەنی و وزە، ٧٢٪ لە تەندروستی،٦٢٪ لە مووچە و شایستەی دارایی، ٥٦٪ لە پەروەردە و پێگەیاندن، ٥٤٪ لە ڕێگەوبانەکان ناڕازین، لە بەرانبەردا بە ڕێژەی ٨٢٪ لە پاکوخاوێنی و ڕازاندنەوەی شەقام و شوێنە گشتییەکان، ٨٠٪ لە ئاسایش و سەقامگیری، ٧٧٪ لە ئاو و ئاوەڕۆ، ٧٤٪ لە ڕاییکردنی کاروبار لە فەرمانگە و دامەزراوە حکوومییەکان، ٦٤٪ لە گەشتوگوزار و شوێنەکانی پشوودان، ٥٦٪ لە کارەبا، ٥٦٪ لە دابینکردنی خۆراك و بەروبوومی کشتوکاڵی، ٥٤٪ لە گواستنەوە و گەیاندن ڕازین.

نیشتەجێیانی ئیدارەی ڕاپەڕین بە ڕێژەی ٧٦٪



لە سووتەمەنی و وزە،٧٠٪ لە ڕێگەوبانەکان، ٦٢٪ لە مووچە و شایستەی دارایی، ٥٨٪ لە تەندروستی، ٥٢٪ لە کارەبا و ٤٨٪ لە پەروەردە و پێگەیاندن ناڕازین، لە بەرانبەردا نزیکەی ٨٨٪ لە ئاو و ئاوەڕۆ، ٨٢٪ لە ئاسایش و سەقامگیری، ٦٦٪ لە ڕاییکردنی کاروبار لە فەرمانگە و دامەزراوە حکوومییەکان و دابینکردنی خۆراك و بەروبوومی کشتوکاڵی، ٦٥٪ لە گواستنەوە و گەیاندن، ٦٢٪ لە گەشتوگوزار و شوێنەکانی پشوودان، ٥٤٪ لە پاکوخاوێنی و ڕازاندنەوەی شەقام و شوێنە گشتییەکان ڕازین.

خەڵکی ئیدارەی زاخۆ بە ڕێژەی ٧٩٪ لە سووتەمەنی و وزە، ٦٤٪ لە تەندروستی، ٥٨٪ لە پەروەردە و پێگەیاندن، ٥٦٪ لە کارەبا، ٥٤٪ لە مووچە و شایستەی دارایی ناڕازین، لە بەرانبەردا نزیکەی ٩٢٪ لە ئاسایش و سەقامگیری، ٨٥٪ لە ئاو و ئاوەڕۆ، ٧٩٪ لە پاکوخاوێنی و ڕازاندنەوەی شەقام و شوێنە گشتییەکان، ٦٧٪ لە ڕێگەوبانەکان، ٦٤٪ گواستنەوە و گەیاندن، ٦٣٪ لە دابینکردنی خۆراك و بەروبوومی کشتوکاڵی، ٦٢٪ لە گەشتوگوزار و شوێنەکانی پشوودان و ڕاییکردنی کاروبار لە فەرمانگە و دامەزراوە حکوومییەکان ڕازین.

دانیشتووانی ئیدارەی سۆران بە ڕێژەی ٥٨٪ لە مووچە و شایستەی دارایی، ٥٤٪ لە سووتەمەنی و وزە، ٤٥٪ لە ڕێگەوبانەکان ناڕازین، لە بەرانبەردا بە ڕێژەی ٩٠٪ لە ئاسایش و سەقامگیری، ٧٩٪ لە ئاو و ئاوەڕۆ، ٧٥٪ لە گەشتوگوزار و شوێنەکانی پشوودان و گواستنەوە و گەیاندن، ٧٤٪ لە دابینکردنی خۆراك و بەروبوومی کشتوکاڵی،٧٠٪ لە ڕاییکردنی کاروبارەکان لە فەرمانگە و دامەزراوە حکوومییەکان، ٦٤٪ لە تەندروستی و پاکوخاوێنی و ڕازاندنەوەی شەقام و شوێنە گشتییەکان، ٦٣٪ لە کارەبا و ٥٩٪ لە پەروەردە و پێگەیاندن ڕازین.

## ● هاووڵاتیان لە بەرچی لە خزمەتگوزارییەکان ناڕازین؟

٧٤٪یان لە بەر نەشیاویی کاربەدەستان، ٧١.٥٪ گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی سامانی گشتی، ٥٩٪ ناکۆکی و ململانێی حزبی، ٥٧٪ دەستتێوەردانی کەسانی دەستڕۆیشتوو لە کاروبارەی ئیداری، ٣٦٪ قۆرخکاری، ٣٣٪ قەیرانی دارایی، ٣١٪ بەشبەشێنەی عەشایەری، ٣٠٪ ناوچەگەرێتی، ٢٩٪ کێشەکانی هەرێم و بەغدا، ٢٠٪ ڕێگری و دەستتێوەردانی دەرەکی بە هۆکاری ناڕازیبوونیان لە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان دەزانن.

## ● هۆکاری ناڕازیبوون لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان:

ناکۆکی و ململانێی حزبی: هەولێر بە ڕێژەی ٥٤٪، سلێمانی ٦٨٪، دهۆك ٦٥٪، هەڵەبجە ٦٦٪، زاخۆ ٦٧٪، ڕاپەڕین ٦٣٪، گەرمیان ٥٤٪، سۆران ٤٦٪.

نەشیاویی بەرپرسانی خزمەتگوزار و ئیداری: هەولێر بە ڕێژەی ٧٦٪، سلێمانی ٧٤٪، دهۆك ٧٨٪، هەڵەبجە ٧٠٪، زاخۆ و ڕاپەڕین ٧٥٪، گەرمیان ٥٦٪، سۆران ٧١٪.

قەیرانی دارایی، هەولێر و سلێمانی: ٣٧٪، دهۆك ٣٣٪، هەڵەبجە ٣٢٪، زاخۆ ١٩٪، ڕاپەڕین و سۆران ٢٩٪، گەرمیان ٢٣٪.

گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی سامانی گشتی: هەولێر بە ڕێژەی ٦٩٪، سلێمانی ٧٧٪، دهۆك ٧٦٪، هەڵەبجە ٧٢٪، زاخۆ و سۆران ٦٧٪، ڕاپەڕین ٧٨٪، گەرمیان ٥٩٪.

قۆرخکاری: هەولێر بە ڕێژەی ٣٤٪، سلێمانی ٤٧٪، دهۆك ٣٠٪، هەڵەبجە ٤٠٪، زاخۆ ٣٩٪، ڕاپەڕین ٤١٪، گەرمیان ٢٣٪، سۆران ٣١٪.


کێشەکانی هەولێر و بەغدا: هەولێر بە ڕێژەی ٣٢٪، سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە٢٨٪، زاخۆ و سۆران٢٣٪، ڕاپەڕین و گەرمیان ٣١٪.

دەستتێوەردانی دەرەکی: هەولێر بە ڕێژەی ١٨٪، سلێمانی و ڕاپەڕین ٢٣٪، دهۆك ١٤٪، هەڵەبجە ٢٥٪، زاخۆ ٢١٪، گەرمیان ٨٪، سۆران ٢٤٪.

ناوچەگەرێتی: هەولێر بە ڕێژەی ٢٦٪، سلێمانی ٤٢٪، دهۆك ٢٠٪، هەڵەبجە ٣٢٪، زاخۆ ١٧٪، ڕاپەڕین ٣٠٪، گەرمیان ٢٧٪، سۆران ٣٣٪.

بەشبەشێنەی عەشایەری: هەولێر بە ڕێژەی ٢٨٪، سلێمانی ٢٧٪، دهۆك ٥٠٪، هەڵەبجە ١٥٪، زاخۆ ٣٧٪، ڕاپەڕین ٢٢٪، گەرمیان ٢٣٪، سۆران ٣٠٪.

دەستتێوەردانی دەستڕۆیشتووان لە کاروباری




ئیداری: هەولێر بە ڕێژەی ٥٣٪، سلێمانی و ڕاپەڕین ٦٠٪، دهۆك و زاخۆ ٥٨٪، هەڵەبجە ٦٣٪، گەرمیان ٤٩٪، سۆران ٥٤٪.

● هاووڵاتیانی هەرێم تا چەند گەشبینن بە داهاتووی خزمەتگوزارییەکان؟

بە ڕێژەی ٤٦٪ دڵنیا نین لەوەی ئاخۆ چی بەسەر ڕەوشی خزمەتگوزارییەکاندا دێت، لە کاتێکدا ٢٩٪یان پێیانوایە خزمەتگوزارییەکان لە داهاتوودا باشتر دەبن؛ لە بەرانبەردا ٢٥٪یان لەم بارەیەوە گەشبین نین.

لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، لە هەولێر دڵنیا نین ٤٤٪، باشتر دەبن ٣٤٪، باشتر نابن ٢١٪، لە سلێمانی دڵنیا نین٤٥٪، باشتر دەبن ٢٣٪، باشتر نابن ٣٢٪، لە دهۆك دڵنیا نین٤٣٪، باشتر دەبن ٣٥٪، باشتر نابن ٢٢٪، لە هەڵەبجە دڵنیا نین٤٧٪، باشتر دەبن ٢٧٪، باشتر نابن ٢٨٪، لە زاخۆ دڵنیا نین ٤٦٪، باشتر دەبن ٣٣٪، باشتر نابن ٢١٪، لە ڕاپەڕین دڵنیا نین ٤٩٪، باشتر دەبن ١٥٪، باشتر نابن ٣٦٪، لە گەرمیان دڵنیا نین ٥١٪، باشتر دەبن ٢٦٪، باشتر نابن ٢٣٪، لە سۆران دڵنیا نین ٥٢٪، باشتر دەبن ٢٦٪، باشتر نابن ٢٢٪.

سەبارەت بە پێشنیازی هاووڵاتیان بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان، ڕێژەی ٦٤٪یان لێپێچینەوە و ڕێکاری یاسایی لە بەرانبەر گەندەڵکاراندا بە پێویست دەزانن لەگەڵ دانانی کەسانی تەکنۆکراتی لێزان لە پۆستە ئیدارییەکاندا، ٥٨٪یان لەگەڵ ئەوەدان دەستی حزب لەناو دامەزراوە و فەرمانگە حکوومییەکاندا دوور بخرێتەوە، ٤٦٪یان هاووڵاتیان بە کەمتەرخەم دەزانن لە دەربڕینی دەنگی ناڕەزایی، ٤٠٪یان پێیان باشە بەرپرسانی ئیداری بە هەڵبژاردن دابنرێن، ٣٦٪یان داوای هێڵێکی کارا بۆ سکاڵاکردن دەکەن.

## ئەنجامگیری:

نەبوونی سووتەمەنی و دواکەوتنی مووچە و شایستە داراییەکان و تەندروستی و پێگەیاندن و پەروەردە و کەمیی کارەبا، دیارترینی ئەو خزمەتگوزارییانەن کە ڕێژەیەکی زۆری هاووڵاتیان لێیان بە گلەیین، سەرەڕای ئەم کەموکوڕییانەش، بەڵام پێشیان وایە لە هەرێمدا ئاسایش و ئارامییەکی باش هەیە و حکومەت تا ئەو ڕاددەیەی لە توانایدایە لە بوارەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و پاکوخاوێنی و شوێنەکانی گەشتوگوزار و پشوودان و دابینکردنی بەروبووم و خۆراك و گواستنەوە و گەیاندن و ڕێگەوبان و بەڕێوەبردنی کاروبارە ئیدارییەکان خزمەتی خەڵکی کردووە و بە ڕێژەیەکی باش لێی ڕازین.

# دەبێت پێکەوە بیر لەوە بکەینەوە چۆن لەگەڵ سایکۆلۆژیەتیی ناڕەزایی خەڵک دیالۆگ دروست بکەین

**د.سالار عوسمان**

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:



**بەڕێز د.سالار عوسمان ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و یەکێکە لە ڕۆژنامەنووس و قەڵەمە دیارەکانی هەرێمی کوردستان و، لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسی و میدیادا زۆر بایەخی بە کرانەوە و کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و خواست و داواکارییەکانی خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان داوە، لەسەر پرسە نیشتمانییەکانیش هەموو کات جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەم نیشتمانە نیشتمانی هەموومانە و ئەم حکومەتە حکومەتی هەموومانە، بۆیە دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان و تێکڕای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، کاتێك دێینە سەر باسی نیشتمان و چارەنووس و خۆشگوزەرانیی خەڵکی کوردستان، دەبێت جیاوازییە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینییەکانمان بکەینە سۆنگەی فرەدیدگا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هەمە چەشن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان. لە بازنەی گفتۆگۆی ئەمجارەدا «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان» دوای بەخێرهێنانی بەشداربووانی ئەم بازنەیە و ڕوونکردنەوەی ئامانجی «بازنەی گفتوگۆ»، جارێکی دیکە جەختی لەوە کردەوە کە ئێمە دەبێت جیاوازییەکانمان خاڵی بەهێزمان بێت، هەروەك فرەیی نەتەوەیی و ئایینیی خەڵکی کوردستان بووەتە جێگەی شانازی و شکۆی هەرێمی کوردستان لە جیهاندا و، بەمجۆرەش سەبارەت بە خواستی خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو:**

زۆر خۆشحاڵم ئەمڕۆ لەگەڵ بەڕێزان پارێزگارەکان و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکانی کوردستان گفتوگۆ لەسەر پرسێکی زۆر ژیاری و گرنگ دەکەین، کە ئەویش پرسی «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان»ـە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە بە ناوی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە تایبەتیش بە ناوی لیژنەی بازنەی گفتوگۆ زۆر سوپاستان دەکەین کە ڕێگەی دوورتان بڕی و لەم گفتوگۆیە ئامادە بوون.

بە ڕاستی لەم گفتوگۆیە هەموو بەڕێزان زۆر بە جوانی توانییان وێنە و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بگوازنەوە، ئەمەش زەمینەی ئەوەی دروست کرد، گفتوگۆیەکی دروست بە ئاراستەیەکی ڕاست بێتە ئاراوە. ئەم جۆرە گفتوگۆیە کە یەکێکە لە ئامانجەکانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، لەو ڕوانگەیەوە هاتووەتە ئاراوە کە هەستمان کردووە ئەوەی پێی دەگوترێت گفتوگۆ و ڕۆشنبیری، لێکتێگەیشتن بووە بە بەشێك لە ململانێی نادروستی سیاسی و یەکتری شکاندن، هەر بۆیە ئەم هەوڵەی ئێمە بۆ ئەوە بووە سەکۆیەك دروست بکەین، بۆ ئەوەی جیاوازییەك بکەینە دیدگای فرە ڕەهەند بۆ دیوە جوانەکانی ڕاستی و پێکەوە بیر لە خەمەکانی نیشتمان و خەڵکی خۆمان بکەینەوە، لەم پێناوەشدا باجەکەی چەند قورس و تاڵیش بێت، دەبێت ڕاستییەکان وەك خۆی بخەینە ڕوو، لەبەر ئەوەی کوردستان و هەقیقەتی ژیان و گوزەرانی ژیانی خەڵك لە هەموو شتێکی دیکە گەورەترن.

ئەوەی لەم ڕاپرسییەی بازنەی گفتوگۆ دڵخۆشی کردم، ئارامی و ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستانە کە خەڵك زۆر بە ئەرێنی باسی کردووە، ئەمەش لایەنێکی زۆر ئەرێنییە کە خەڵکی کوردستان بەو جۆرە باس لە ئاسایش و سەقامگیریی کوردستان بکات و، دەبێت میدیا و ڕاگەیاندن زۆر بە بەیاخەوە لەسەر ئەم پرسە کار بکەن و، زیاتر جەخت لەسەر ئەم لایەنە بکەنەوە.

لایەنێکی دیکەی ڕاپرسییەکە کە بەڕێزان بەگشتی و د.عەلی تەتەر و کاك ئومێد خۆشناویش ئاماژەیان پێ کرد، منیش هاوڕام کە ئاکامی ڕاپرسیی خەڵك هەر چۆنێك بێت «ئەرێنی یان نەرێنی» دەبێت بە بایەخ و گرنگییەوە وەربگیرێت، هەتا ئەگەر ئەو ڕاپرسییە ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی واقیعەکەش نەبێت، بۆیە لەو خاڵەوە دەچمە ناو ئەم پرسە کە بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و میدیایی، جۆرێك لە سایکۆلۆژیەتی نارەزایی لای خەڵك دروست بووە و، ئەم سایکۆلۆژیەتەش بووەتە واقیع، بۆیە دەبێت هەموومان پێکەوە بیر لەوە بکەینەوە چۆن دیالۆگ لەگەڵ ئەم سایکۆلۆژیەتی نارەزاییە دروست دەکەین، ئەمەش بەرەنجامی ئەو بەناو ئۆپۆزسیۆنەیە کە بێجگە لە کورسی و دەنگ، نیشتمانی لا مەبەست نییە، هەروەها ئەو میدیایانەی کە بێجگە لە لایك و کۆمێنت، هیچ بەهایەکی دیکەیان لا پیرۆز نییە، ئەم ئاراستەیە زۆر کەسی بەتاڵی پڕ کرد، زۆر کاری لە کوردستاندا بەلاڕێدا برد.

پرسی گرنگ ئەوەیە چۆن کار لەسەر ئەم پرسە هەستیارە بکەین، پێموایە دەبێت کار لەسەر گۆڕینی ئەم سایکۆلۆژیەتەی نارەزایی بکەین کە ئێستا لای خەڵکی کوردستان دروست بووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کاری ئێمە بۆ ئەوە بێت، نارەزاییەکان بگۆڕین بۆ پشتگیریی ڕەهای حکومەت؟ نەخێر، دەبێت بیگۆڕین بۆ سایکۆلۆژیەتێکی ڕاست، کە بێگومان لە سایکۆلۆژیەتی ڕاستدا هەم ڕەخنە و نارەزایی هەیە، هەمیش دەستخۆشی و پشتگیری لە کارە باشەکانی حکومەت هەیە، یەکێك لەو نێوەندانەشی ئەم کارەی پێ دەکرێت، میدیایە کە بەداخەوە تا ئێستا میدیا ئەم ڕۆڵەی نەگێڕاوە.

لەم چوارچێوەیەدا هەست دەکەین حکومەتی خۆشمان خەمساردی هەبووە و، نەیتوانیوە جگە لە هەواڵ و ڕوماڵ پەیوەندییەکی دیکە لەگەڵ میدیا دروست بکات، بۆیە کاتێك سەرنج دەدەین، دەبینین حکومەتی خۆمان (وەزیرەکان، پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان) بێجگە لە لێدوان و دیمانە و ڕوماڵ پەیوەندییەکی دیکەیان لەگەڵ میدیا نییە، ئەمەش واتە تەنیا پەیوەندییان لەگەڵ لایەنە پیشەییەکەی میدیا هەیە، بەڵام لەگەڵ بەشە نیشتمانییەکەی میدیا هیچ پەیوەندییەکیان نییە، بۆیە لێرەوە پێشنیار دەکەم، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەواوی وەزیرەکان و پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان لینکێکی نزیك لەگەڵ میدیاکاران بکەنەوە و دیالۆگێکی ڕاشکاویان لەگەڵ دروست بکەن و، پێیان بڵێن ئەم نیشتمانە بەر لەوەی هی ئێمە بێت، هی ئێوەیە، هەستێك بۆ میدیاکاران دروست بکەن، کە ئەم وڵاتە وڵاتی ئەوانە و ئەم حکومەتە حکومەتی ئەوانیشە.

ئەم هەوڵەی ئێمە بۆ ئەوە بووە سەکۆیەک دروست بکەین، بۆ ئەوەی جیاوازییەک بکەینە دیدگای فرە ڕەهەند بۆ دیوە جوانەکانی ڕاستی و پێکەوە بیر لە خەمەکانی نیشتمان و خەڵکی خۆمان بکەینەوە

باجەکەی چەند قورس و تاڵیش بێت، دەبێت ڕاستییەکان وەک خۆی بخەینە ڕوو، لەبەر ئەوەی کوردستان و هەقیقەتی ژیان و گوزەرانی ژیانی خەڵک لە هەموو شتێکی دیکە گەورەترن

ئەوەی لەم ڕاپرسییەی بازنەی گفتوگۆ دڵخۆشی کردم، ئارامی و ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستانە کە خەڵک زۆر بە ئەرێنی باسی کردووە

بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و میدیایی، جۆرێک لە سایکۆلۆژیەتی نارەزایی لای خەڵک دروست بووە و، ئەم سایکۆلۆژیەتەش بووەتە واقیع





## ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە :

# هەڵەبجە لە بەر قورسایی سیاسی و نەتەوەیی کراوەتە پارێزگا، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە لەبەرچاو نەگیراوە

**بەڕێز ئازاد تۆفیق جیا لەوەی ئێستا پارێزگاری هەڵەبجەیە، یەکێکە لە تێکۆشەرە دێرینەکان و ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندنکارێکی دیاری کوردستانە و، هەموو کات لەسەر پرسە نیشتمانییەکان و داکۆکیکردن لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی جوامێرانەی هەبووە، لەو کاتەوەش کە ئەرکی پارێزگاری هەڵەبجەی پێ سپێردراوە، هەموو کات هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە بوون کە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بایەخ بە پێداویستییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بدات و هەموو کات ئەوەی بیر خستوونەتەوە کە هەڵەبجەی شەهید بۆیە بووەتە پارێزگا، لەبەر ئەوەیە کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کیماباران کراوە، بۆیە دەبێت لە ئاوەدانکردنەوەشدا بایەخی زیاتری پێ بدرێت. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان» بەم ڕاشکاوییە پێداویستی و ئاستی نزمیی خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای هەڵەبجەی خستە ڕوو.**

سەرەتا دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەکەم بۆ سازکردنی ئەم گفتوگۆیە، پێشەکی دەمەوێت وەسفێکی جوگرافیی هەڵەبجەتان بۆ بکەم، بۆ ئەوەی بزانین ئایا لە ناو جوگرافیای پارێزگای هەڵەبجەدا ئیمکانییەت هەیە بۆ ئەوەی حکومەت وەبەرهێنانی تێدا بکات و پارێزگاکە ئاوەدان بکاتەوە و زیاتر پەرەی پێ بدات، یان پارێزگاکە هەر خۆی هەژارە و بواری پەرەپێدان و وەبەرهێنانی تیدا نییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەم زانیارییانە بۆ ئێوە دەخەمە ڕوو:

پارێزگای هەڵەبجە پێکهاتووە لە یەك قەزاو چوار ناحیە و ژمارەی دانیشتووانی ١٣٠ هەزار کەسە و، ڕاشکاوانە دەیڵێم هەڵەبجە لەبەر ئەو قورساییەی لە ناو کایەی سیاسی و نەتەوەییدا هەیەتی، بووەتە پارێزگا و حاڵەتێکی تایبەتە، بەڵام ئەم حاڵەتە تایبەتەی هەڵەبجە لە هیچ کام لە کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر چاو نەگیراوە، ڕاستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە لەبەر تایبەتمەندییەکەی

بیکاتە پارێزگا، بەڵام بەداخەوە هیچ پلانێکی نەبووە بۆ ئەوەی هەڵەبجە ئاوەدان بکاتەوە، یان وەبەرهێنانی پێویستی تێدا بکات. ئەمە لە کاتێکدا چەندین سێکتەری گرنگ لە هەڵەبجە هەن کە حکومەت دەتوانێت لە ڕێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە پلانی بۆ دابنێت و پرۆژەی گەورەی تێدا جێبەجێ بکات و وەبەرهێنانی گەورەی تێدا بکات، بۆ نموونە:

١- پارێزگای هەڵەبجە خاوەنی دەشتی شارەزوورە کە چوارەمین فراوانترین دەشتە لەسەر ئاستی جیهان کە ڕووبەرەکەی ١١٠ هەزار دۆنم زەوی هەیە و ٤٨ هەزاری بەراوە و ٦٢ هەزاری دێمە و، ئەگەر پلان هەبێت دەتوانرێت وەبەرهێنانی گەورە لەم دەشتەدا بکرێت، لەوانە:

- ئەم دەشتە باشترین خاکە بۆ چاندنی تووتن و لۆکە، کە دەتوانرێت چەندین کارگەی پۆشاک دروستکردن و کارگەی جگەرەی تێدا دروست بکرێت.

- ئەم دەشتە باشترین خاکە بۆ چاندنی گەنم و جۆ کە سەرچاوەی خۆراکی سەرەکییە لەجیهاندا. کە ساڵانە ٣٠٠ تەن گەنم و جۆ بەرهەم دەهێنرێت.

٢- لە هەڵەبجە باخی گەورەی هەنارمان هەیە کە ساڵانە ٣٥ هەزار تەن هەنار بەرهەم دەهێنێت، بۆ ئەمەش دەتوانرێت چەندین کۆگای ساردکەرەوە دروست بکرێت، بۆ ئەوەی لە وەرزی بەرهەمهێناندا، بەرهەمەکەی بە هەرزان ساخ نەکرێتەوە، هەروەها دەکرێت چەندین کارگەی دروستکردنی «ڕوبە هەنار و سرکەی هەنار»ی تێدا دابمەزرێت.

٣- لە هەڵەبجە ٩٢ هەزار دار گوێز هەیە کە ساڵانە ٢٧٠ تەن گوێز بەرهەم دەهێنرێت. کە دەتوانرێت گوێزی هەورامان بکرێتە براندێکی نیشتمانی.

٤- لە هەڵەبجە ٣٩٤ دۆنم زەویی زەیتوونمان هەیە کە ساڵانە ٣٣٠ تەن زەیتوون بەرهەم دەهێنێت. کە دەکرێت کارگەی زەیتی زەیتوونی بۆ دابمەزرێت.

٥- لە هەڵەبجە و شاخی هەورامان هەموو جۆرە میوەیەکی وەك قەیسی و هەڵوژە هەیە کە دەکرێت چەندین کارگەی قوتووبەندیی میوەی تێدا دابمەزرێت.

٦- لە بواری گەشتیاری، لەناو جوگرافیای هەڵەبجەدا چەندین سێکتەری جیاوازی گەشتیاری هەن کە لای لێ نەکراوەتەوە لەوانە:

- گەشتیاری ئایینی:

گەشتیاران دێن سەردانی هاوار و هاواری کۆن دەکەن، دێن سەردانی خانەقای تەوێڵە و بیارە دەکەن.

- گەشتیاری مێژوویی:

گەشتیار دێن سەردانی «بەکراوە، قەڵای سازان، ڕێشیین» دەکەن.

- گەشتیاری تەندروستی:

گەشتیاران سەردانی «گەراوی خورماڵ» دەکەن کە ئەو گەراوە ماددەی کبریتی تێدایە بۆ چارەسەری حەساسیەتی پێست.

- گەشتیاری کات بەسەربردن و ئاسایی:

لە هەڵەبجە چەندین هاوینەهەواری جوان هەن وەك «سەرچاوەی زەڵم، ئەحمەدئاوا، ئاوێسەر و چەندین هاوینە هەواری دیکە.

هەموو ئەم سێکتەرانەی گەشتیاری ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە پلانی بۆ دابنێت و ڕێگاوبانی ڕێکوپێکی بۆ دروست بکات و وەبەرهێنانی تێدا بکات، دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ داهاتی هەڵەبجە و سەرچاوەی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هاووڵاتیانی هەڵەبجە.

- لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە هەڵەبجە لە کاتی ڕاگەیاندنی بە پارێزگار بوونی کە ساڵی ٢٠١٤ بوو، شانس یاوەری نەبوو، لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ لەو ساڵەدا کێشە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا دروست بوو «بودجە و مووچە»ی خەڵکی کوردستان لەلایەن بەغداوە بڕدرا، سەربای ئەمەش تووشی شەڕی تیرۆریستانی داعش بووین، کە هەموو ئیمکانیەتێکی ڕاگرت، بەڵام گوێ لە هەر سیاسەتمەدار و کاربەدەستێکی حکومەت دەگریت، دەڵێن ئێمە قەرزای هەڵەبجەین، بەڵام بە هیچ شێوەیەك تایبەتمەندیی هەڵەبجە لەبەرچاو نەگیراوە، هەر بۆ نموونە بۆ ساڵیادی کیمابارانی ئەمساڵ ١٦ی ئاداری ٢٠٢٣، تەنیا ٢٥ ملیۆن دینار بۆ ئەم یادکردنەوە گەورەیە تەرخان کراوە، کە

**ئەگەر پلان هەبێت دەتوانرێت وەبەرهێنانی گەورە لەم دەشتەدا بکرێت**

**گوێ لە هەر سیاسەتمەدار و کاربەدەستێکی حکومەت دەگریت، دەڵێن ئێمە قەرزای هەڵەبجەین، بەڵام بە هیچ شێوەیەک تایبەتمەندیی هەڵەبجە لەبەرچاو نەگیراوە**

**پردی «تۆقووت و سازان» لە ٢١ی ١١ی ٢٠٢١ ئیحالە کراوە بۆ جێبەجێکردن، ئەم پرۆژەیە دراوە بە دوو کەس کە بەدواداچوونمان بۆ کردووە، نەک کۆمپانیایان نییە و بەڵێندەر نین، یەک خاکەنازیشیان نییە**



دەکاتە کەمتر لە ١٦ هەزار دۆلار، ئەوە دوو مانگ زیاتری بەسەردا تێدەپەڕێت، تا ئێستا یەك دیناری نەگەیشتووەتە هەڵەبجە، کە هەموو پێداویستیی ئەو یادکرنەوەیەمان بە قەرز کڕیوە، تەنانەت ئەو ٢٠٠ داری ماسیحەیەشمان بە قەرز کڕیوە کە ئاڵای کوردستان و ئاڵای ڕەشمان بۆ ئەو یادە هەڵواسیوە. زۆر ڕاشکاوانە قسە دەکەم، ئێستا هەموو هیوای خەڵکی هەڵەبجە لەسەر پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی حکومەتی عێراقە، بۆ ئەوەی ئەگەر فریا بکەوین و بە پەلەپەل بە پاشکۆیەك بڕێك پارە بۆ پارێزگای هەڵەبجە تەرخان بکرێت، کە ئەمەش لە ڕووی سایکۆلۆژیی خەڵکەکەیەوە کارێکی خراپە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە خەڵك هەر چاوی لە بەغدا بێت. لە یەکێك لە لێدوانەکانمدا گوتبووم: «هەموو پارێزگای هەڵەبجە ٣ ملیۆن دینار پارەی تێدا نییە»، لەسەر ئەم قسەیە لە بازاڕ خەڵك لە بەڕێوەبەری ژمێریارییەکەمی پرسیبوو بە ڕاستی ٣ ملیۆن دینارتان نییە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی: «بە خوا مامۆستا زۆری گوتووە، لە ناو پارێزگای هەڵەبجە ٣٠٠ دولاریش بوونی نییە»، ئەوجا سەرباری هەموو ئەمانەش لەسەر پرسی گەڕانەوە بۆ بەغدا پار من قسەیەکم کرد و گوتم «من نانی تاڵ دەخۆم، بەس ناچمەوە بۆ بەغدا»، لەسەر ئەم قسەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەزار قسەی ناشیرینیان پێ گوتم و نووسیبوویان: «خۆی تێرە»، ئەی خوا شاهیدە لە سویدەوە تا سۆماڵ ئازاد توفیق تەنیا پارێزگارە کە خانووی خۆی نییە و کرێچییە، کرێچیشم لە نهۆمی یەکەمی باڵاخانەی Aی لە «دانیا سیتی».

- لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ئەوەیە کە ڕۆتینیاتێکی زۆر بەرانبەر هەڵەبجە هەیە، ڕێگرییەکی زۆر بۆ هاتنی سەرمایەدار و وەبەرهێنان هەیە کە بێن لە هەڵەبجە سەرمایەکانیان بخەنەگەڕ، یان وەبەرهێنان بکەن، هەر بۆ نموونە سەرمایەدارێك یان وەبەرهێنێك دەیەوێت پڕۆژەیەك لە هەڵەبجە جێ بەجێ بکات و پێویستی بەوەیە ٥ دۆنم زەوی بۆ تەرخان بکەم، بۆ تەرخانکردنی ئەم زەوییە ڕۆتیناتەکەی ٤ ساڵی پێ دەچێت و سەرمایەدارەکەش ناتوانێت ئەو سەرمایەی هەیەتی لە هەڵەبجە پڕۆژەی پێ جێبەجێ بکات. ئەگەر بڕیار بێت پڕۆژەیەکیش لە هەڵەبجە دروست بکرێت، دیسان ئەمیشیان لە ڕێگەی ڕۆتین و ئەوەی پێی دەڵێن تەندەر و کەمکردنەوە، پڕۆژەکە دەدەن بە کەسێك کە ئەسڵەن نە بەڵێندەرە، نە پێشتر هیچ پڕۆژەیەکی دروست کردووە، هەر بۆ نموونە تەندەری پردی «تۆقووت و سازان» لە ٢١ی ١١ی ٢٠٢١ ئیحالە کراوە بۆ جێبەجێکردن، ئەم پڕۆژەیە دراوە بە دوو کەس کە بەدواداچوونمان بۆ کردووە، نەك کۆمپانیایان نییە و بەڵێندەر نین، یەك خاکەنازیشیان نییە، دەبوو ئەم پردە لە مانگی ٦ی ٢٠٢٣ تەواو بکرێت، بەڵام هەتا ئێستا پاچێکی لێ نەدراوە، باشە ئەم پڕۆژەیە کە بایی ٢٧ ملیار دینارە، بۆ نایدەن بە بەڵێندەرێکی وەك ئاسۆی حاجی محەمەد کە تا ئێستا ٤ قوتابخانەی لەسەر حیسابی خۆی بۆ هەڵەبجە دروست کردووە و تەسلیمی حکومەتی کردووە و دینارێکیشی وەرنەگرتووە؟ پرسیار لێرەدا ئەوەیە پەکخستنی ئەم پڕۆژەیە و تەواونەکردنی ئەو پرد و ڕێگەیە زیانێکی گەورەی لە هەڵەبجە داوە و ئەگەر ئەم پردە تەواو ببوایە ڕێگەی نێوان هەڵەبجە و دەربەندیخان کەم دەبووەوە بۆ (٢٠-٢٥) خولەك.

- لە هەڵەبجە ئێمە مۆنۆمێنتێکمان هەیە خەڵك سەردانی دەکات، داوامان کردووە کە خەڵك دێن سەردانی دەکەن، پسووڵەیەکی «٢٥٠دینار»ی ببڕن، بۆ ئەوەی تەنیا بتوانین ئاوی ئەو ٥ دۆنمە باخچەیەی پێ بدەین، کە هی مۆنۆمێنتەکەیە، ڕێگەی ئەمەمان پێ نادەن، بەڵام خۆشیان هیچ پارەیەکمان بۆ سەرف ناکەن ئاوی باخچەکەی پێ بدەین.

- لە دوماهیدا تیشك دەخەمە سەر پێداویستییە پێویستەکانی هەڵەبجە کە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە جێبەجێیان بکات و لە دەسەڵاتی پارێزگار گەورەترە و دەبێت ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە پلانی بۆ دابنێت، لەوانە:

١- ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە هەڵەبجە سایلۆ دروست بکات.

٢- ئەرکی حکومەت ئەوەیە پڕۆژەی ئاو و

**ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە هەڵەبجە سایلۆ دروست بکات**

**ئەرکی حکومەتە ڕێگاوبانی باش بۆ هاوینە هەوارەکان دروست بکات، بۆ ئەوەی وەبەرهێنان بێن و وەبەرهێنانی تێدا بکەن**



**پارێزگای هەڵەبجە خاوەنی دەشتی شارەزوورە کە چوارەمین فراوانترین دەشتە لەسەر ئاستی جیهان کە ڕووبەرەکەی ١١٠ هەزار دۆنم زەوی هەیە**

**لە هەڵەبجە ٩٢ هەزار دار گوێز هەیە کە ساڵانە ٢٧٠ تەن گوێز بەرهەم دەهێنرێت. کە دەتوانرێت گوێزی هەورامان بکرێتە براندێکی نیشتمانی**

**لە هەڵەبجە ٣٩٤ دۆنم زەویی زەیتوونمان هەیە کە ساڵانە ٣٣٠ تەن زەیتوون بەرهەم دەهێنێت. کە دەکرێت کارگەی زەیتی زەیتوونی بۆ دابمەزرێت**

کۆگای سووتەمەنی دروست بکات.

٣- ئەرکی حکومەتە تێرمیناڵێکی مودێرن لە هەڵەبجە دروست بکات.

٤- کوشتارگەیەکی هاوچەرخ لە هەڵەبجە دروست بکات.

٥- عەلوەیەکی فراوان و ڕێکوپێك بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی هەڵەبجە دروست بکات.

٦- ئەرکی حکومەتە ڕێگاوبانی باش بۆ هاوینە هەوارەکان دروست بکات، بۆ ئەوەی وەبەرهێنان بێن و وەبەرهێنانی تێدا بکەن.

دوا قسەم ئەوەیە، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی و قورسایی سیاسی و نەتەوەیی هەڵەبجە لەبەر چاوبگرێت، هەموو کات ئەوەی لەبەر چاو بێت، کە هەڵەبجە وەك لەبەر حاڵەتیکی تایبەت «کیمابارانکراوە» بووەتە پارێزگا و دەبێت ئەم تایبەتمەندییە لە ئاوەدانکردنەوەشیدا ڕەچاو بکرێت.





## ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر:

# ئەگەر بودجەی عێراق پەسەند بکرێت، پشکی هەولێر بۆ پەرەپێدان ٢٨٤ ملیار دینار دەبێت

بەڕێز ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر یەکێکە لە ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارە دیارەکانی کوردستان و، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دیپلۆمە لە ڕاگەیاندن و هەروەها بڕوانامەی ماستەری لە یاسای گشتی هەیە و، ماوەی چەند ساڵێك سکرتێری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە و، ئەندامی خولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بووە و تا ئێستا پێنج کتێبی چاپکراوی لە بواری ڕاگەیاندن و ئازادیی ڕادەربڕین و هزری نەتەوەیی لاوانی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە، ئەمە بێجگە لە دەیان وتار و ڕاپۆرتی میدیایی و ستوونی ڕۆژنامەنووسی لە کایەی سیاسەتدا نووسیوە، لە گفتۆگۆی ئەم جارەی «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری» بەم جۆرە باسی لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای هەولێر کرد.

زۆر سوپاس بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، بە ڕاستی ورووژاندنی پرسی خەڵك و ئاستی خزمەتگوزارییەکان بابەتێکی زۆر گرنگە و هێڵی یەکەمی بەرکەوتنی خەڵك و حکومەتە، بەتایبەتی کە هێڵی پێشەوەی ئەو بەرکەوتنە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەشی زۆری پرۆژە ستراتیژییەکان لەلایەن وەزارەتەکانەوە جێبەجێ دەکرێن، بەڵام ئەو پرۆژانەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە چوارچێوەی پرۆژەی پەرەپێدان جێبەجێی دەکەن، ئەمەیان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە.

ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر لەگەڵ ئەوەی زۆر لە مێژە سەرژمێری نەکراوە، بەڵام بەپێی ئەو داتا و ئامارانەی پسوولەی خۆراك و نەخۆشخانەی لەدایکبوون، ئێستا ژمارەی دانیشتووانی هەولێر مەزندە دەکرێت بە ٢,٠٠٧,١٧٦ دوو ملیۆن و حەوت هەزار و سەد و حەفتاو شەش کەس کە ٥٢٪ی لە ناو سەنتەری شاری هەولێر دەژین و ٤٨٪ی لە قەزاو ناحیە و گوندەکانی دەوروبەری هەولێر

دەژیـن، هەروەهـا ٣٧٤ هـەزار ئـاوارەش لـە نـاو هەولێر دەژیـن کە لـە نـاو ١٠ کەمـپ نیشـتەجێ کـراون و بەشـێکی دیکـەش بەسـەر کۆمەڵگـەی خانەخـوێ دابـەش کـراون.

سـەرەتا سـەبارەت بـەو ڕاپرسـییەی ئەنجامتـان داوە، ئاکامەکـەی هـەر چۆنێك بێت، ڕای خەڵکە و گرنگـە و دەبێـت جێگـەی بایەخـی هەمـوو لایەکمـان بێـت، بـەڵام دەبێـت ئـەوەش لەبـەر چـاو بگریـن، کـە هەندێك شـتی نەریتـی لـە وەڵامـەکان دەبینـم و وەك ئەوەیـە خەڵـك قاڵبی وەرگرتـووە هـەر کـە چـووە بەردەمـی مایـك دەبێـت ڕەخنـە بگرێـت و بڵێـت هیـچ نەکـراوە، بۆیـە لـەم ڕوانگەیـەوە دڵنیـام خەڵـك ناڕازیتریشـە و ڕێژەکـە بەرزتریشـە.

هـەر بـۆ نموونـە: ئـەو ڕاپرسیە هەفتەیـەك پێش ئێسـتا کراوە، باشـە ماقووڵـە مووچـە بابەتێـك بێـت لـە یادەوەریـی خەڵکـدا و ئێسـتا بـەو جـۆرە سـەیر بـکات کـە ئـەو ساڵانەیە کـە پاشـەکەوت هەبـوو، لـە سـاڵی ٢٠٢٢ وەوە تـا ئێسـتا ڕاسـتە لەوانەیـە کەمێـك دواکەوتـن هەبێـت، بـەڵام مووچـە بـە تەواوەتـی دراوە هـەر لـە زاخـۆ هەتـا کفـری و کـەلار.

خەڵـك بـە دڵنیایـی لـەوە ڕاهاتـووە کـە بڵێـت هیـچ نەکـراوە، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە بەراوردی ئێسـتا بـە سـاڵانی ٢٠١٠ دەکات، لـە سـاڵی ٢٠١٠ تەنیـا بـۆ ناحیەیەکـی بچووکـی وەك کەسنەزان کـە لـە دەوروبـەری هەولێـرە ٦٤ ملیـار دینـار پـڕۆژە جێبەجـێ کـراوە، هەمـان سـاڵ ٨٤ ملیـار دینـار پـڕۆژە بـۆ گەڕەکێکـی بچووکـی هەولێـر کـە ٣٢ی پارکـە جێبەجـێ کـراوە، بـەڵام لـە سـاڵی ٢٠٢١ کـە دووبـارە جێبەجێکردنـی پـڕۆژەکان دەسـتی پـێ کـردەوە، هەمـوو بودجـەی پارێـزگای هەولێـر (کـە ئـەوکات ئیـدارەی سـەربەخۆی سـۆرانیش نەبـوو) هـەر لـە حاجـی ئۆمەرانـەوە هەتـا خەبـات و مەخمـوور تەنیـا ٢٨ ملیـار دینـار بـووە و، لـە جێبەجێکردنیـش تەنیـا توانیومانـە ١٧ ملیـار دینـار پـڕۆژە جێبەجـێ بکەیـن، لەبـەر ئـەوەی لـە بانـك پـارە نەبـووە ڕایبکێشـین، بۆیـە پـڕۆژەکان دوا خـراون بـۆ سـاڵی داهاتـوو. بۆیـە خەڵـك کێشـەکانی هەرێـم و بەغـدا بـە کێشـە نازانێـت، ئـەوەی لـە بیـر نییـە، ئەگـەر بەغـدا شایسـتەکانی پەرەپێدانـی هەرێمـی کوردسـتان بنێرێـت، ئاسـتی پـڕۆژەکان وەك سـاڵانی ٢٠١٠ی لـێ دێتـەوە، لێـرەدا نموونەیـەك بـاس دەکـەم پـار پارێـزگای مووسـڵ بودجـەی ٢ ترلیـۆن دینـاری لەبـەر دەسـت بـووە، بـەڵام پارێـزگای هەولێـر کـە هاوسـنوورە لەگەڵـی تەنیـا ٨٧ ملیـار دینـاری لەبـەر دەسـت بـووە، خەڵـك نایـەن بـەراوردی ئـەوە بکـەن، ئێمـە بـە ٨٧ ملیـار دینـار چەنـد پڕۆژەمـان جێبەجـێ کـردووە و پارێـزگای موسـڵ بـە ٢ ترلیـۆن دینـار چەنـدی جێبەجـێ کـردووە.

لای خەڵـك پـڕۆژەی سـتراتیژی جێگـەی بایـەخ نییـە، هـەر بـۆ نموونـە ئێسـتا پڕۆژەیەکـی سـتراتیژیمان هەیـە لـە کـۆڕێ کـە دروسـتکردنی دوو پـردە بـە گوژمـەی ٤٠ ملیـار دینـار و گـۆڕانـکاری تێـدا کـراوە و بـەرز دەبێتـەوە بـۆ ٦٠ ملیـار دینـار، بـەڵام مـن ئەگـەر ٦٠ ملیـار دینـار لـە پڕۆژەکانـی پەرەپێـدان لەسـەر بنەمـای ڕێـژەی دانیشـتووانی قـەزا و ناحیـەکان خـەرج بکـەم، ئەوەنـدە پـڕۆژەی پـێ جێبەجـێ دەکرێـت کـە هاووڵاتـی پێویسـتی پێیەتـی و هەسـت دەکات کـە خزمەتگـوزاری پێشـکەش کـراوە.

سـەبارەت بـە پرسـی سـووتەمەنی، ئەوەیـان هەمـوو گلەییمـان لێـی هەیـە، یەکـەم کوالێتەکـەی بـاش نییـە، دووەمیـش حکومـەت لەگـەڵ ئـەوەی پشـتگیرییەکی دەکات بـۆ ئـەوەی نرخەکـەی زۆر بـەرز نەبێـت، بـەڵام حکومەتـی خۆمـان ناتوانێـت بـە ئاسـتی حکومەتـی عێـراق پشـتگیری بـکات، بـۆ ئـەوەی نرخەکـەی کەمتـر بێـت.

- سـەبارەت بـە پڕۆژەکانـی ٢٠٢٢ ئێمـە ئەمسـاڵ ٨٤ ملیـار و ٦٤٤ ملیـۆن دینارمـان لەبەردەسـت بـووە، بـەم بودجەیـە ١٣٢ پـڕۆژەی پەرەپێـدان ئەنجـام دراون، هەروەهـا ئـەو پڕۆژانـەش تەواوکـراون کـە لەسـاڵی ٢٠٢١ بـە هـۆی نەبوونـی پـارەوە دواخرابـوون بـۆ سـاڵی ٢٠٢٢.

- تایبەتمەندیەکـی دیکـە هەولێـر ئەوەیـە لـە هاویـن مەترسـیی «کـەم ئـاوی» و لـە زسـتان مەترسـیی «لافـاو» هەیـە، ئەمسـاڵ تـا ڕاددەیـەك کۆنتـڕۆڵـی مەترسـیی لافاومـان کـرد، بـەڵام هەتـا ئێسـتا ئـەو بـڕە بارانـەی باریـوە تەنیـا ٢٥٠ ملـم و کـە لـە بـاری ئاسـاییدا دەبێـت لـە سـەرووی ٤٠٠ ملـم بـاران ببارێـت، هـەر بۆیـە لەگـەڵ بەرزبوونـەوەی پلـەی گەرمـا مەترسـیی کـەم ئـاوی دەبێتـە کێشـەیەکی گـەورە بـۆ هەولێـر.

**ئەم هاوینەش ڕووبەڕووی مەترسیی کەم ئاوی دەبینەوە**

**خەڵک کێشەکانی هەرێم و بەغدا بە کێشە نازانێت، ئەوەی لە بیر نییە، ئەگەر بەغدا شایستەکانی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان بنێرێت، ئاستی پڕۆژەکان وەک ساڵانی ٢٠١٠ی لێ دێتەوە**

**لە دەشتی هەولێر و قوشتەپە بە قووڵیی ٧٠٠ مەتر بیری ئاوی خواردنەوە لێ دراوە، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئاوی ژێر زەوی**



**ئەمساڵ بۆ ڕێگرتن لە مەترسیی لافا و بە بڕی ٣٤ ملیار دینار ١٨ پڕۆژەمان جێبەجێ کردووە، کە هەندێکیان تەواو بوون و ئەوانی دیکەش کاریان تێدا دەکرێت**

**بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکە ساڵی و کەم ئاوی چەندین پڕۆژەی ستراتیژی ئێستا کاریان تێدا دەکرێت، یەکێک لەوانە پڕۆژەی دروستکردنی بەنداوی گۆمەسپانە**

بەپێی هەڵسەنگاندێکی زانستییانەی پسپۆڕانی جیولۆجی، لە ناوەڕاستی مانگی حەوت ئاوی هەولێر ڕووبەڕووی دابەزینێکی زۆر دەبێتەوە، بە ڕاستی ئەمەش کارەساتە، ئێستا قووڵیی بیرەکان گەیشتووەتە قۆناغی ستراتیژی، لە دەشتی هەولێر و قوشتەپە بە قووڵیی ٧٠٠ مەتر بیری ئاوی خواردنەوە لێ دراوە، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئاوی ژێر زەوی.

کێشەکە لێرەدا ئەوەیە ئەم مەترسییە دەبێت پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان بکەیت، هەتا بە سەریدا زاڵ دەبیت، هەر بۆ نموونە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەم ئاوی پار بڕی ١٢ ملیار تەرخان کرابوو، ئەم بڕە پارەیەش تەنیا بۆ لێدانی بیری ئاوخواردنەوە و نۆژەنکردنەوەی بیرە کۆنەکان و کێشە تەکنیکییەکانمان پێ چارەسەر کردوون.

- ئەمساڵ بۆ ڕێگرتن لە مەترسیی لافاو بە بڕی ٣٤ ملیار دینار ١٨ پڕۆژەمان جێبەجێ کردووە، کە هەندێکیان تەواو بوون و ئەوانی دیکەش کاریان تێدا دەکرێت، ئەم پڕۆژانە تا ڕاددەیەکی زۆر باش مەترسیی لافاویان کەم کردووەتەوە، بەڵام مەترسیی کەم ئاویی هاوین لە هەولێر هێشتا هەر بەردەوامە.

- بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکە ساڵی و کەم ئاوی چەندین پڕۆژەی ستراتیژی ئێستا کاریان تێدا دەکرێت، یەکێك لەوانە پڕۆژەی دروستکردنی بەنداوی گۆمەسپانە، ئەم بەنداوە کاری باشی تێدا کراوە و مەزندە دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا کارەکانی کۆتایی بێت، هەروەها ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق وەرگیراوە بۆ دروستکردنی بەنداوی «مەنداوە» لای ئێمەوە دیزاین و دەرخستەی بۆ ئامادە کراوە، بەڵام لەلایەن حکومەتی عێراقەوە داوا دەکرێت دیزاینەکەی دەستکاری بکرێت، ئەمەش بەو حیسابەی فراوانتر بکرێت، ئەگەر لەسەر ئەمە نەگەینە ڕێککەوتن، ئەوا گۆڕینی دیزانەکە دەبێتە هۆی دواکەوتنی پڕۆژەکە لانیکەم بۆ ماوەی ساڵێك، بەڵام ئێستا لە دانوستانداین و لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی «یادگەی نیشتمانی بارزان»یش کە سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆك وەزیرانی عێراق ئامادەی بوون، ئەو



دەرفەتەشمان قۆستەوە لەگەڵیان باسمان کرد، بە هیواین لەسەر دیزانەکەی ئێمە ڕەزامەندی بدەن و دەست بە پڕۆژەی دروستکردنی ئەو بەنداوە بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەم بەنداوە دروست بکرێت، دەبێتە پارێزەرێکی باش بۆ ئاوی ژێر زەوی لە شاری هەولێر، گرنگی و تایبەتمەندیی بەنداوی مەنداوە ئەوەیە سەرچاوەی ئاوی ئەم بەنداوە خاکی خۆمانە و وەك بەنداوەکانی دیکە نییە کە سەرچاوەکەی تورکیا و ئێران بێت.

لە دووماهیدا دەمەوێت ڕاشکاوانە لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆمان قسە بکەین و بارودۆخی دارایی و ئیمکانیەتی بەردەستمان چۆنە بەو شێوەیە بیخەینە ڕوو، ئەوەی پەیوەندیدارە بە خزمەتگوزارییەکان، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەسەر ئەم پرسە بەڕێوە چوو، بە ڕاستی لەم کۆبوونەوەیە گەشبینییەکی ئەوتۆمان نەبینی کە بتوانین بە داهاتی خۆمان وەك حکومەتی هەرێمی



کوردستان لەسەر ئاستی پرۆژەکانی پەرەپێدان پرۆژەی زۆر جێبەجێ بکەین، بەڵام لەلایەکی دیکەوە زۆر گەشبینین بەو ڕێککەوتنەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق، بەوەی دوای پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجە، پشکی پارێزگاکانی هەرێمیش لە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان و بەپێی ژمارەی دانیشتووان بنێرن، ئەوا پشکی پارێزگای هەولێر زیاتر لە ٢٨٠ ملیار دینار دەبێت، بەم برە پارەیە دەتوانرێت وەڵامی بەشێکی زۆری خواست و گلەیی و گازندەکان خەڵکی کوردستان بدەینەوە.

جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەمەوە ئێمە هەموو کات لە خزمەتی خەڵکی خۆماندایین و ئەوەی بە ئێمە بکرێت، دریغی ناکەین، لە هەمان کاتدا داوا لە خەڵکی خۆمان دەکەین، کە بارودۆخ و ئیمکانیەتی بەردەستی ئێمەش لەبەر چاوبگرن و بزانن بەو ئیمکانیەتە کەمەی لەبەردەستە چۆن خزمەتی ئەوانی پێ دەکەین.

**پار پارێزگای مووسڵ بودجەی ٢ ترلیۆن دیناری لەبەر دەست بووە، بەڵام پارێزگای هەولێر کە هاوسنوورە لەگەڵی تەنیا ٨٧ ملیار دیناری لەبەر دەست بووە**

**پڕۆژەیەکی ستراتیژیمان هەیە لە کۆڕێ کە دروستکردنی دوو پردە بە گوژمەی ٤٠ ملیار دینار و گۆڕانکاری تێدا کراوە و بەرز دەبێتەوە بۆ ٦٠ ملیار دینار**

**ئێمە ئەمساڵ ٨٤ ملیار و ٦٤٤ ملیۆن دینارمان لەبەردەست بووە، بەم بودجەیە ١٣٢ پڕۆژەی پەرەپێدان ئەنجام دراون، هەروەها ئەو پڕۆژانەش تەواوکراون کە لە ساڵی ٢٠٢١ بە هۆی نەبوونی پارەوە دواخرابوون**



## د.هەڤاڵ ئەبووبەکر پارێزگاری سلێمانی:

# لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٣ کۆمەڵێک پڕۆژە ئەنجام دراون و تەواو نەکراون، ئێستا ماڵن بەسەر پارێزگا و حکومەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا بودجەکەیان نەماوە

**بەڕێز د. هەڤاڵ ئەبووبەکر کە ئێستا پارێزگای سلێمانییە، یەکێکە لە قەڵەمە دیار و بوێرەکانی کوردستان و مامۆستای زانکۆی سلێمانی بووە و، لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا و بە دەنگی هاووڵاتییانی لە بازنەیەکی فراواندا کە «پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ڕاپەڕین»ی دەگرتەوە، بە دەنگی هاووڵاتیان بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی لەسەر لیستی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵبژێردراوە و ماوەی دوو کابینەشە (هەشت و نۆ) پارێزگاری سلێمانییە، لە گفتوگۆی «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری» بەشێکی زۆری ئەو هۆکارانەی خستەڕوو کە بوونەتە ئاستەنگ لە بەردەمی پارێزگارەکاندا بەوەی نەتوانن کارەکانیان وەك پێویست ڕاپەڕێنن.**

سەرەتا دەستخۆشیتان لێ دەکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم گفتوگۆیە، لەبەر ئەوەی بەردەوام داواکاریی ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوە بووە، بەوەی گرنگە پارێزگارەکان لەناو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا بەشدار بن، ئەمەش نەك بەو مانایەی کە مافی دەنگدانمان هەبێت و بمانەوێت ببین بە وەزیر، بەڵکو لەبەر ئەوەی کێشە سەرەکییەکانی خەڵك و داواکارییەکانیان ڕاستەوخۆ بگەیننە ناوەندی بڕیاردان، چونکە پارێزگاکان پەیوندیی ڕاستەوخۆ و بەردەوام و تەواوکارییانەیان لەگەڵ ئیدارە سەربەخۆکان و قەزا و ناحیە و گوند و خەڵك و ڕێکخراوەکان و میدیاکاندا هەیە، ئەو دامەزراوە کارگێڕییانەن کە نوێنەرایەتیی حکومەت و دەوڵەتداری دەکەن، لە هەموو پنت و دوند و کێشەیەکی ئەم وڵاتە ئاگادارن.

کێشەکانی خەڵك بە دەر نین لە ململانێ سیاسییەکان، بەڵام یەکە کارگێڕییەکان بە دەرن لەو ململانێیانە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە هەر هێزێکی سیاسییەوە هاتبینە ئەم پۆستە لە چوارچێوەیەکی یاسایی و دەوڵەتیدا کار دەکەین و بەشێکین لە سیستمی حوکمڕانی و کەسمان بۆ ئەوە نەهاتووین ئەجیندایەکی سیاسیی تایبەت بە حزبەکەی خۆمان جێبەجێ بکەین، یان بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆمان لە ئیدارەکە بسەپێنین. بۆیە

پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، ئەو شوێنانەن کە حکومەت دەتوانێت زانیاریی ڕاستی لێوە دەست بکەوێت، هەر بە زانیاریی ڕاستیش بڕیاری ڕاست و دروست، دروست دەبێت.

لە سەرەتاوە داوا لە حکومەت دەکەم، یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ کارا بکاتەوە، کە بە داخەوە لە ساڵی ٢٠١٤ کارکردن بەم یاسایە ڕاگیراوە و ئێمە بە بەیانی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٤ و پاشانیش لە ٢٠١٨ تازە کرایەوە، کار دەکەین، کە بەپێی ئەم بەیانە پارێزگارێك دەسەڵاتی سەرۆك فەرمانبەرانێکی پێش ٢٠١٤ی نییە کە ئەوان بە یاسای ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩ کاریان دەکرد. بۆیە دەبێت بزانین کە ئەوە «دەسەڵات و داهاتە» کە وادەکات بتوانین وەڵامی خەڵك بدەینەوە و خزمەتگوزارییەکان جێبەجێ بکەین.

سەبارەت بە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، ئاشکرایە خزمەتگوزاریی وابەستەی ئیدارەیە، ئیدارەش وابەستەی باری دارایی و ئابوورییە، ئەمەش واتە تۆ چ دەرخستەیەکت لەبەر دەستە بۆ چ بوارێك و تۆ چۆن دەتوانی ئەمانەی پێ جێبەجێ بکەیت.

بارودۆخی دارایی و ئابووریش وابەستەی سیستەمی حوکمڕانیی وڵاتە و، لە بەر نەبوونی لامەرکەزیی کارگێڕیی و دارایی، دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان چی تەرخان دەکەن بۆ یەکە ئیدارییەکان (پارێزگا تا ناحیە) و چەند دەسەڵاتیان بۆ شۆڕ دەکەنەوە، چۆن هاوکارییان دەکەن و بودجەیان بۆ تەرخان دەکەن.

بارودۆخی حکومڕانییش وابەستەی بارودۆخی سیاسییە، ئەمەش ورد دەبێتەوە بۆ بارودۆخی حزبایەتی، بەداخەوە ئێستا لەم بارودۆخەدا کەسێك یان دوو کەس نوێنەرایەتی دەکات، زۆر جار ئەوان زانیارییان زۆر کەمترە لە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك، بەڵام بڕیارەکان لای ئەوانەوە دەردەچن، ئەمەش لێکەوتەی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە. هەر بۆ نموونە، ئێمە داوای ئەوەمان دەکرد کە لامەرکەزیەتی «کارگێڕی و دارایی» هەبێت، ئێستا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار دراوە مەسەلەی کۆکردنەوەی داهات زۆر سەنتراڵتر بکرێت، ئەمەش واتە ئەو ٢٠٪ـەی شارەوانی بەکاری دەهێنا بۆ کاروبار و پرۆژەکانی، ئەوەش نامێنێت، ئەو ١٧٪ـەش پۆلیسی هاتوچۆ بەکاری دەهێنا، بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی، ئەوەش نامێنێت، ئەمەش جگە لەوەی کە بڕ و قەبارەی داهات و کۆکردنەوەی داهات کەمتر دەکات، لە هەمان کاتدا دەرگایەك واڵا دەکات بۆ کەمتەرخەمی و بۆ زیادبوونی گەندەڵی و بە هەدەردانی داهاتی گشتی.

- سەبارەت بە مەسەلەی خزمەتگوزارییەکانیش، دەبێت بزانین لە ناو یەکە ئیدارییەکاندا چی بە سەر یەکدا کەڵەکە بووە؟ بێگومان هەر سێ پرسی «ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری» کەوتووە بەسەر پارێزگاکاندا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بەپێی بەیانی ژمارەیەکی ٢٠١٤ کە لە ٢٠١٨ تازە کراوەتەوە، تەنیا کاری چالاکییە مەدەنییەکان لە ئەستۆی یەکە کارگێڕییەکاندایە، بەڵام بە هۆی ئەو قەیرانە داراییەی لە ساڵی ٢٠١٤ دروست بووە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ «پێداویستییە لۆجستییەکانیان، ڕێکخستن و یەکخستنیان، چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکانیان، دابینکردنی پێداویستییەکانیان» کەوتووەتە سەر پارێزگا و دەبێت پارێزگا ببێت بە بەشێك لە چارەسەر بۆ ئەو کێشانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو دامەزراوانە بەشێکن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆ خەڵك، بۆ نموونە: چۆن دەبێت ئۆتۆمبێلی پۆلیسی فریاکەوتن بەنزینی نەبێت، یان چاك نەکرێتەوە، یان ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس کە نەخۆش دەگوازێتەوە،یان ئاگرکوژێنەوە، کێشەی هەبێت، یان بەنزینی تیا نەبێت؟ بۆ هەموو ئەمانەش بودجەی بەکاربردن زۆر کەم بووەتەوە و هەموو بودجەی پارێزگای سلێمانی بۆ ئۆتۆمبێل ٣٥ ملیۆن دینارە کە سەدان ئۆتۆمبێلمان هەیە و زۆربەی زۆریشیان لە خوار مۆدێلی ٢٠٠٩ن، واتە دەبێت بەردەوام پارەیان تێدا خەرج بکەین. ئەمە بێجگە لە بودجەی بەکاربردنی دامودەزگاکانی دیکەش کە هەر هاتووەتە سەر پارێزگا و یەخەی پارێزگا دەگرێتەوە، هەر بۆ نموونە:

١- لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٣ کۆمەڵێك پرۆژە ئەنجام دراون و تەواو نەکراون و ئێستا ماڵن بەسەر پارێزگا و حکومەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا

**ئێمە لە هەر هێزێکی سیاسییەوە هاتبینە ئەم پۆستە لە چوارچێوەیەکی یاسایی و دەوڵەتیدا کار دەکەین و بەشێکین لە سیستمی حوکمڕانی و کەسمان بۆ ئەوە نەهاتووین ئەجیندایەکی سیاسیی تایبەت بە حزبەکەی خۆمان جێبەجێ بکەین**

**ئەوە «دەسەڵات و داهاتە» کە وادەکات بتوانین وەڵامی خەڵك بدەینەوە و خزمەتگوزارییەکان جێبەجێ بکەین**

**ئێمە داوای ئەوەمان دەکرد کە لامەرکەزیەتی «کارگێڕی و دارایی» هەبێت، ئێستا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار دراوە مەسەلەی کۆکردنەوەی داهات زۆر سەنتراڵتر بکرێت**

**دەستەی وەبەرهێنان بە بێ ئاگاداریی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، هیچ کارێکی نەدەکرد، بەڵام ئێستا ئەوە پەیوەندییانە لاواز بوون، ئەمەش کاریگەریی خراپی دەبێت**



**لە عێراق، پارێزگارەکان سەر بە سەرۆک وەزیرانن، لە ئێران سەر بە سەرۆک کۆمارن، لە تورکیا نوێنەری سەرۆک کۆمارن**

**تەرخانکردنی بودجە لەلایەن حکومەتەوە بۆ هەموو سێکتەرەکان گرنگە و ئەرکی حکومەتە دابینی بکات**

**پێویستە، داهات و خەرجی ڕێک بخرێتەوە و یاسای بودجە ببرێتە بەردەمی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بزانین چەند لە چی خەرج دەکەین**

**پێویستە دابینکردن و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، لە پێشەوەی هەر بەرنامە و بایەخپێدانێکی حکومەت و فەزای گشتیدا بێت**

بودجەکە نەماوە و دەبوو لە ٢٠١٤ ڕادەست بکرێن، بەڵام ئێستا ساڵی ٢٠٢٣یە و تەواو نەکراون، پارەکانیشیان بە نەختینە لە بانکەکان نەماوە، تەنانەت بارمتەی کۆمپانیاکانیش لە بانکەکان نەماون، دواتر چەکی بێ ڕەسیدیان داوە بە بەڵێندەر، ئەویش فرۆشتوویەتەوە بە کەسێك بە (سێ یەك) و کەسەکەش چووە هەموو پارەکانی لە بانکەکە وەرگرتووە.

٢- مەسەلەی سەرمایەگوزاری هەر یەخەی پارێزگاکان دەگرێتەوە، کە لەمەشدا هەندێك جار دەستکاری دەکرێت، بۆ نموونە: پێش ئەوەی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنان بدرێت و دەسەڵاتەکان لای دەستەی وەبەرهێنان بوو، دەستەی وەبەرهێنان بە بێ ئاگاداریی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، هیچ کارێکی نەدەکرد، بەڵام ئێستا ئەو پەیوەندییانە لاواز بوون، ئەمەش کاریگەریی خراپی دەبێت.

٣- مەسەلەی زانکۆ و پەیمانگاکان و پێداویستیی قوتابیان لە بەشە ناوخۆییەکان، بۆ نموونە: قوتابییان مان دەگرن و خۆپیشاندان دەکەن لەبەر ئەوەی «ئاو نییە»، ئێ باشە، دەکرێت لەبەر ئەوەی یاساکە ڕێگەی بە من نەداوە، وەڵامی داواکارییەکان نەدەینەوە و کێشەکانیان بۆ چارەسەر نەکەین؟ بێگومان ناکرێت، بۆیە دەبێت کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەین بە بێ ئەوەی دەسەڵاتەکان لای ئێمە بن.

- لایەنێکی دیکە گرنگە تیشکی بخەمە سەر ئەویش پەیوەندیی نێوان حکومەت و پارێزگارەکانە، بۆ نموونە: من وەك خۆم بە هەڵبژاردن بوومە پارێزگار لە ناو بازنەیەکیش بووم کە سنووری شەش پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ دەگرێتەوە، ئێستا تەنیا پارێزگاری سلێمانیم و فەرمانبەری وەزارەتی ناوخۆم، ئەمە لە کاتێکدا لە عێراق، پارێزگارەکان سەر بە سەرۆك وەزیرانن، لە ئێران سەر بە سەرۆك کۆمارن، لە تورکیا نوێنەری سەرۆك کۆمارن، ئەمانە گرفتی یاسایین بۆ حکومەتمان شی کردوونەتەوە، داواکاریی هەموو ئەو ناوچانەمان لێ دەکرێت کە زۆن و بازنەی دەنگمان بوون، ساڵی پار دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری دارایی و وەزیری ناوخۆ، ئەم پێشنیارانەمان بۆ سەرۆك وەزیران کرد، ئەویش سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاسپارد، تا ماوەیەك ئەو کێشانە چارەسەر بوون، بەڵام کە نێوانی پارتی و یەکێتی لە حکومەتدا تێکچوو، ئەوەش نەما.

- لە کابینەی هەشتەمدا کۆنفرانسێك کرا بۆ تاپۆکردنی خانووە بێ تاپۆکان، لەو کۆنفرانسەدا بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و وەزیری شارەوانی پێش ئەوەی ئەو یاسایە دەربچێت، تێبینییەکانی خۆمان باس کرد و، لەم کابینەیەشدا باسم کردووە و گوتم: ئەوانەی زەوییان بە زیادەڕەو کڕیوە، دوو بەشن، بەشێکیان بە زیدەڕۆیی کردوویانە بە خانوو، تۆ دێیت ئەمەی لەسەر تاپۆ دەکەیت، بەشێکی دیکەیان زەوییەکەیان کڕیوە، بەڵام ڕێزی بڕیاری حکومەتیان گرتووە و نەیانکردووە بە خانوو تا بە یاسا یەکلا ببێتەوە، ئێستا تۆ دێیت دەست بەسەر زەوییەکەیدا دەگریت و بۆی تاپۆ ناکەیت و دەیکەیتە زەویی شارەوانی، ئەمە کارێکی ڕاست نییە.

- حاڵەتێکی دیکە ئەو کۆمپانیایانەن کە گرێبەست لەگەڵ حکومەتدا دەکەن، بەڵام حکومەت بە گرێبەستەکەوە پابەند نابێت، بۆ نموونە: کۆمپانیایەك کە گرێبەستی لەگەڵ کراوە بۆ کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك، ئەو کۆمپانیایە خۆڵ و خاشاکی شەش مانگ پێشتری کۆکردووەتەوە، بەڵام حکومەت شایستەی دارایی شەش مانگی پێشتریشی نەداوەتێ، لەگەڵ کۆمپانیاکانی گرووپی فاروق، پڕۆژەیەك دروست کراوە بە ملیۆنەها دۆلار بە مەبەستی ئەوەی خۆڵ و خاشاکی شار و پیسیی ئاوی تانجەڕۆ بکات بە وزەی پاك و ئاو و ژینگەی تانجەڕۆ پاك بکاتەوە، بەڵام ئێستا پڕۆژەکە تەواو بووە و حکومەت پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ ناکات.

لە دوماهیدا وێڕای کەڵەکەبوونی ئەم هەموو کێشانە بەسەر پارێزگا و یەکە ئیدارییەکاندا، کە مشتێکن لە نموونەی خەرمانێك، بێگومان تەرخانکردنی بودجە لە لایەن حکومەتەوە بۆ هەموو سێکتەرەکان گرنگە و ئەرکی حکومەتە دابینی بکات، هەروەها پێویستە (لەسەر پرسی دروستکردن، چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە، بەردەوامیدان بە پڕۆژەکان، پەرەپێدان و هەمەجۆری ) حکومەت پشتیوانیی



کارگێڕییەکانی (پارێزگا تا ناحیە) بکات، پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە ٢٠١٤وە پارەیان بۆ چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە بۆ خەرج نەکراوە، ئەوا پارە بۆ دروستکردن هەر خەرج نەکراوە، ئەم بارودۆخەش ڕەنگدانەوەی ئەو نارەزاییانەی خەڵکە کە ئەو ڕاپرسییەی بۆ ئەم گفتوگۆیە کردبووتان بە ڕوون و ڕاشکاوی پیشانی داین.

پێویستە، داهات و خەرجی ڕێك بخرێتەوە و یاسای بودجە ببرێتە بەردەمی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بزانین چەند لە چی خەرج دەکەین، چۆن ئەرك و بەرپرسیارێتیی خراونەتە سەر پارێزگاکان، داهات و دەسەڵاتیش لەژێر چاودێری و وردبینی و بەدواداچووندا، شەفافانە لەسەر بنەمای لێپرسینەوە، دابین بکرێن.

پێویستە دابینکردن و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، لە پێشەوەی هەر بەرنامە و بایەخپێدانێکی حکومەت و فەزای گشتیدا بێت.

**هەموو بودجەی پارێزگای سلێمانی ٣٥ ملیۆن دینارە کە سەدان ئۆتۆمبێلمان هەیە و زۆربەی زۆریشیان لە خوار مۆدێلی ٢٠٠٩ن، واتە دەبێت بەردەوام پارەیان تێدا خەرج بکەین**

**لەگەڵ کۆمپانیاکانی گرووپی فاروق، پرۆژەیەک دروست کراوە بە ملیۆنەها دۆلار بە مەبەستی ئەوەی خۆڵ و خاشاکی شار و پیسیی ئاوی تانجەڕۆ بکات بە وزەی پاک و ئاو و ژینگەی تانجەڕۆ پاک بکاتەوە، بەڵام ئێستا پرۆژەکە تەواو بووە و حکومەت پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ ناکات**

**تەنانەت بارمتەی کۆمپانیاکانیش لە بانکەکان نەماون، دواتر چەکی بێ ڕەسیدیان داوە بە بەڵێندەر، ئەویش فرۆشتوویەتەوە بە کەسێک بە (سێ یەک) و کەسەکەش چووە هەموو پارەکانی لە بانکەکە وەرگرتووە**





### پ.د. عەلی تەتەر پارێزگاری دهۆک:

# تەنیا لە ماوەی ٣ ساڵدا ٦٨٤ پڕۆژە بە گوژمەی زیاتر لە ٦٢٤ ملیار دینار لە پارێزگای دهۆک جێبەجێ کراون

**بەڕێز پ.د.عەلی تەتەر لە ساڵی ١٩٧٩وە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ هەڵبژێردراوە بۆ ئەندامی سەرکردایەتی و لە ساڵی ٢٠٢٢ش لە کۆنگرەی چواردەیەمدا جارێکی دیکە بۆ ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی هەڵبژێردراوەتەوە، لە بواری ئەکادیمییش دکتۆرای لە بەشی مێژووی زانکۆی دهۆك وەرگرتووە و لە ساڵی ٢٠١٨ پلەی پڕۆفیسۆری لە مێژوو وەرگرتووە و، خاوەنی چەندین توێژینەوە ئەکادیمییە لە بواری مێژوویی و سیاسی و خاوەنی ١٦ کتێبیشە لەم بوارەدا، چەندین بەپرسیاریەتیی دیکەشی وەرگرتووە وەك بەرپرسی لقەکانی (١٠، ٨)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و ماوەی ٣ ساڵیشە پارێزگاری دهۆکە و لەم گفتوگۆیە جیا لەوەی کار و پڕۆژەکانی ئەم ٣ ساڵەی پارێزگای دهۆك و بەشێکی زاخۆ پێش ئەوەی ببیتە ئیدارەی سەربەخۆ خستە ڕوو لە هەمان کاتدا ئاوڕێکی گرنگی لە ڕابردوو دایەوە و ئاماژەشی بەو پڕۆژانەش کرد کە لەدوای سەرهەڵدانەوە لە پارێزگای دهۆك ئەنجام دراون. سەبارەت بە تەوەری ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆش بەم جۆرە را بۆچوونەکانی خستە ڕوو.**

دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەکەین کە دەرفەتی بۆ ئەم گفتۆگۆیە ڕێکخست و، بە دیداری هەموو ئەو برا بەڕێزانە شاد بووین. سەرەتا لەو ڕاپرسییەوە دەست پێ دەکەم کە بۆ ئەم گفتوگۆیە ئامادەتان کردووە، پێش هەموو شت دەبێت گلەیی و گازندەی خەڵك بە هەند وەربگرین و ڕای خەڵك زۆر گرنگە، ئەوجا ئەگەر وەك کاك ئومێد خۆشناویش ئاماژەی پێ کرد، بە تەواوەتی ڕەنگدانەوەی واقیعی حاڵیش نەبێت، من تا ڕاددەیەك لەگەڵ ئەو بۆچوونەشم کە خەڵکی ئێمە دەقی بەوەوە گرتووە کە چووە بەردەمی مایك حەز دەکات ڕەخنە بگرێت، بەڵام من لەم گفتوگۆیە حەزدەکەم، کۆمەڵێك زانیاری و داتا سەبارەت بە کار و پڕۆژەکانی پارێزگای دهۆك بخەمە ڕوو:

**- سەبارەت بە ڕێگا و بانەکان:**

تەنیا لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی من

پارێزگاری دهۆکم (٨١٥) کیلۆمەتر ڕێگە و ئۆتۆبان دروست کراون و قیرتاو کراون.
١- ڕێگەی دووسایدی نێوان هەولێر، دهۆك، زاخۆ تەواو بووە.
٢- ڕێگەیەکی ٤٦ کیلۆمەتری لە قەزای خەباتەوە بۆ ڕۆڤیا تەواو کراوە.
٣- بە تەنیا لە ناو شاری دهۆك ٥٥ کیلۆمەتر شەقام قیرتاو کراوە.
٤- زۆربەی گەڕەکانی شاری دهۆك هەموویان قیرتاو کراون
٥١٥١٠٠٠ مەتر ڕێگە لە ناو قەزا و ناحیەکاندا قیرتاو کراون.

**- سەبارەت بە پرۆژەکان:**

تەنیا لە ماوەی ٣ ساڵدا ٦٨٤ پرۆژە بە بڕی زیاتر لە ٦٢٤ ملیار دینار لە پارێزگای دهۆك جێبەجێ کراون، بەمجۆرە:
١- - لە ساڵی ٢٠٢٠ کە پەتای کۆرۆنا بڵاو بووەوە و ئێمە وەك پارێزگای دهۆك زۆر بە سەرکەوتوویی بە سەریدا زاڵ بووین، ١٤٧ پرۆژە بە بڕی زیاتر لە ٣٥٦ ملیار دینار ئەنجام دراون و هەر لەو ساڵە ١٤٣ پرۆژەیان تەواو بووە و ٣ پرۆژەشیان کاری تێدا دەکرێت.
٢- لە ساڵی ٢٠٢١، ژمارەی پرۆژەکانمان ١٢٩ پرۆژە بوون، بە بڕی زیاتر لە ٩٠ ملیار دینار ئەنجام دراون و هەر لەو ساڵە ١٢٨یان تەواو بوون و یەك پرۆژە ماوە کە کاری تێدا دەکرێت.
٣- لە ساڵی ٢٠٢٢ ژمارەی پرۆژەکانمان ٤٠٨ پرۆژە بوون، بە بڕی زیاتر ١٨١ ملیار دینار هەر لەو ساڵە ٤٤ یان تەواو بوون و ٣٥٨یش کاریان تێدا دەکرێت.

**- سەبارەت بە دابەشکردنی پرۆژەکان:**

ئەو ٦٢٤ پرۆژەی لە ماوەی ئەم ٣ ساڵە ئەنجام دراون، بەم جۆرە بەسەر قەزاکانی پارێزگای دهۆك دابەش کراون:
١- قەزای دهۆك ١٤٧ پرۆژە بە گوژمەی زیاتر لە ١٦٣ ملیار دینار.
- قەزای ئامێدی ١٩٢ پرۆژە بە گوژمەی زیاتر لە ١٣٤ ملیار دینار.
٣- قەزای شێخان ٩٦ پرۆژە بە گوژمەی زیاتر لە ٢٦ ملیار دینار.
٤- قەزای ئاکرێ ٥٧ پرۆژە بە گوژمەی زیاتر لە ٣٩ ملیار دینار.
٥- قەزای زاخۆ (پێش بوونی بە ئیدارەی سەربەخۆ) ٥٤ پرۆژە بە گوژمەی زیاتر لە ٦٥ ملیار دینار.
٦- قەزای سێمێل ٦٩ پرۆژە بە گوژمەی زیاتر لە ٢٩ ملیار دینار.
٧- قەزای بەردەڕەش ٦٩ پرۆژە بە گوژمەی زیاتر لە ١٦٩ ملیار دینار.
ئەم پرۆژانە تەواوی ئەو سێکتەرە جیاوازانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ خزمەتگوزاریی هەمەجۆر پێشکەشی هاووڵاتیان دەکەن.

**- پرۆژەکانی بواری گەیاندنی کارەبا:**

ئەم پرۆژانە بەشێکیان وەزارەتی کارەبا و بەشێکی یونیسێف و دەوڵەتی ژاپۆن ئەنجامی داون کە بەم جۆرە بوون:
١- گەیاندنی تۆڕی کارەبای نیشتمانی بۆ ٥٠ گوند.
٢- نۆژەنکردنەوەی سەرجەم تۆڕەکانی سەنتەری قەزا و ناحیەکانی پارێزگای دهۆك.
٣- دانانی وێستگەی کارەبای مۆبایل لە شیلادزێ.
٤- دروستکردنی وێستگەی سۆلار سیستم ٢ میگا لە زانکۆی دهۆك.
٥- پرۆژەی کارەبای هایدرۆ پاوەری بەنداوی دێرە لوك.

**- سەبارەت بە پرۆژەکانی کەرتی پەروەردە:**

بایەخێکی تەواو بە کەرتی پەروەردە دراوە و هەر لەم سێ ساڵە ٢٢ قوتابخانەی (١٢ و ٨) پۆلی دروست کراون و هەموو قوتابخانەکانی دیکەش نۆژەن کراونەتەوە.
لە بوارەکانی دیکەش ئێستا نەخۆشخانەیەکی گەورە لە ئامێدی دروست دەکرێت و ڕێژەی ٦٠-٧٠٪ کارەکانی تەواو بووە، بەشێك لە نەخۆشخانەی دهۆك بە هاوکاریی دەوڵەتی ئەڵمانیا نۆژەن کراوەتەوە و بڕی ٥٠ ملیار دیناری تێچووە و کارەکانی تەواو کراون، سەبارەت بە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ شار و قەزا و ناحیەکان، دەتوانم بڵێم ئێستا بە ئاستی ستاندەری جیهانی و زیاتریش (دهۆك، ئامێدی، ئاکرێ، بەردەڕەش، شێخان، زاخۆ، سێمیل) کێشەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەیان نییە، تەنانەت لە ناحیە و گوندەکانیش کێشەی ئاوی خواردنەوەیان نییە، تەنانەت ئەگەر گوندێکیش بە هۆی کێشەی

**خەڵکی ئێمە دەقی بەووەوە گرتووە کە چووە بەردەمی مایک حەز دەکات ڕەخنە بگرێت**

**هەر لەم سێ ساڵە ٢٢ قوتابخانەی (١٢ و ٨) پۆلی دروست کراون و هەموو قوتابخانەکانی دیکەش نۆژەن کراونەتەوە**

**نەخۆشخانەیەکی گەورە لە ئامێدی دروست دەکرێت و ڕێژەی ٦٠-٧٠٪ کارەکانی تەواو بووە**

**دەتوانم بڵێم ئێستا بە ئاستی ستاندەری جیهانی و زیاتریش (دهۆک، ئامێدی، ئاکرێ، بەردەڕەش، شێخان، زاخۆ، سێمیل) کێشەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەیان نییە**



**پێش سەرهەڵدان زانکۆ لە دهۆک نەبوو، ئێستا شەش زانکۆمان هەیە**

**پێش سەرهەڵدان هیچ ڕووبەرێکی باخچە و سەوزایی نەبوو، ئێستا ڕووبەری ٤٠٩,٤٠٠ هەزار مەتر دووجا باخچە و سەوزاییمان هەیە**

**نابێت میدیاش تەنیا لایەنە نەرێنییەکان و کەموکورتییەکان ببینێت، دەبێت بایەخ بەو لایەنە ئەرێنییانەش بدات کە بەشێکە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی خۆی**

**سوپاسی جەنابی سەرۆکی حکومەت بەڕێز مەسرور بارزانی دەکەم، کە هەمیشە جەنابیان دەستپێشخەر و هاندەرمان بووە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و نەهێشتنی ڕۆتین**

وشکە ساڵییەوە کێشەی ئاوی خواردنەوەی هەبێت، بە تانکەر ئاوی خواردنەوەی پاکمان بۆ دابین کردوون.

- لێرەدا دەمەوێت ئەو وەرچەرخان و گۆڕانکارییانە ئاماژە پێ بکەم کە لە دوای سەرهەڵدانەوە هەتا ئێستا لە هەموو سێکتەرە جیاوازەکانی پارێزگاری دهۆك هاتوونەتە ئاراوە، ئەمەش وەك ئاماژەیەك کە کار و پرۆژەکان هەر ئەم سێ ساڵە نەبوون و پێش ئێمەش کاری و پرۆژەی زۆر باش کراون:

١- پێش سەرهەڵدان ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای دهۆك ٢٩٣ هەزار کەس و ٤ قەزا و ١٢ ناحیە بووە، ئێستا ژمارەی دانیشتووان ١,٦٣٨,٦١٢ کەسە و ٨ قەزا و ٢٤ ناحیەیە.

٢- پێش سەرهەڵدان زانکۆ لە دهۆك نەبوو، ئێستا شەش زانکۆمان هەیە.

٣- تەنیا ٢ پەیمانگا لە دهۆك هەبوو ئێستا ٢٦ پەیمانگامان هەیە.

٤- تەنیا ٢٩١ گوند ئاوەدان بوون، ئێستا ٩١٤ گوند ئاوەدانن.

٥- تەنیا ٢١٢ قوتابخانە هەبوو ئێستا ١٧٢٧ قوتابخانەمان هەیە.

٦- شوێنی ئایینی ٤٠٠ بوون ئێستا بوونەتە ١٥٨٨ شوێن.

٧- تەنیا ٦ باخچەی ساوایان هەبوو، ئێستا ٧٩.

٨- تەنیا ٣ نەخۆشخانە هەبوو، ئێستا ١٥.

٩- تەنیا ٦٦٢١ مامۆستا هەبوو ئێستا ٢٩٨٨٧.

١٠- تەنیا ٤٣ بنکەی تەندروستی هەبوو ئێستا ١٧١

١١- پێش سەرهەڵدان ویستگەی گۆڕینی کارەبای «KV132»مان نەبوو، ئێستا ٢٧ ویستگەمان هەیە.

١٢- ویستگەی گۆڕینی کارەبای «KV33» نەبوو، ئێستا ٤٤ ویستگەمان هەیە.

١٣- ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوە تەنیا ٩٠,٠٣٠,٠٠٠مەتر سێجا بوو لە ساڵێکدا، ئێستا گەیشتووەتە ٢٤٢,٥٥٠,٠٠٠ مەتر سێجا لە ساڵێکدا.

١٤- پێش سەرهەڵدان هیچ ڕووبەرێکی باخچە و سەوزایی نەبوو، ئێستا ڕووبەری ٤٠٩,٤٠٠ هەزار مەتر دووجا باخچە و سەوزاییمان هەیە.

ئەم ئامار و داتایانەم بۆیە خستە ڕوو، بۆ ئەوەی بزانین کە کاری زۆر باش کراون و هەر نابێت بڵێین هیچ نەکراوە. لێرەدا بەسەرهاتێك باس دەکەم. ماوەیەك پێش ئێستا سەردانی بەردەڕەشمان کرد بۆ بەسەرکردنەوەی پرۆژەکان، هاووڵاتییەك هاتە لام و گوتی: هیچ پرۆژەیەك بۆ بەردەڕەش نەکراوە. منیش بە داتا و ئامار هەموو ئەو پرۆژانەم بۆ خوێندەوە کە تەنیا لە بەردەڕەش ئەنجام درابوون کە بایی ٥٠ ملیار دینار بوو، بەڵام ڕۆژێکی دیکە بەردی بناغەی قوتابخانەیەکی سەرەتاییمان دادەنا، کچێکی تەمەن ٨ ساڵ هاتە لام و پێی گوتم: «زۆر سوپاست دەکەین کە ئەم قوتابخانەیەمان بۆ دروست دەکەن، بەڵام هیوادارین ئەم کۆڵانەشمان بۆ قیرتاو بکەن.. خۆزگە هەموو کەس وەك ئەم کچە منداڵە داواکاری دەبوو، هەم دروستکردنی قوتابخانەکە دەبینێت، هەمیش داوای قیرتاوکردنی کۆڵانەکەشی کرد، بە ڕاستی ئەمە داواکارییەکی جوانە و ئەگەر ڕەخنەش بێت، ڕەخنەیەکی بونیادنەر و جوانە. بەڵام وێڕای هەموو سەرنجێك





کە لەسەر ڕاپرسییەکە دەبینرێت، بەڵام دووپاتی دەکەمەوە، ڕای خەڵك زۆر گرنگە و دەبێت بە هەند وەربگیرێت، لە هەمان کاتدا دەبێت میدیاش ڕۆڵی خۆی زیاتر بگێڕێت و هەوڵ بدات کەلتووری بینینی هەردوو لایەنی باش و خراپ پیشانی هاووڵاتیان بدات، هەروەها نابێت میدیاش تەنیا لایەنە نەرێنییەکان و کەموکورتییەکان ببینیت، دەبێت بایەخ بەو لایەنە ئەرێنییانەش بدات کە بەشێکە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی خۆی، ئەگەر میدیا ئەم هاوسەنگییە ڕابگرێت، ئەوا هاووڵاتی دەبینێت کە هەم کاری باش دەکرێت و هەمیش ئەو کەموکورتییانەی کە ماون، دەبێت هەوڵیان بۆ بدرێت، چارەسەر بکرێن.

لە کوتاییدا سوپاسی جەنابی سەرۆکی حکومەت بەڕێز مەسرور بارزانی دەکەم، کە هەمیشە جەنابیان دەستپێشخەر و هاندەرمان بووە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و نەهێشتنی ڕۆتین و بێ جیاوازی خزمەتکردنی هەموو ناوچە و چین و توێژەکان.

**تەنیا لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا (٨١٥) کیلۆمەتر ڕێگە و ئۆتۆبان دروست کراون و قیرتاو کراون**

**بەشێک لە نەخۆشخانەی دهۆک بە هاوکاریی دەوڵەتی ئەڵمانیا نۆژەن کراوەتەوە و بڕی ٥٠ ملیار دیناری تێچووە و کارەکانی تەواو کراون**

**لە ماوەی ٣ ساڵدا ٦٨٤ پرۆژە بە بڕی زیاتر لە ٦٢٤ ملیار دینار لە پارێزگای دهۆک جێبەجێ کراون**





## هەڵگورد شێخ نەجیب
## بەرپرسی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران:

# هەر شەش مانگ جارێک هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەکەین

بەڕێز هەڵگورد شێخ نەجیب کە ئێستا سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە و، پێش بوونی بە سەرپەرشتیاری ئیدارەکەش هەر خۆی قائیمقامی قەزای سۆران بووە، بڕوانامەی ئەندازیاریی زانستی کۆمپیۆتەری لە زانکۆی کوین ماری لە لەندەن وەرگرتووە و ماستەریشی لە بواری ئەندازیاری کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی ئەنتەرنێت لە زانکۆی شاڵمەرشی سویدی وەرگرتووە و لە گفتوگۆی ئەمجارە «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری» بەمجۆرە باسی لە سەرەتای دروستبوونی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و چۆنیەتیی هەڵسووڕانی کاروبارەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کرد.

ئەوەی لە ڕاپرسییەکە گوێمان لێی بوو و ئەوەی پێش من پارێزگارە بەڕێزەکانیش باسیان کرد، ئەو گلەیی و گازندەیەی هاووڵاتیان لەو ڕاپرسییە هەیانبووە، زیاتر پەیوەستن بە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان لە دەسەڵاتی ئەواندایە، لەبەر ئەوەی کێشەی دارایی کێشەیەکی گشتییە، هەموو لایەکیش ئەو ڕاستییە دەزانین کە ئەولەوییەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دابینکردنی مووچەیە و هەتا پارەی پێویست بۆ مووچە دابین نەکرێت، ناتوانرێت هیچی دیکە بکەین.

هەر بۆیە ئەوەی کە پێویستە هاووڵاتیان گلەیی و گازندەیان لە یەکە ئیدارییەکان هەبێت، کاری ڕۆژانەی ئەو فەرمانگەیانەیە لە سنووری ئەو پارێزگایە، یان ئەو ئیدارە سەربەخۆیە، هەروەها بابەتی ئەو بودجەیە کە بۆ هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ تەرخان دەکرێت، چۆن خەرج دەکرێت بۆ پڕۆژەکان و پێشکەشکردنی خزمەتکردنی هاووڵاتیان و، چۆن بەپێی ژمارەی دانیشتووان بەسەر قەزا و ناحیە و گوندەکاندا دابەشی دەکەین، بەڵام ڕاستییەکیش هەیە کە جێگەی خۆیەتی ئاماژەی پێ بکەم، ڕۆژێکیان یەکێك لە کەناڵەکانی ئۆپۆزسیۆن لە سۆران کاتێك گەڕەکێکیان قیرتاو دەکرد، پەیامنێرەکە زوومی کامێراکەی خستبووە سەر ڕێگە قوڕەکە، لەو

کاتەدا سەرۆکی شارەوانی سۆران بە پەیامنێرەکە دەڵێت: باشە تۆ وێنەی ڕێگە قورەکەت گرت، دە زوومی کامێراکەشت بسووڕێنە بۆ ئەوەی وێنەی ئەو قیرتاوکردنەش بگریت، ئەویش لە وەڵامدا بە سەرۆکی شارەوانی گوتبوو «نانی من لە قورەکەدایە، لە قیرەکەدا نییە»، ئەوجا کێشەکە ئەوەیە کە بەرژەوەندیی هەندێك ڕاگەیاندن لە قورەکەدایە و نایانەوێت خەڵك ئەو کارانە ببینن کە کراون، یان دەکرێن.

ئێمە خۆمان لەناو ئەو واقیعەین، من لێرەوە پشتگیری لەو پێشنیارەی برای بەڕێزم د. هەڤاڵ ئەبووبەکر پارێزگاری سلێمانی دەکەم کە پێشنیاری کرد «پارێزگارەکان و بەرپرسی ئیدارە سەربەخۆکان» لە هەندێك لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران بەشدار بن، ئێمە زیاتر لە وەزیرەکان لە ناو واقیعی خەڵکداین و دەتوانین باشتر ڕاستیی وێنەکان بۆ ناو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بگوازینەوە، تا بتوانرێت بڕیاری دروست و پراکتیزی بۆ بدرێت.

بابەتێکی دیکە کە دەمەوێت تیشکی بخەمە سەر، ئەویش ئەو بڕیارە گرنگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە بڕیاری دا سۆران بکرێتە ئیدارەی سەربەخۆ کە پێنج قەزای گرنگ دەگرێتەوە و بریتین لە قەزاکانی «سۆران، ڕواندز، چۆمان، مێرگەسوور، سیدەکان» و ڕۆژی ١٤ی ئەیلوولی ٢٠٢١ بڕیاری بوونی سۆران بە ئیدارەی سەربەخۆ ڕاگەیەندرا.

لە سەرەتای دەستپێکی کارەکانماندا پێشنیارمان کرد لەبەر ئەوەی پێشتر سۆران و قەزاکانی دیکەش (ڕواندز، چۆمان، مێرگەسوور)

سەر بە پارێزگای هەولێر بوون، با ئەو مامەڵە کۆنانەی لەگەڵ پارێزگای هەولێر هەبوون، وەك خۆی بڕۆن و لە ڕێگەی پارێزگای هەولێرەوە کارەکانیان تەواو بکرێت، تا خاڵی سفر، بەڵام بە ڕاستی ئەوە نەکرا بۆیە ئەرکی ئێمە زۆر بە قورسی دەستی پێ کرد .

هەر بۆیە بە ستافێکی کەمەوە (ئەو ستافەی پێشتر لە قەزای سۆران هەبووە) ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کارمەندێکمان بە گرێبەست لە ناو ئیدارە بۆ دانەمەزرێنراوە، بەڵام وەك ئیدارەیەکی سەربەخۆ دەستمان بە کارەکان کرد، سوپاس بۆ خوا و پشتگیریی خودی جەنابی سەرۆکی حکومەت و هاووڵاتیان و کارمەندانی تەواوی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، توانیمان لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ئەمساڵ و ساڵی پاریش لە پێش هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی دیکەوە بین. هەر بۆیە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بەو ئاستە وای کرد، کە خەڵك زیاتر بە بڕیاری بوونی سۆران بە ئیدارەی سەربەخۆ دڵخۆش بن و بە بڕیارێکی ڕاستیان دانا، بەڵام هێشتاش ئاواتی ئێمە ئەوەیە کە زیاتر کار بکەین و زیاتر خۆمان ماندوو بکەین، بۆ ئەوەی باشتر خزمەتی خەڵکی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بکەین.

لایەنێکی دیکە کە دەبێتە ئاستەنگ و گرفت لە بەردەم کارەکانمان، بە ڕاستی هەندێك کارت بۆ دروست دەبێت، کە بووەتە عورف و دەبێت پێوەی پابەند بیت و هیچ بەرهەمێکیشی نییە، بۆ نموونە من ئەمڕۆ بەیانی پێویست بوو لە دوو بۆنەدا ئامادە بم و لەوێ وتارم هەبێت، پاشانیش هاتووم بۆ ئیدارەی سەربەخۆ و چەندین هاووڵاتیم بینیوە کە زۆربەیان کارەکانیان پەیوەندی بە ئێمەوە نەبووە، کەواتە من ئەمڕۆ تا هاتوومەتە ئێرە هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆم بۆ کارەکەی خۆم نەبووە، بۆیە دەبێت ئەمە کاری جددی لەسەر بکرێت و میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگانە لە بەردەم کارەکانمان دروست نەکرێت.

هەر بۆ نموونە ئەم پرسە ڕاستە بابەتێکی کۆمەڵایەتیی زۆر گرنگە، بەڵام لە ئەنجامدا لەسەر ئەرکی ڕۆژانەی خۆمان دەبێت.

زۆرێك لەو کارانە بوونەتە ڕێگر لە بەردەم کارە ستراتیژییەکانمان، هەر بۆ نموونە من ماوەی چەند مانگێکە دەمەوێت لەگەڵ چەند وەبەرهێنێك دابنیشم و ئەو پڕۆژانەی هەمانە لەگەڵیان باسی بکەین و دەستی وەبەرهێنان بۆ ناوچەکە لەسەر ئاستی «گەشتیاری و

**ئەنجومەنی وەزیران بۆ دابینکردنی مووچەیە و هەتا پارەی پێویست بۆ مووچە دابین نەکرێت، ناتوانرێت هیچی دیکە بکەین**

**ئێمە زیاتر لە وەزیرەکان لە ناو واقیعی خەڵکداین و دەتوانین باشتر ڕاستیی وێنەکان بۆ ناو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بگوازینەوە، تا بتوانرێت بڕیاری دروست و پراکتیزی بۆ بدرێت**

**لە ڕووی ئیداری و کارگێڕییەوە زۆر گرنگە کاری جددی لەسەر بکەین و میکانیزمێک بۆ نەهێشتنی ئەو کارە لابەلایانە پیادە بکەین کە بەڕاستی بوونەتە ڕێگر لەبەردەم کارەکانمان**



بازرگانی و سەنتەری بازرگانی» ڕابکێشین، بەڵام لەبەر ئەو کارە لابەلا و بێ بەرهەمانە نەمانتوانیوە کارە ستراتیژییەکانی خۆمان بکەین. سەرەڕای ئەمەش زۆر جار هاووڵاتی گلەیی ئەوە دەکەن کە ناتوانن بمانبینن، من حەز دەکەم هەموو کەسێك ببینم، بەڵام ئەمە مومکین نابێت.

ئێمە وەك ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، ئیدارەیەکی نوێین، ئەو کەسانەی پێشنیار کراون بۆ پۆستی بەڕێوەبەرە گشتییەکان، ئێمە سەرەتا داوامان کرد کەسی پسپۆڕ و تەکنۆکرات بن، بەڵام دیسان لەوانەیە لێژنەیەکی پڕۆفیشناڵ لە وەزارەتەکان ئەو کارەیان نەکردبێت، کە چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندین کاندید کرابێت، ئێمە خۆشمان دەزانین و واقیعی کوردستانیش بەو جۆرەیە بەو پرۆسەیە نەبووە، بۆیە ناچار بووم پەنا بۆ میکانیزمێکی دیکە بەرین، ئەویش هەر لە سەرەتاوە لەگەڵیان دانیشتین و پێمان گوتوون و فۆڕمێکی فەرمیی هەڵسەنگاندمان بۆ دروست کردوون کە دەبێت لە ماوەی شەش مانگدا هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای کارەکانیان بکرێت لە لایەن لێژنەیەکی پسپۆڕ، پاش ئەوەی ئەم هەڵسەنگاندنەیان بۆ دەکەین و ئەو خاڵانەیان بۆ دەستنیشان دەکەین کە دەبێت کاری لەسەر بکەن، دیسان شەش مانگی دیکە دەرفەتیان دەدەین، دوای ساڵێك ئەگەر زانیمان وەکو پێویست هیچ بەرەوپێشچوونێك بە دی ناکرێت، ئەوا بێگومان زۆر زۆر ئاساییە گۆڕانکارییان تێدا بکرێت. لەسەر ئەم پرسە سەرنجم داوە، سوپاسنامە گشتگیر کراوە، بە نموونە بۆ هەموو قائیمقامەکانی دەڤەرێك، ئێ باشە کە تۆ سوپاسنامەکەت گشتگیر کرد و بۆ هەموو قائیمقامەکان، یان بەڕێوەبەری ناحیەکان، مانای وایە لە بنەڕەتەوە تۆ لە مانای سوپاسنامەکە نەگەیشتوویت. لەبری ئەوەی سوپاسنامەکەت گیانی هاندان دروست بکات، تۆ ئەو حەماسەشی هەیە لە فەرمانبەری چالاك و دڵسۆز نایهێڵێت.

لە دوماهیدا دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم، لە ڕووی ئیداری و کارگێڕییەوە زۆر گرنگە کاری جددی لەسەر بکەین و میکانیزمێك بۆ نەهێشتنی ئەو کارە لابەلایانە پیادە بکەین کە بەڕاستی بوونەتە ڕێگر لەبەردەم کارەکانمان و، دەبێت بە میکانیزمێکی نوێ و لەسەر بنەمای داتا و ئامار کارەکانی خۆمان پیشان بدەین، من ئێستا دەتوانم بە داتا و ئامار ئەو کارانە ئامادە بکەم کە لەوماوەیەی سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانم کردووە، ئەو کارانەمان کردووە. بۆیە گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستان کە منی کاندید کردووە بۆ ئەو پۆستە ماوەیەکی دیکە کە دەبێتە دووساڵ، بانگم بکات و لێم بپرسێت لە ماوەی ئەم دووساڵە چیم کردووە، یان کام گۆڕانکاریم لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ئەنجام داوە، هەر بۆیە ئەگەر بە کردنی سۆران بە ئیدارەی سەربەخۆ کارێکی باشتر و گۆڕانکارییەکی ئیجابی دروست نەبووبێت، ئیدی زیادکردنی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری گشتی و قووتکردنەوەی بینایەی تازە چ سوودێکی هەیە؟ ئەوە تەنیا دەبێتە بارگرانی



**دەبێت بە میکانیزمێکی نوێ و لەسەر بنەمای داتا و ئامار کارەکانی خۆمان پیشان بدەین**

**لەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیران لە کۆڕێک بووین، لەوێ بە جەنابیم گوت هەفتە دوای ساڵێک ئێمە بانگ بکەیت و ئەدای کارەکانمان هەڵسەنگێنن، بە خۆشحاڵییەوە جەنابیان پێشنیارەکەی بە کارێکی باش زانی**

**ئەگەر سەرۆکی حکومەت هەڵسەنگاندنی بۆ کارەکانی من کرد و لێپرسینەوەی لەگەڵ کردم، ئەوا منیش ناچار دەبم هەم خۆم باشتر بکەم و هەم هەڵسەنگاندنی زیاتر بۆ ئەدای قایمقامەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان بکەم و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەم**



بە سەر حکومەتەوە. ئەو ڕۆژە لەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیران لە کۆڕێك بووین، لەوێ بە جەنابیم گوت هەقە دوای ساڵێك ئێمە بانگ بکەیت و ئەدای کارەکانمان هەڵسەنگێنن، بە خۆشحاڵییەوە جەنابیان پێشنیارەکەی بە کارێکی باش زانی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر سەرۆکی حکومەت هەڵسەنگاندنی بۆ کارەکانی من کرد و لێپرسینەوەی لەگەڵ کردم، ئەوا منیش ناچار دەبم هەم خۆم باشتر بکەم و هەم هەڵسەنگاندنی زیاتر بۆ ئەدای قایمقامەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان بکەم و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەم.

دوا قسەم لەم گفتوگۆیەدا ئەوەیە کاری باش بە بەرنامەی باش دەکرێت و مەرج نییە تۆ تیمێکی گەورەت لەبەردەستدا بێت، بەڵکو دەکرێت تۆ تیمێکی بچووکی ڕێکخراوت لەبەردەست بێت و کاری زۆر باشیش ئەنجام بدەیت.

**جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بەو ئاستە وای کرد، کە خەڵک زیاتر بە بڕیاری بوونی سۆران بە ئیدارەی سەربەخۆ دڵخۆش بن**

**گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستان کە منی کاندید کردووە بۆ ئەو پۆستە ماوەیەکی دیکە کە دەبێتە دووساڵ، بانگم بکات و لێم بپرسێت لە ماوەی ئەم دووساڵە چیم کردووە، یان کام گۆڕانکاریم لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ئەنجام داوە**

**مەرج نییە تۆ تیمێکی گەورەت لەبەردەستدا بێت، بەڵکو دەکرێت تۆ تیمێکی بچووکی ڕێکخراوت لەبەردەست بێت و کاری زۆر باشیش ئەنجام بدەیت**



## فارس یوحەننا
## جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی زاخۆ:

# لە ماوەی ٢٠ مانگدا ١٤٧ پرۆژە لە زاخۆ جێبەجێ کراون کە تا ئێستا ١٢٠یان تەواو بوون

**بەڕێز فارس یوحەننا جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی زاخۆ کە لەم گفتوگۆیەدا «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری» لە بری سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ بەشداری کرد، ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی خستە ڕوو کە لە دوای دەستبەکاربوونی ئیدارەکە لە زاخۆ هاتوونەتە ئاراوە و، ئەمەشی گێڕایەوە بۆ حەماس و پشتگیریی هاووڵاتیانی زاخۆ بۆ بڕیاری کردنی زاخۆ بە ئیدارەی سەربەخۆ، بەم جۆرەش ئەو پرۆژە گرنگانەی خستە ڕوو کە لە ماوەی ٢٠ مانگی دەستبەکاربوونی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ئەنجامیان داون.**

دەستخۆشیتان لێ دەکەم بۆ ئەو ڕاپرسییەی بۆ ئەم گفتوگۆیە گرنگ و ژیارییە ئامادەتان کردووە، ئەم میتۆدە لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای کارەکان پیادە دەکرێت و، ڕای خەڵك زۆر گرنگە، ئیدی ئەو ڕایە ئەرێنی بێت، یان نەرێنی، ڕەنگدانەوەی واقیعی حاڵ بێت، یان وەك بڕادەران ئاماژەیان پێ کرد، جۆرێك لە دەقگرتنی پێوە دیارە، بە هەر حاڵ ئەمە لەلایەك دادەنێم.

لێرەدا دێمە سەر ئەو بڕیارە گرنگەی کە لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز مسرور بارزانی لە ڕۆژی ٢٠ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢١ زاخۆ کرا بە ئیدارەی سەربەخۆ و، بەڕێز گۆهدار شێخۆ وەك سەرپەرشتیاری ئیدارەی زاخۆ دەستنیشان کرا و، لە ماوەی ئەم ٢٠ مانگەی کارکردنیدا وەك سەرپەرشتیاری ئیدارەکە بووەتە خەمخۆری زاخۆ و شەو ڕۆژی خستووەتە سەر یەك، بۆ ئەوەی باشتر خزمەتی خەڵکی زاخۆ بکات، لەبەر ئەوەی زاخۆ شارێکی زۆر دێرینە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی عەباسی، کە ڕەنگە کۆنتریش بێت، بۆیە تا دەرچوونی ئەو بڕیارە زاخۆ تەنیا وەك گوندێکی گەورە وابوو، بەڵام دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە خەڵکی زاخۆ کە ئێمە شانازییان پێوە دەکەین، زۆر دڵخۆش بوون و بوونە پاڵپشت و هاریکاری ئیدارە سەربەخۆکەی خۆیان.

زاخۆ ژمارەی دانیشتووانی ئێستا زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کەس دەبێت و نزیکەی ٤٠ هەزار ئاوارە و پەنابەریشی تێدایە و، چوار کەمپی سەرەکییشمان هەیە کە زیاتر لە ٣٧ هەزار ئاوارە و پەنابەر تێیدا دەژین، ئەم چوار کەمپە بوونە ناوەندێك

بۆ ئاوارەکانی دیکەی کەمپەکانی دەرەوەی زاخۆ کە ئەوانیش هەر ئاوارەی تێدان، ئەوانیش دێن بۆ زاخۆ و سەردانی دۆست و برادەرەکانیان لەو کەمپانە دەکەن، کە ئەمەش زۆر جاران دەبێتە هۆکاری ئەوەی قەرەباڵغی و ترافیك دروست ببێت و، هەروەها ئەگەر سەرنج لە نەخۆشخانەی زاخۆ بدەیت، دەبینیت ٣٠٪ی ئەوانەی چارەسەر لە نەخۆشخانەی زاخۆ وەردەگرن ئاوارەن، ئەمەش بارقورسییەکی لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیانی زاخۆ دروست کردووە.

هەموو ئەو کێشانەی برادەران باسیان کرد، ئێمە لەگەڵیان هاوڕاین و لەوانەیە لای ئێمەش هەبن، بەڵام زاخۆ تایبەتمەندییەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە شارێکی سەر سنوورە و، لەم سنوورەشدا کێشەیەك هەیە کە ئەویش کێشەی پەکەکە و سوپای تورکیایە، هەر بۆیە ئێمە ئێستا سنوورەکەمان کە ١٤٨٦ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و، ڕووبەری ئەو گوندانەی زەرەرمەند بوون و بوون بە ناوچەی سەربازی لە نێوان چەکدارانی پەکەکە و سوپای تورکیا زیاترە لە ٤٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی و ڕاستەوخۆی لەسەر ئابووریی زاخۆ هەیە و، خەڵکی ئەو گوندانە ناتوانن بگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان و کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی خۆیان بکەن، لەمەش زیاتر ئەو ناوچانە هەموویان ناوچەی گەشتیارین، بەڵام ناتوانرێت وەبەرهێنانیان تێدا بکرێت و کەرتی گەشتیاریی تێدا بووژێنینەوە، چونکە ئەو ناوچانە لە دەستی ئێمەدا نین، لەم لایەنەشەوە ئابووریی زاخۆ زیانی پێ گەیشتووە.

لەگەڵ هەموو ئەو ئاستەنگانەش کە هەیە، بەڵام لە ماوەی ئەو ساڵ و هەشت مانگەی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ڕاگەیەندراوە، شاری زاخۆ لەسەر ئاستی هەموو سێکتەرەکانی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە، وەرچەرخانێکی گەورە و هەنگاوێکی جۆری و بەرەوپێشچوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، ئەم ئاراستەیە کە پشت بەخوا هەر بەردەوام دەبێت، ئەوا مەزندەی ئەوە دەکەین زاخۆ لە ئایندەدا ببێتە یەکێك لە شارە هەرە جوانەکانی کوردستان و عێراق.

لە ماوەی ئەو ٢٠مانگەی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ دەستبەکار بووە ١٤٧ پرۆژە لە زاخۆ ئەنجام دراون، لەوانە ١٢٠ پرۆژەیان جێبەجێ کراون و ٢٧ پرۆژەکەی دیکە لە ژێر جێبەجێکردندان، ئەم پرۆژانە هەمووی پرۆژەی گەورە و ستراتیژین و لەوانەیە لە هەموو تەمەنی ئەم شارەدا ١٠ پرۆژەی ئاوا گەورە و ستراتیژی تێیدا جێبەجێ نەکرابێت.

بێگومان لە زاخۆ گەلێك کێڵگە و پرۆژەی پەترۆڵی هەن، بەڕاستی ئەمەش بەرهەمێکی گرنگە، هەقە حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندیی ئەو ناوچانە لەبەرچاو بگرێت کە سامانی سرووشتی تێدایە و پارەیەکی وەك (پترۆ دۆلار)ی بۆ تەرخان بکات، ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی زاخۆ باشتر و جوانتر ئاوەدان بکرێتەوە.

ئاشکرایە کە زاخۆ تایبەتمەندییەکی دیکەی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خەڵکەکەی بەشی زۆری خاوەنی شەهیدە و یان خاوەنی خەباتێکی درێژە و هەژاریش بوون، بۆیە دکتۆر عەلی تەتەریش بە حوکمی ئەوەی بەرپرسی لقی ٨ بووە لە زاخۆ، ئاگاداری ئەوەیە کە زێدەڕۆییەکی زۆر لەسەر زەوییەکانی زاخۆ کراون، ئێمە لە ماوەی ئەم ٢٠ مانگەدا، هەموو ئەو زێدەڕۆییانەمان هەڵگرتووە و، بەشێکی زۆری ئەو پارانەی بۆمان دێت، دەبێت بیکەینە قەرەبووی ئەو خەڵکانەی کە زێدەڕۆییەکەمان پێ لابردوون، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش زۆر بەوە دڵخۆش و سەربەرزین کە خەڵکی زاخۆ لەگەڵ ئیدارەکەی خۆیان هاریکار و هەماهەنگن و ئامانجیانە کە شارەکەیان بە جوانی ئاوەدان بکرێتەوە.

سەبارەت بە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ گوندەکانی زاخۆ، زۆربەی گوندەکان خزمەتگوزارییان گەیاندراوەتێ، بەڵام هەندێك ماون و دەبێت ئەوانیش خزمەتگوزارییان بگاتێ و پارەیان بۆ تەرخان بکرێت.

ئەگەرچی هەندێك میلاکاتمان لە کەرتی پەروەردە کەمە، بەڵام هەوڵمان داوە بە هەوڵی هەموو لایەك کە هەلێکی دیکە بۆ زاخۆ بێتە پێشەوە و ئەو کەموکورتییانەش پڕ بکەینەوە.

لە کەرتی تەندروستیشدا کەموکورتیمان هەیە، بەڵام لە سێکتەری تەندروستییش گۆڕانکاریی بەرچاو هاتوونە ئاراوە، ئێستا لە زاخۆ ٥-٦ نەخۆشخانەی مۆدێرن دروست کراون، کە

**زاخۆ ژمارەی دانیشتووانی ئێستا زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کەس دەبێت و نزیکەی ٤٠ هەزار ئاوارە و پەنابەریشی تێدایە**

**زێدەڕۆییەکی زۆر لەسەر زەوییەکانی زاخۆ کراون، ئێمە لە ماوەی ئەم ٢٠ مانگەدا، هەموو ئەو زێدەڕۆییانەمان هەڵگرتووە و، بەشێکی زۆری ئەو پارانەی بۆمان دێت، دەبێت بیکەینە قەرەبووی ئەو خەڵکانەی کە زێدەڕۆییەکەمان پێ لابردوون**

**زۆر بەوە دڵخۆش و سەربەرزین کە خەڵکی زاخۆ لەگەڵ ئیدارەکەی خۆیان هاریکار و هەماهەنگن و ئامانجیانە کە شارەکەیان بە جوانی ئاوەدان بکرێتەوە.**



**٣٠٪ی ئەوانەی چارەسەر لە نەخۆشخانەی زاخۆ وەردەگرن پەنابەر و ئاوارەن، ئەمەش بارقورسییەکی لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوولاتیانی زاخۆ دروست کردووە**

**ڕووبەری ئەو گوندانەی زەرەرمەند بوون و بوون بە ناوچەی سەربازی لە نێوان چەکدارانی پەکەکە و سوپای تورکیا زیاترە لە ٤٠٠ کیلۆمەتری چوار گۆشە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی و ڕاستەوخۆی لەسەر ئابووری زاخۆ هەیە**

**لە زاخۆ گەلێک کێلگە و پڕۆژەی پەترۆڵی هەن، بەڕاستی ئەمەش بەرهەمێکی گرنگە، هەقە حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندیی ئەو ناوچانە لەبەرچاو بگرێت کە سامانی سرووشتی تێدایە و پارەیەکی وەک (پترۆ دۆلار)ی بۆ تەرخان بکات**

**نەخۆشخانەی گشتیی زاخۆ و نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوون و نەخۆشخانەی فریاکەوتن نۆژەن کراونەتەوە لەگەڵ دابینکردنی کەلوپەلی ئەلیکترۆنی**

نەخۆشخانەی زۆر پێشکەوتوون و هەروەها تیمی پزیشکیی ئەو نەخۆشخانانەش هەمووی پزیشکی پسپۆڕ و کادری زۆر پێشکەتوون.

**داتا و ئاماری پڕۆژەکان**

ئەو داتا و ژمارانەی لێرەدا دەیانخەمە ڕوو، تەنیا داتا و ئاماری ئەو پڕۆژانەن کە لە ماوەی دەستبەکاربوونی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆدا ئەنجام دراون کە بەم جۆرەن:

١- ١٤٦ کیلۆمەتر شەقام دروست کراوە و قیرتاو کراون.

٢- ٦٨ کیلۆمەتر ئاوەڕۆ دروست کراوە.

٣- ٧٦ کیلۆمەتر ڕێگە بۆ گوندەکان دروست کراوە.

٤- چوار پارکی تازە دروست کراون.

٥- ١٠ پارك نۆژەن کراونەتەوە.

٦- لە بواری پەروەردەدا ٦ قوتابخانە دروست کراون و ٣٤ قوتابخانەش نۆژەن کراونەتەوە.

٧- لە بواری گەشتوگوزاردا ئەم پڕۆژانە ئەنجام دراون:

- پڕۆژەی گەشتیاریی دەوروبەری خاپووری زاخۆ (قۆناغی یەکەم).
- دروستکردنی پێنج پۆند لە ناو خاپووری زاخۆ.
- نۆژەنکردنەوەی تاڤگەی سووری و سیلاڤا و ئەشکەوتی بیهیری.
- نۆژەنکردنەوەی بازاڕی کۆن بە شێوازی کەلتووری.

٨- لە بواری کەرتی تەندروستیدا ئەم پڕۆژانە ئەنجام دراون:

- نۆژەنکردنەوەی نۆ بنکەی تەندروستی لەگەڵ دابینکردنی چوار موەلیدە لە زاخۆ.
- نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی گشتیی زاخۆ و نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوونی منداڵ و نەخۆشخانەی فریاکەوتن لەگەڵ کەلوپەلی ئەلیکترۆنی.
- دابینکردنی ئامێری IT بۆ بەڕێوەبەرایەتی و نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی لە زاخۆ، هەروەها نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستیی نەخۆشخانەی منداڵان.

٩- لە بواری کارەبا ئەم پڕۆژانە ئەنجام دراون:

- ڕووناککردنەوەی پردی دەلال.
- دانانی پلاجکتۆڕی ڕووناکی بۆ تونێلی زاخۆ تاکو دەروازەی زاخۆ.
- گەیاندنی هێڵی کارەبا بۆ خاڵەکانی پێشمەرگە لە چیای گوندی بەهنونێ بۆ گەیاندنی کارەبا بۆ گوندی شیڤێ.
- گەیاندنی کارەبای بەردەوام بۆ چەند شوێنێکی جیاواز لە ناوەندی زاخۆ.
- گەیاندنی کارەبا بۆ گوندی کورکا (قۆناغی یەکەم و دووەم).
- ڕێکخستنی تۆڕ و فیدەری کارەبا لەگەڵ ڕووناککردنەوەی شەقام و دانانی ئۆڤەرلۆد لە سنووری قەزای باتیفا.
- کڕینی ڤەبرین KV11 لە جۆری ABB بۆ ئیزگەی زاخۆ.

١٠- لە بواری دابینکردنی ئاوی خواردنەوە ئەم پڕۆژانە ئەنجام دراون:

- دروستکردنی تانکیی ئاو لەگەڵ تۆڕی ئاو لە گەڕەکی قسم داخلی لە قەزای باتیفا.
- دروستکردنی کۆگایەك بۆ ئاو بە قەبارەی (٥٢*٢٠*٦) بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی زاخۆ.
- دروستکردنی ژووری پەمپ لەگەڵ دابینکردنی پەمپ بۆ پڕۆژەی ئاوی (هێزاوا-دەرکار) لەگەڵ دانانی تۆڕی ئاو.
- دروستکردن و چاککردنەوەی تۆڕی ئاوی لە چەند گەڕەکێکی جیاوازی زاخۆ.
- دروستکردنی تۆڕی ئاو بۆ گەڕەکی (دەشتمری نوێ) قۆناغی یەکەم لەگەڵ هەڵکەندنی دوو بیری ئاوی خواردنەوە لە (کانی ڕهال و ڕکاوا نوێ).
- نۆژەنکردنەوەی تۆڕی ئاوی گەڕەکەکانی نەورۆز و تلکەبەر و مەتین.
- دابینکردنی کەلوپەلی یەدەگ بۆ پڕۆژەی ئاو و تۆڕی ئاو لە زاخۆ.
- دابینکردنی کلۆر و گاز و پاودەر بۆ پاککردنەوەی ئاوی زاخۆ (قۆناغی یەکەم).

١١- لە بواری پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ ئەم پڕۆژانە ئەنجام دراون:

- دروستکردنی خانووی پلاستیکی بۆ ٢٠ جووتیار.
- دروستکردنی جۆگەی چەمی خاکا لەگەڵ چاککردنەوەی جۆگەی بلدیشا لە گوندی گۆڤکا سەری، جۆگەی گوندی دێمکا و جۆگەی گوندی دێریشکێ، جۆگەی ڕاپالی تەها لە



گوندی سیرکوتکی، جۆگەی بێرهی بە درێژایی ٧,٥ کیلۆمەتر.

١٢- لە بواری دابینکردنی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە ئەم پرۆژانە ئەنجام دراون:

- هەڵکەندنی دوو بیری ئاوی خواردنەوە بۆ گەڕەکی ڕکاوای نوێ و گەڕەکی ئەیاز.
- هەڵکەندنی سێ بیری ئاوی خواردنەوە بۆ کۆمەڵگەکانی بیرسیڤێ و هیزاوا و دەرکار.
- هەڵکەندنی دوو بیری ئاوی خواردنەوە بۆ کۆمەڵگەکانی کانی ڕوهالی و سەلکا.
- هەڵکەندنی بیرێکی ئاوی خواردنەوە بۆ گەڕەکی دەشتمرا نوێ (قۆناغی یەکەم).
- خاوێنکردنەوەی خاپووری زاخۆ بە درێژایی ١٥٠٠ مەتر.

لە دوماهیدا دەخوازم بڵێم، هێشتا زاخۆ پێویستی بە پاڵپشتیی زیاتری حکومەتی هەرێمی کوردستانە و ئومێدمان ئەوەیە زیاتر پاڵپشتی بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین لە ئاستی خواست و ئومێدی خەڵکەکەی خۆماندا بین.

**١٤٦ کیلۆمەتر شەقام دروست کراوە و قیرتاو کراون و ٧٦ کیلۆمەتر ڕێگە بۆ گوندەکان دروست کراوە**

**٦٨ کیلۆمەتر ئاوەڕۆ دروست کراوە.**

**٤ پارکی تازە دروست کراون و١٠ پارکیش نۆژەن کراونەتەوە**

**٦ قوتابخانە دروست کراون و ٣٤ قوتابخانەش نۆژەن کراونەتەوە**





**شڤان حەمدی**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# ڕێژەی بەرزی نارەزایی خەڵک لای گەنجەکانی کوردستانە و زۆربەشیان داواکارییان دۆزینەوەی هەلی کارە

**شڤان حەمدی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە و دەرچووی بەشی یاسای زانکۆی جیهانە، پێشتریش ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بووە و، لە بواری کاری ڕاگەیاندن و میدیا و ڕۆشنبیریدا یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕۆژانە کار لەسەر کێشەکانی خەڵك و خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان دەکات و لەسەر ئاستی بایەخدان بە بواری ڕۆشنبیری یەکێکە لەو کارەکتەرانەی کە ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا، لە گفتوگۆی ئەم جارە «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری» بەم جۆرە ڕای خۆی دەربڕی.**

دوای ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا گوێبیستی ئەو هەموو داتا و ئامارە بەنرخانە بووین کە لەلایەن بەڕێزان (هەر چوار پارێزگارەکەی هەرێمی کوردستان و هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و زاخۆ) خرانە ڕوو، هەر ئەو داتا و ئامارانە وێنای خواست و داواکاری و نارازیبوونی سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستانی هەر لە زاخۆوە هەتا کفری و کەلار، لە یەك تابلۆدا پیشان داین، هەروەها ئاستی بەرزی گفتوگۆکە کە بە گیانی خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری و پەرۆشی بۆ کێشە و گرفتەکان بەڕێوە چوو، ئەمیشیان وەك خەونێك هاتە پێش چاو، کە دوای ئەو هەموو خەبات و قوربانیدان و کارەساتە گەورانە بە سەر گەلەکەمان هاتووە. ئەمڕۆ خۆمان حوکمڕانیی خۆمان دەکەین و خۆمان ئیدارەکانی خۆمان هەڵدەسووڕێنێن و گەنجە لێهاتوو و ئەکادیمیستەکانی خۆمان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە دووبارە بونیادنەوەی وڵاتی خۆمان و، ئەرکی سەرشانی هەموو میدیاکانی کوردستانە کە ئەو گیانی تەبایی و برایەتییەی ئەمڕۆ لەم گفتوگۆیەدا بینیمان، جێگەی بایەخی سەرەکی بێت، چونکە خەم و کێشەکانی هاووڵاتیانی کوردستان خەمی هەموو لایەکمانە و بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەموو لایەکیش دەتوانین چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، میللەتی ئێمەش ڕەنجی زۆری کێشاوە و شایستەی ئەوەیە

ژیانێکی خۆشگوزەران و کامەرانی هەبێت.

ئەگەر هاریکاری و هەماهەنگی بخەینە سەرووی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی و ڕەنگەکان، ئەوا چارەسەرکردنی هیچ کێشە و گرفتێك مەحاڵ نابێت و کلیلی کردنەوەی هەموو کێشەکانمان و ئایندەی قەوارە سیاسییەکەمان لە تەبایی و یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستاندا بەرجەستە دەبێت، لە هەمان کاتیشدا ئەو دەرفەتانەش لە بەردەم خەڵکانی ئینتیهازی و میدیای نابەرپرسدا ناهێڵین کە ئێستا بۆ مەبەستی سیاسی و موزایەدەی سیاسی و خۆدەوڵەمەندکردن، سایکۆلۆژیەتێکی نارازیبوونیان لە ناخی هاووڵاتیانی کوردستاندا دروست کردووە، وەك د.سالار زۆر بە جوانی ئاماژەی پێ کرد.

بەپێی ئەو ڕاپرسییەی بازنەی گفتوگۆ لەسەر (گەنج و ڕەخنە سیاسییەکانی) چەند مانگێگ پێش ئێستا بۆ گفتوگۆکردن لەسەری ئەنجامی دابوو، ڕێژەی بەرزی نارازیبوون لە گەنجانی تەمەن (١٨تا٣٥) ساڵاندایە، ئەم توێژەش بەشی هەرە زۆریان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان و بەشێکی باشیشیان هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران لە بواری زانستە جیاوازەکان و، بەشێکی زۆریشیان کاری شایستەی خۆیان دەست نەکەوتووە و وا هەست دەکەن پەراوێز خراون و، لە بری ئەوەی هەوڵێك هەبێت بۆ ئەوەی لە خەمەکانی ئەو توێژە تێبگەین و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوان وا هەست دەکەن بە کرێکار و کارمەندی بیانی و خەڵکی دەرەوەی کوردستان بەدیلیان بۆ دروست کراوە، ئەمەش ئەو هەستەی لا دروست کردوون پەراوێز و ئیهمال کراون و، وەك یەکێك لە بیرمەندەکان دەڵێت: «کرێکار بچەوسێندرێتەوە پێی باشترە وەك لەوەی پەراوێز بخرێت و ئیهمال بکرێت»، دەوڵەتێکی وەك ژاپۆن کە یەکێکە لە حەوت دەوڵەتە گەورە پیشەسازییەکەی جیهان، هەروەها بە یەکێك لە دەوڵەتانی مۆدێلی سیستمی ئەورووپای ڕۆژئاوا دادەنرێت، بەڵام ژاپۆن تەنیا دەوڵەتە کە پێشوازی لە پەنابەران ناکات و نەیهێشتووە بە دیل بۆ توانا و لێهاتوویی گەنجەکانی خۆی دروست بکات، هەورەوها تەنیا دەوڵەتیشە لە ناو مودێلی سیستمی لیبراڵ دیموکراتدا کە دیاردەی پۆپۆلیستی تیایدا سەری هەڵنەداوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە هەلی کاری (بیر و بازوو) لە کەرتی تایبەتدا بۆ گەنجەکانی کوردستان دابین بکات، بۆ ئەمەش بڕیارێکی دەرکردووە بۆ کۆمپانیاکان بەوەی دەبێت بە ڕێژەی ٧٥٪ی هەلی کار بۆ گەنجەکانی خۆمان بێت و ٢٥٪ی بۆ کارمەندی بیانی و خەڵکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت، ئەمە تا ڕادەیەك بڕیارێکی باشە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کۆمپانیاکان لەگەڵ ئەوەی وەك خۆی ئەم بڕیارەیان جێبەجێ نەکردووە، لە هەمانکاتدا ئەوە مووچەی کارمەندان (بیر و بازوو) دیاری دەکات، ئەو بەدیلە بیانییەیە کە بۆ گەنجانی ئێمە دروست کراون، بە واتایەکی دیکە لەبەر ئەوەی کرێکار، یان کارمەندێك کە لە وڵاتێکی هەژاری بیانی یان دەوروبەرەوە دێتە کوردستان و ئامادەیە بە ٣٠٠-٤٠٠ دۆلار هەموو کارێك بکات، ئەمە فەرزی کردووە دەبێت گەنجانی ئێمەش هەر بەو بڕە مووچەیە کاریان بۆ پەیدا بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەو بڕە مووچەیە بۆ کارمەندێکی دەوڵەتێکی هەژاری بیانی یان دەوربەر، وەك ساڵانی نەوەدەکانی لای خۆمانە کە ٥٠ دۆلار بەشی دوو ماڵی دەکرد، بەڵام بۆ ئێستای کوردستان ئەو بڕە پارەیە خواستی گەنج پڕناکاتەوە، پێشنیاری من بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە فەرز بکرێت لەسەر هەموو کۆمپانیاکانی کوردستان کە مووچەی کارمەندانیان لە مووچەی ئەو کارمەندانە بەرزتر بێت کە لە کەرتی گشتی (حکومەت) کار دەکەن، هەر بۆ نموونە چۆن دەبێت (ئەندازیارێك، مامۆستایەك، ژمێریایێك و.. هتد) مووچەکەی لە کەرتی تایبەت لە کەرتی گشتی کەمتر بێت؟

خاڵی دووماهی کە دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە پرسی ڕۆتینە، بەڕاستی ڕۆتین زۆر سیمای بیرۆکراسییەت ناشیرین دەکات و هاووڵاتی تووڕە و بێزار دەکات، هەر لەم دانیشتنەدا بەڕێز ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە زۆر جوان ئاماژەی پێ کرد، بە هۆی ئەو ڕۆتینەوە دوو مانگ بەسەر یادی کیمیابارانی هەڵەبجە تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا ئەو پارەیە سەرف نەکراوە کە بۆ یادکردنەوەی ئەو کارەساتە گەورەیە تەرخان کراوە.

**ژاپۆن تەنیا دەوڵەتە کە پێشوازی لە پەنابەران ناکات و نەیهێشتووە بە دیل بۆ توانا و لێهاتوویی گەنجەکانی خۆی دروست بکات و تەنیا دەوڵەتیشە لە ناو مودێلی سیستمی لیبراڵ دیموکراتدا کە دیاردەی پۆپۆلیستی تیایدا سەری هەڵنەداوە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە هەلی کاری (بیر و بازوو) لە کەرتی تایبەتدا بۆ گەنجەکانی کوردستان دابین بکات، بۆ ئەمەش بڕیارێکی دەرکردووە بۆ کۆمپانیاکان بەوەی دەبێت بە ڕێژەی ٧٥٪ی هەلی کار بۆ گەنجەکانی خۆمان بێت**

**پێشنیاری من بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە فەرز بکرێت لەسەر هەموو کۆمپانیاکانی کوردستان کە مووچەی کارمەندانیان لە مووچەی ئەو کارمەندانە بەرزتر بێت کە لە کەرتی گشتی (حکومەت) کار دەکەن**

**بە هۆی ئەو ڕۆتینەوە دوو مانگ بەسەر یادی کیمیابارانی هەڵەبجە تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا ئەو پارەیە سەرف نەکراوە کە بۆ یادکردنەوەی ئەو کارەساتە گەورەیە تەرخان کراوە**





## پ.د.نەزاکەت حسێن

ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# دەبێت ڕای خەڵک بە گرنگ بزانین و حکومەت و میدیاش پێکەوە کاری جددی لەسەر بکەن

پ.د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی لیژنەی بازنەی گفتوگۆیە و، یەکێکە لە ئەکادیمیستە دیارەکانی بواری ڕۆژنامەگەری و سەرۆکی (لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسانیشە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)، ئەمەش وای کردووە، هەم لە ڕووە ئەکادیمی و زانستییەکە و هەمیش لە ڕووە مەیدانییەکەیەوە ئاگاداری خواستەکانی خەڵك و گرفتی ڕۆژنامەنووسانیش بێت، ئەمە بێجگە لەوەی دەیان توێژینەوەی زانستی و کتێبی لەم بوارەدا لەسەر بنەمای داتا و ئامار نووسیوە، لە گفتوگۆی ئەمجارەشدا «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری» بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.

بەڕێزان لەم گفتوگۆیەدا زانیاریی زۆر گرنگیان لەسەر بابەتێکی زۆر گرنگتر کە خواست و داواکاریی خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بۆ هاووڵاتیان خستە ڕوو، سەرەنجامی هەموو بۆچوونە جیاوازەکانیش ئەوەیە کە هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی خەڵك نارازییە، ئەوجا هۆکاری ئەم نارازیبوونەی خەڵك هەرچییەك بێت، ئەوا دەبێت حکومەتی خۆمان لە بەڕێزان (پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان) بە هەندی وەربگرن و ئێمەش وەك میدیا پێویستە کاری جددی لەسەر بکەین.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بە چ میکانیزمێك کار لەسەر نارەزایی خەڵك بکەین؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: لە هەموو ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی سیستمی دیموکراتی و ئابووریی بازاڕ دەکەن، دوو بنەمای گرنگیان کردووە بە بنەما بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خواست و ویستی هاووڵاتی کە ئەو دوو بنەمایەش بریتین لە:

١- لەسەر ئاستی سیاسی: لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی هەڵبژاردن یەکێکە لە پرانسیپە سەرەکییەکانی سیستمی دیموکراتی، ئەم پرانسیپە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی هەموو کاتێك دەنگدەر ڕاست دەکات (voter al-ways right).

٢- لەسەر ئاستی ئابووری و بازاڕ:
ئابووریی سیستمی دیموکراتی پشتبەستووە بە بازاڕی ئازاد و ساخکردنەوەی بەرهەمەکەی لای کڕیارەکانی، بۆیە ئەم بازاڕە پشتبەستووە بە کڕیارەکانی، ئەمەش وای کردووە ئابووریی بازاڕ لەسەر پرانسیپی بەردەوام کڕیار لەسەر هەقە (customer always right) بێت.

بێگومان سیستمی حوکمڕانیی کوردستانیش، هەم لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی پشتبەستووە بە هەڵبژاردن و دەنگدانی خەڵك، هەمیش لەسەر ئاستی ئابووری پشتبەستووە بە ئابووریی بازاڕ، بۆیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئێمەش دەبێت ڕای خەڵك بە گرنگ بزانین و کاری جددی لەسەر بکەین.

لەم بوارەدا من وەك ئەکادیمیستێك کە لە بواری ڕێکلام و کاری میدیاییدا زۆرتر کارم لەسەر بە بازاڕکردن (Marketing) کردووە، بۆیە هەوڵ دەدەم لەسەر ئەم پرانسیپە بۆچوونەکانی خۆم بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ خواست و داواکاری و ناڕەزایی هاووڵاتی بخەمە ڕوو.

لە پرۆسەی بەبازاڕکردنی هەر بەرهەمێکدا پرانسیپێك هەیە کە دەڵێت: «گرنگ نییە بەرهەمەکەت چییە، گرنگ نییە چۆن ڕێکلامی بۆ دەکەیت، گرنگیش نییە چۆن دابەشی دەکەیت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئایا کڕیارەکەت ڕازی کردووە، یان ڕازیت نەکردووە، بۆ ئەوەی بەرهەمەکەت بکڕێت؟»، لەسەر ئەم بنەمایە حکومەت ئەو کۆمپانیایەیە کە بەرهەمێك دەخاتە بازاڕەوە و هاووڵاتیش ئەو کڕیارەیە کە دەبێت بە بەرهەمی ئەو کۆمپانیایە ڕازی بێت، ئەوجا لەسەر هەق بێت، یان لەسەر هەق نەبێت، سەرەنجام هەر کڕیارەکە لەسەر هەقە و دەبێت کۆمپانیاکە مامەڵە لەگەڵ خواستی کڕیارەکانیدا بکات، ئێستا ئێمەش گەیشتووینەتە ئەو ڕاستییەی کە هاووڵاتی ناڕازییە، بۆیە دەبێت ئەم ناڕازیبوونەی خەڵك لە ڕووە بەبازاڕکردنەوەکەیەوە قسەی لەسەر بکەین.

پێش هەموو شتێك گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە کاتێك دەمانەوێت بازاڕکردن بۆ بەرهەمێك بکەین، دەبێت ئەوەمان لە بەرچاو بێت کە (پێداویستی و خواست و حەز - Need،Want،Diser) هەیە، بۆیە ئێمە دەبێت لەسەر ئەم سێ بنەمایە لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان هەڵسەنگاندن بکەین، بەدوای ئەو خاڵە بکەوین کە بووەتە سەرچاوەی دروستبوونی ئەم ناڕەزاییە لای خەڵك، دەبێت بزانین ئەم ناڕازیبوونە دروست کراوە، وەك د.سالار ئاماژەی پێ کرد، بووەتە سایکۆلۆژیەت، یان لایەن و کەسانێك موزایەدەی سیاسی پێوە دەکەن و خۆیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن، یانیش بە کردەیی حکومەت بە دوای هۆکاری ڕاستەقینەی ناڕازیبوونی خەڵکدا بگەڕێت.

**پرۆسەی بەبازاڕکردنی هەر بەرهەمێکدا پرانسیپێک هەیە کە دەڵێت: «گرنگ نییە بەرهەمەکەت چییە، گرنگ نییە چۆن ڕێکلامی بۆ دەکەیت، گرنگیش نییە چۆن دابەشی دەکەیت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئایا کڕیارەکەت ڕازی کردووە، یان ڕازیت نەکردووە، بۆ ئەوەی بەرهەمەکەت بکڕێت؟»**




ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا وەك سەرەنجام پێی گەیشتین، شتێکی زۆر باش بوو، هەموو لایەك کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو ناڕازیبوونە هەیە و هەستی پێ دەکەین، بۆیە گرنگە لەسەر ئاستی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی یەکە ئیدارییەکان، بەتایبەتی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، دوای سەرەداوی ئەو ناڕازیبوونەی خەڵك بکەوین و سەرچاوەکەی وەك خۆی دەستنیشان بکەین، لەسەر ئاستی ئەو ناڕازیبوونە هەوڵ بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان بدەین، چونکە هەر چییەك بکەین، سەرەنجام ئەگەر خەڵك ڕازی نەبوو، واتە هیچمان نەکردووە.

**گرنگە لەسەر ئاستی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی یەکە ئیدارییەکان، بەتایبەتی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، دوای سەرەداوی ئەو ناڕازیبوونەی خەڵک بکەوین و سەرچاوەکەی وەک خۆی دەستنیشان بکەین**





**د. جەلال ئەحمەد**

بەرپرسی بنکەی توێژینەوەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# حکومەتی هەرێم بە ئاراستەی چارەسەرکردنی گرفتەکان و دابینکردنی زیاتری خزمەتگوزارییەکان هەنگاوی ئەرێنی هەڵگرتووە

**بەڕێز د.جەلال ئەحمەد بەرپرسی بنکەی توێژینەوەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و مامۆستایە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، هەروەها یەکێکە لە توێژەرە باشەکانی بواری کۆمەڵگە و ڕاپرسی، لەم بوارەشدا جێ دەستی دیارە و زۆر پسپۆڕانە ئامار و داتاکان لەسەر پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگە کۆدەکاتەوە، لە گفتوگۆی ئەم جارە «خواست و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان»، بەم جۆرە بۆ چوونەکانی خستە ڕوو.**

بە وتەیەکی تەها حسێنی شاعیر دەست پێ دەکەم کە دەڵێت: «سیاسییەکان تا خۆیان لەبیر نەکەن، ناتوانن خزمەتی گەلی خۆیان بکەن»، کەواتە ئەو قسەیەش لە جێی خۆیەتی ئەگەر بڵێین ڕەزامەندیی خەڵك لە ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکرێن، بەندە بەوەی سیستمی سیاسی و حکومەت و کاربەدەستان، چەندە لە خەمی بەرزکردنەوەی کوالێتیی ژیانی خەڵکدان، کوالێتیی ژیانیش لە بەرجەستەکردنی کوالێتییەکی گشتگیردا بەرجەستە دەبێت، کە لە ڕۆژگاری ئێستادا پێداگرە لەسەر بەرزیی کوالێتیی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان لە ڕووی ئەدا و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بە ڕۆحییەتێکی دەستەجەمعی، لەپێناو کەمکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی کاتی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکانی کڕیار و بەکاربەران و دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕ و ژیان بەگشتی، بەو واتایەش بە پەیڕەوکردنی میتۆدێکی کارکردنی گشتگیر دەتوانرێت کاروبارەکان بە بەردەوامی باش هەڵسووڕێندرێن، خزمەتگوزاری و دابینکردنی پێداویستییەکانیش لە ئاست چاوەڕوانی هاووڵاتیاندا بن.

لە هەرێمی کوردستاندا بە هەر هۆکارێك بێت تا ئێستا میتۆدی کارکردن لە پێناو گەیشتن بە کوالێتیی گشتگیر، وەك پێویست کاری پێ نەکراوە، بۆیەش هاووڵاتیان حەقی خۆیانە گلەییان هەبێت، بەتایبەت لە دواکەوتنی مووچە و شایستە داراییەکان و گرانی و خراپیی کوالێتیی سووتەمەنی و کەمی و خراپیی کوالێتی بەشێك لە دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان و دابەزینی ئاست و کوالێتیی پەروەردە و پێگەیاندن و خراپیی ڕێگەوبانەکان و کەمیی کاتەکانی پێدانی کارەبا.

بۆ پاڵپشتیی ئەو قسانەم دەمەوێ بڵێم، کە لە ماوەی ڕابردوودا کێشەی کەمیی پڕۆژەی خزمەتگوزاری و دواکەوتنی مووچە، کە هێشتا تا ڕاددەیەك ماوە و کاتی هاتنی مووچە بووە بە مزگێنی و هەواڵێکی مژدەبەخش بۆ فەرمانبەران و خەڵکی ئاساییش، لەبەر ئەوەی مووچە هەر چەندە بەراورد بە چەند ساڵێك بەر لە ئێستا باشتر بووە و پاشەکەوت نەماوە، بەڵام ساڵانێکی زۆرە پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی مەدەنی ڕاگیراوە و ڕوودانی هەر پێشهاتێکی سیاسی و ئابووری، ترسی دواکەوتنی مووچە دەخاتە دڵیانەوە.

لە لایەکیترەوە گرانی و خراپیی کوالێتیی بەنزین لە هەرێم بەراورد بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند، هەڵکشانی نرخی بەرمیلێك نەوت بۆ ٢٨٠ هەزار دینار کە وای کرد زستان خەڵکێکی زۆر لە بەنزینخانەکان بە جلیکان نەوت بکڕن، جار بە جار سەرهەڵدانی قەیرانی کەمیی غاز، چۆن نابنە هۆی ئەوەی خەڵکی گلەییان لە دابینکردنیان هەبێت. نەبوونی بەردەوامی کارەبای نیشتمانی و زۆریی مۆلیدە و گرانیی نرخی ئەمپێرێك کارەبا بەهۆی هەڵکشانی نرخی گازەوە، سەرەڕای ئەوەی سیمایەکی ناشیرینیان بە گەڕەکەکان بەخشیوە، بوونەتە مایەی پیسبوونی هەواو و پیسبوونی بینایی (التلوث البصري) خۆشبەختانە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بەڕێز سەرۆکی حکومەت بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای بە تیشکی خۆر دانا و بەڵێنی دا کە کێشەی کارەبا چارەسەر دەکات و کۆتایی بە تۆڕێ جاڵجاڵۆکەیی کێبڵی مۆلیدەکان دەهێنێت. لە بواری سووتەمەنییشدا دۆخەکە تا ڕاددەیەك بەرەو باشییە، بەڵام لە ڕووی تەندروستییەوە دۆخەکە هێشتا باش کۆنترۆڵ نەکراوە و لە نەخۆشخانە حکوومییەکاندا بەشێك دەرمانی پێویست دەست ناکەون، خەڵکێکی زۆریش لە ترسی سەرەگرتن بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ بینینی دکتۆرێك، بە هۆی ئەوەی ژمارەیان کەمە، یان وەك پێویست دەوام ناکەن، ناچارن ڕوو بکەنەوە نەخۆشخانە تایبەتییەکان، بەو هۆیەشەوە دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بووەتە یەکێك لە بوارەکانی وەبەرهێنان لەسەر حیسابی کەرتی گشتی و گیرفانی هاووڵاتیان. بەشێك لە دکتۆر و تەنانەت یاریدەدەرەکانیشیان هێندەی لە نەخۆشخانە تایبەتییەکان دەوام دەکەن، هێندە لەو شوێنە دەوام ناکەن کە مانگانە مووچەیەکی باش لە بەرانبەر تەنیا چەند ڕۆژێك دەوامکردن وەردەگرن، زۆرن ئەو دکتۆرانەی لە ناو نەخۆشخانەی حکوومییەکاندا نەخۆش ڕادەسپێرن تا ئێوارە سەردانی عیادە، یان نەخۆشخانە تایبەتییەکەی خۆی، یا دکتۆرێکی هاوڕێی بکات، هاووڵاتیانیش کەم تا زۆر ئەوەیان بیستووە کە بەشێك لە دکتۆرەکان ماوەیەك بوو ببوون بە ساخکەرەوەی جۆرەها دەرمان بۆ کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی دەرمان. لە کەرتی پەروەردە و پێگەیاندنیشدا، خزمەتگوزارییەکان وەك پێویست و سەردەمی نین، قوتابخانەکان لەگەڵ ئەوەی ژمارەیان وەك پێویست نین، ژمارەیەکی زۆریشیان لە سەرتاسەری هەرێم زیاتر لە دەوامێکیان تێدا دەکرێت و، بەشێکیان کێشەی گونجان بۆ بەکارهێنانیان هەیە و ژمارەی پێویست لە مامۆستایان نییە، ژمارەی قوتابی لە هەر پۆلێکیشدا لە ستاندارد زۆر زیاترە، بە داخەوە کەرتی پەروەردە و پێگەیاندنیش زیاتر لە قازانجی کەرتی تایبەتدا بووەتە قوربانی لەسەر حیسابی خزمەت و بەرژەوەندیی گشتی، حاڵی بەشێك لە زانکۆکانیش لە قوتابخانەکان باشتر نییە. بەشێك لە ڕێگەوبانەکان بە ڕێگەی مەرگ ناسراون و ساڵانە ژمارەیەك هاووڵاتی دەبنە قوربانیی خراپیی کوالێتیی ڕێگەوبان، سەرەڕای ئەم کەموکووڕییانەش، بەڵام لە هەرێمدا ئاسایش و ئارامییەکی باش هەیە و خەڵکی هەستی پێ دەکەن و حکومەت تا ئەو ڕادەیەیەی لە توانایدایە، لە بوارەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و پاکوخاوێنی شوێنەکانی گەشتوگوزار و پشوودان و دابینکردنی بەروبووم و خۆراك و گواستنەوە و گەیاندن ڕێگەوبان و بەڕێوەبردنی کاروبارە ئیدارییەکان، خزمەتی خەڵکی کردووە و ڕێژەیەکی باش لێی ڕازین. حکومەتی هەرێمیش بە ئاراستەی چارەسەرکردنی گرفتەکان و دابینکردنی زیاتری خزمەتگوزارییەکان هەنگاوی ئەرێنی هەڵگرتووە، ئەگەر حکومەتی عێراق لەگەڵیدا هەماهەنگ بێت، دواجار دەڵێم پێویستە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان هاوشێوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان ببنە جێی بایەخی پارتە سیاسییەکان و خەڵك، کارنامەکانی هەڵبژاردنیش لە خزمەت پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا بێت.

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بەڕێز سەرۆکی حکومەت بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای بە تیشکی خۆر دانا و بەڵێنی دا کە کێشەی کارەبا چارەسەر دەکات و کۆتایی بە تۆڕێ جاڵجاڵۆکەیی کێبڵی مۆلیدەکان دەهێنێت

لە ڕووی تەندروستییەوە دۆخەکە هێشتا باش کۆنترۆڵ نەکراوە و لە نەخۆشخانە حکوومییەکاندا بەشێک دەرمانی پێویست دەست ناکەون

پێویستە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان هاوشێوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان ببنە جێی بایەخی پارتە سیاسییەکان و خەڵک، کارنامەکانی هەڵبژاردنیش لە خزمەت پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا بێت



## فەرهاد محەمەد

ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# پێویستە لینکی پەیوەندیی بەردەوام لە نێوان کۆی دامەزراوەکانی حکومەت و خەڵک و میدیاکاراندا هەبێت

**فەرهاد محەمەد ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە، کە ئەرکی سەرەکیی ئەم گۆڤارە بایەخدانە بە پرۆسەکانی بونیادنانی دەوڵەت و نەتەوە و حوکمڕانیی باش، هەتا ئێستا سەدان توێژینەوە و ڕاپۆرتی زانستی بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕۆشنبیر و ئەکادیمیستانی ناوخۆ و دەرەوە لەسەر ئەم پرسە لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە بڵاو کراوەتەوە، لە گفتوگۆی ئەم جارە «خواست و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری» بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

لە گفتوگۆی ئەم جارە «خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری» کە بەڕێزان پارێزگارەکان و سەرپەرشیارانی ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵمان بەشدار بوون و، پێکەوە لەسەر ئەو ڕاپرسییە گفتوگۆمان کرد، کە ئاستی ناڕازیبوونی خەڵکی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بۆ خستینە ڕوو، هەموو لایەکیش لەسەر ئەوە کۆك بوون کە ڕای خەڵك ئەرێنی بێت، یان نەرێنی، گرنگە و دەبێت بە بایەخەوە وەربگیرێت و کاری جددی لەسەر بکرێت، ئەم ئاکامە گەشبینییەکی لا دروست کردین، بەوەی لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا ئامادەباشییەك هەیە بۆ ئەوەی ئاستی بەسیاسیکردنی کۆمەڵگە کاڵ بکرێتەوە و ناڕەزایی و کێشەکانی خەڵك لە ئایدیۆلۆژیەتی تەسکی حزبایەتی بێتە دەرەوە و، ببنە خەم و کێشەیەکی مەدەنی و، دامەزراوەکانی دەوڵەت هەوڵی چارەسەرکردنی هۆکاری ئەو ناڕەزایی و کێشانە بدەن و، حکومەت ئەم کێشە و ناڕەزاییانەی خەڵك بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت، بۆ ئەوەی خەڵکیش ئەو حکومەتە بە حکومەتی خۆی بزانێت.

لە میانەی ئەم گفتوگۆیەدا تیشك خرایە سەر ئەو لایەنەی کە بەشێکی ڕاپرسییەکە ڕەنگدانەوەی واقیعی حاڵی پرۆسەی حوکمڕانی نییە لە کوردستاندا، لەبەر ئەوەی ڕاستە کەموکورتی هەیە و هاووڵاتی مافی خۆیەتی و شایستەی ئەوەیە باشترین خزمەتگوزاریی پێشکەش بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا لە

تەواوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان کاری زۆر باشیشی کراوە، بەو مانایە نییە کە هیچ نەکراوە و هیچ گۆڕانکارییەک لە ماوەی چوار ساڵی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەبوویێت، هۆکاری دروستبوونی ئەم هەستە نەرێنییە لای هاوولاتی کە لە هەموو شتێک نارازییە، گێڕانەوە بۆ ئەوەی میدیای نابەرپرس و ئۆپۆزسیۆنی نابەرپرس کە لە پێناوی لایک و کۆمێنت و چەند دەنگێکی هەڵبژاردن ئەم واقیعە نەرێنییانەی لای هاوولاتی دروست کردووە، لێرەوە ئەگەر ئەمە دیوێکی ئەو دیمەنە بێت کە ئێستا دەیبینین، ئەوا دیوێکی دیکەشی هەیە کە ئەویە ڕەنگە حکومەت و وەزارەتەکان و تەواوی یەکە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان کە ئەم لایەنەیان بە بایەخەوە وەرنەگرتووە و تا ڕادەیەکی باش فەرامۆشیان کردووە.

بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی کابینەی نۆیەمدا چەندین جار هەوڵی داوە لینکێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ (گەنجان، قوتابیان، میدیاکاران و...هتد) دروست بکات و ڕووبەڕوو گفتوگۆی لەگەڵدا کردوون، تەنانەت لە دوا دیداری لەگەڵ میدیاکارانی کوردستان تەواوی ئەو گفتوگۆیە پەخش کرا، کە نزیکەی سێ کاتژمێر بوو، ئەم هەنگاوەی سەرۆکی حکومەت هەنگاوە دروستەکەیە بۆ دروستکردنی ئەو ڕایەڵەیەی کە تیایدا پەیوەندییەکی دروست لە نێوان خەڵک و دامەزراوەکانی حکومەتدا دروست دەکات و، هەوڵێکە بۆ ئەوەی حکومەت بیسەلمێنێت بەڕاستی خزمەتکاری میللەتی خۆیەتی و میللەتیش حکومەت بە حکومەتی خۆی بزانێت و پشتگیری لێ بکات، بەڵام دەکرا ئەم هەنگاوەی سەرۆکی حکومەت، لەسەر ئاستی وەزارەتەکان و پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان تا دەگاتە ناحیەیەکیش بە شێوەیەکی مانگانە، یان وەرزی لەگەڵ خەڵک و میدیاکاران دووبارە بکرایەوە. کەواتە ئەم ئاکامە داوامان لێ دەکات، بەوەی پێویستە لینکی پەیوەندیی بەردەوام لە نێوان کۆی دامەزراوەکانی حکومەت و خەڵک و میدیاکاراندا هەبێت.

ئەگەر بە ڕاشکاوی خەمخۆرانە بمانەوێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەم واقیعە بکەین، ئەوا من هەڵوەستە لەسەر میدیا و میدیاکارانی هەر سێ حزبی (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) دەکەم، کە ئەو سێ لایەنە لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەک کابینەی نۆیەمیان پێک هێناوە و دەپرسم: ئایا حکومەت و وەزارەتەکان و یەکە ئیدارییەکان پەیوەندییەکی تەندروستیان لەگەڵ میدیاکارانی خۆیان هەیە، تا ئەوانیش بتوانن داتا و زانیاریی دروست بخەنە بەردەستی هاوولاتیان و ڕێگە نەدەن میدیای نابەرپرس و ئۆپۆزسیۆنی نابەرپرس واقیعەکە بشێوێنن؟ من وەڵامی ئەم پرسیارەم لە ڕوانگەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، کە گلەیی ئەوەمان لەسەر بوو، نەمانتوانیوە زانیاری و داتای ڕاست و دروستی کارەکانی حکومەت بگەیەنینە هاوولاتیان، بێگومان وەڵامی ئێمەش بۆیان ئەوە بوو، باشە کوا ئێوە هیچ داتا و زانیارییەکتان بە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن داوە، هەتا ئۆرگانەکانی ئەم بەشە دریغییان کردبێت لە گواستنەوەی ئەو داتا و زانیاریانە بۆ هاوولاتیان، ئایا ڕایەڵەیەک هەیە ئەندامانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و سەرنووسەر و بەڕێوەبەری دەزگاکانی پارتی لەگەڵ کوتلەی حکوومی پارتی و فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە و، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئاگاداری داتا و زانیارییەکانی حکومەت و پەرلەمان بن؟ یان ئایا کە پارتی و یەکێتی و گۆڕان هاوپەیمانی دەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەت، بیریان لەوە کردووەتەوە کە پێویستە ڕایەڵەیەکی هاوبەش لە نێوان ڕاگەیاندنی ئەو سێ حزبە هەبێت، بۆ ئەوەی پێکەوە داتا و زانیارییەکانی حکومەت بۆ هاوولاتیان بگوازنەوە؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری میدیا و گەیاندنی کارە خزمەتگوزارییەکان بە هاوولاتیان، تەنیا یەک ماڵپەڕی فەرمیی هەیە، کە تەواوی ماڵپەڕی وەزارەتەکانی تێدا کۆ کراوەتەوە، لە بەرانبەردا هەریەک لەوانەی بە خۆیان دەڵێن ئۆپۆزسیۆن کەناڵێک، یان چەند کەناڵیی ئاسمانییان هەیە، لەمەش زیاتر چەندین (web TV)یشیان هەیە، کە بەردەوام کاریان ئەوەیە کارەکانی حکومەت ناشیرین بکەن.

**لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا ئامادەباشییەک هەیە بۆ ئەوەی ئاستی بەسیاسیکردنی کۆمەڵگە کاڵ بکرێتەوە و نارەزایی و کێشەکانی خەڵک لە ئایدیۆلۆژیەتی تەسکی حزبایەتی بێتە دەرەوە**

**بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی کابینەی نۆیەمدا چەندین جار هەوڵی داوە لینکێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ (گەنجان، قوتابیان، میدیاکاران و...هتد) دروست بکات و ڕووبەڕوو گفتوگۆی لەگەڵدا کردوون**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری میدیا و گەیاندنی کارە خزمەتگوزارییەکان بە هاوولاتیان، تەنیا یەک ماڵپەڕی فەرمیی هەیە، کە تەواوی ماڵپەڕی وەزارەتەکانی تێدا کۆ کراوەتەوە، لە بەرانبەردا هەریەک لەوانەی بە خۆیان دەڵێن ئۆپۆزسیۆن کەناڵێک، یان چەند کەناڵیی ئاسمانییان هەیە**



سەلاح فەیلی بۆ گوڵان :

# سەرۆک بارزانی بە ناساندنی جینۆسایدی کوردی فەیلی ئەم پرسەی زیندوو کردەوە

**کوردی فەیلی مەلا مستەفا بارزانییان بە باوکی ڕزگارکار دادەنا و نەیارانی کورد لە بەغدا ئەمەیان پێ خۆش نەبوو، بۆیە دواتر تۆڵەیان لێ کردنەوە**

**ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە پێناو کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراق، بە شێوازێکی زۆر ناشیرین و دوور لە هەموو عورفێکی ئاسمانی و یاسایی ناسنامەیان لە کوردانی فەیلی سەندەوە و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان کردن. سەرۆك بارزانی لە چەندین بۆنەدا جەختی لەسەر مافی کوردی فەیلی کردووەتەوە و داوای گەڕانەوەی مافەکانیانی لە عێراقدا کردووە، ئەمەش بۆ ڕێبازی بارزانی دەگەڕێتەوە کە مەلا مستەفا بارزانی نەك تەنیا داکۆکیکارێکی سەرسەختی کوردان بووە، بەڵکو داکۆکیکارێکی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی دیکەی کوردستانیش بووە. بۆ قسەکردن لەسەر جینۆسایدی کوردی فەیلی و پەراوێزخستنی کەیسەکەیان لەلایەن عێراقەوە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سەلاح دیار ناسراو بە سەلاح فەیلی سازدا، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** سەرەتای پرسیارەکانمان بەوە دەست پێ دەکەین، تاوانەکانی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، بەتایبەتی ڕژێمی بەعس بۆ پاکتاوکردنی کوردی فەیلی کەی دەستی پێ کرد، ئایا لەژێر چ پاساوێکدا گەنجە فەیلییەکان ڕاپێچی زیندانەکانی بەعس کران؟**

- ئەگەر بمانەوێت لە ڕاستی و دروستیی ئەو جینۆسایدە تێبگەین کە دەرهەق بە کوردی فەیلی لە عێراقدا ئەنجام دراوە، دەبێت کەمێك بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوەکانی پێشووی عێراق، ڕێك بۆ سەردەمی عوسمانییەکان، ئەو کاتەی بە زۆرەملێ گەنجەکان ڕاپێچی خزمەتی سەربازی و شەڕ دەکران، بەو پێیەی کوردی فەیلی خەسڵەتێکی مەدەنی و کاسبکاری و پیشەیی تێدا بووە، خولیا و ئارەزووی شەڕیان نەکردووە و خۆیان لەم بابەتە بەدوور گرتووە، زۆربەی کەسە بەناوبانگە کاسب و پیشەوەر و بازرگانەکان لە بەغدا و عێراق بەگشتی لە کوردی فەیلی بوون، ئامادەییان تێدا نەبووە لە پاڵ عوسمانییەکان بچن و شەڕی سەفەوییەکان و میللەتەکانی دیکە بکەن، ئەم بارودۆخە لە سەردەمی ئینگلیزەکانیشدا هەروا بووە، ئەو کاتەش کوردی فەیلی ئامادە نەبوون شەڕی عوسمانییەکان بکەن، تا کوودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم کە ماوەیەك بارودۆخەکە ئارامیی بە خۆیەوە بینی و کەمێك کوردی فەیلی نەکەوتنە بەر شاڵاوی ڕاپێچکردنیان بۆ زیندانەکان و، بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە ڕووسیاوە بۆ عێراق و کوردستان، کوردی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلوول هاوکارییەکی باشی مەلا مستەفا بارزانییان کرد، چ لە ڕووی ماددی بێت، یان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانیانەوە بێت، تەنانەت زۆربەی بەرپرسانی لاوان و قوتابیان و ئافرەتان لە کوردی فەیلی بوون، بگرە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانیش کوردی فەیلی بووە، لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف ئەو سەردەمە ویستێکی توند دژی بەرانبەر کورد هەبوو، تا ئەو کاتەی فڕۆکەکەی کەوتە خوارەوە و مرد، دواتر لە سەردەمی عەبدولڕەحمان عارفیشدا کە ماوەی حوکمەکەی کەم بوو، هەر دژایەتی کوردی فەیلی دەکرا، سەرەتای دژایەتیکردنی کورد بە شێوەی جینۆساید بۆ ساڵی ١٩٦٩ دەگەڕێتەوە، ئەو سەردەمە لەبیرم دێت کوردی فەیلی بۆ ئەوەی نەبنە سەرباز هەندێکیان دوو بەڵگەنامەیان هەبوو، کە نفووسی عێراقی و ئیقامەی ئێرانی بوو، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٠ بە ئاشکرا هەڵمەتی ڕاپێچکردنی زۆرەملێ دەستی پێ کرد و وەجبەی یەکەم مۆڵەتی چەند ڕۆژەیان دابوونێ بۆ ئەوەی بچنە ئێران، ساڵی ١٩٧١ بۆ ١٩٧٤ مۆڵەتی بازرگانیی هێنانی کاڵایان لە کوردە فەیلییەکان سەندەوە و تەسلیمی عەرەبەکانیان کرد، لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ ١٩٨٠ داوایان لە کوردە فەیلییەکانیان کرد سەردانی فەرمانگەکانی نفووس بکەن، بۆ ئەوەی هەر کوردێکی فەیلی

**بەو پێیەی کوردی فەیلی خەسڵەتێکی مەدەنی و کاسبکاری و پیشەیی تێدا بووە، خولیا و ئارەزووی شەڕیان نەکردووە و خۆیان لەم بابەتە بەدوور گرتووە، زۆربەی کەسە بەناوبانگە کاسب و پیشەوەر و بازرگانەکان لە بەغدا و عێراق بەگشتی لە کوردی فەیلی بوون**

**هەموو ئەم جینۆسایدەی کوردی فەیلی و دەستگرتن بەسەر ماڵ و حاڵ و بە زۆرەملێ ڕاپێچکردنیان بۆ زیندانەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد و تۆڵەکردنەوە بوو لێیان**

**مەلا مستەفا بارزانی دەیزانی قورسایی کورد لە بەغدا ڕۆڵی دەبێت بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان و باشیش دەیزانی کوردی فەیلی لەژێر چ زوڵم و چەوسانەوەیەکدان و ناسنامەیان نادرێتێ**

**تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییە پیلانێکی بەعس بوو بۆ ئەوەی چەند کوردێکی فەیلی تووش بکەن، بەوەی ئەوان ئەو کارەیان کردووە، ئەمە ڕێخۆشکەریش بوو بۆ خۆئامادەکردنی شەڕ بۆ هێرشکردنە سەر ئێران**

**یەکەم وەجبەی کوردی فەیلی ماوەیەکی کەم لە زیندان ماینەوە و ڕاپێچی ئێران کراین، بەڵام وەجبەی دووەم ڕاپێچی ئەبوغریب و نوگرەسەلمان کران و زۆربەیان چارەنووسیان دیار نییە**

**سەرۆک بارزانی پێشنیازی کرد ناوەندێکی بەدواداچوون بۆ پرسی جینۆسایدی کوردی فەیلی و کاروباری کوردی فەیلی لە کوردستان دابمەزرێت و، بەڕێز مەسرور بارزانی پێشنیازەکەی خستە بواری جێبەجێکردنەوە**

ڕەگەزنامەی نییە، ڕەگەزنامەی بدرێتێ، بەمەش ناوناونیشانی هەموو خێزانە کوردە فەیلییەکانیان ئاشکرا کرد و لە تۆماری ڕەگەزنامە بە قەڵەمێکی سوور هەموویان دەستنیشان کردن بۆ مەبەستە قێزەوەنەکەیان کە لە ساڵی ١٩٨٠ بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو دەستی پێ کرد.

سەبارەت بە تەوەرەی دووەمی پرسیارەکەشتان، هەموو ئەم جینۆسایدەی کوردی فەیلی و دەستگرتن بەسەر ماڵ و حاڵ و بە زۆرەملێ ڕاپێچکردنیان بۆ زیندانەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد و تۆڵەکردنەوە بوو لێیان، بەتایبەتی بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلوول و پشتگیرییان بۆ مەلا مستەفا بارزانی.

*** باسی بەشداریکردنی کوردی فەیلیت کرد لە شۆڕشی ئەیلوول، ئایا ئەمە بۆ نزیکییان نەدەگەڕایەوە لە مەلا مستەفا بارزانی، دەکرێت باسێکی ئەم پەیوەندییەمان بۆ بکەیت؟**

- لە ساڵانی حەفتاکان تا سەرەتای هەشتاکان لە بەغدا لە چوار ملیۆن دانیشتووانی بەغدا نزیکەی دوو ملیۆن کەسی کوردی فەیلی بوون، کاتێك مەلا مستەفا بارزانی لە ڕووسیا گەڕایەوە، کوردەکان بەتایبەتی کوردی فەیلی لە بەسراوە تا عەمارە و دواتر بەغدا، پێشوازییەکی گەورەیان لێ کرد، من باوك و باپیرم بۆیان گێڕامەوە، گوتیان ئوتۆمبێلەکەی مەلا مستەفایان هەڵگرت و هوتافی کوردی فەیلی بۆ ئەو سەرکردەیە دونیای پڕ کرد، کوردی فەیلی مەلا مستەفا بارزانییان بە باوکی ڕزگارکار دادەنا، عەرەبەکان ئەم جووڵە و پێشوازییە گەرمەیان پێ خۆش نەبوو، ئا لێرەدا مەترسییەکانی بوونی کوردی فەیلی لە ناو جەرگەی بەغدا و عێراقدا بە ڕوونی و ئاشکرایی بۆ نەیارانی کورد دەرکەوت. مەلا مستەفا بارزانی و سەرۆك بارزانی لە چەندین بۆنەدا باس لە ڕۆڵ و هاوکاری و یارمەتیدانی شۆڕش دەکەن کە لەلایەن کوردی فەیلییەوە بە باشترین شێوە ئەنجام دراوە، لەبیرمە ئێزگەی شۆڕشی کوردستان لەلایەن کوردانی فەیلییەوە هێنرا، سکرتێری قوتابیان و ئافرەتان و تەنانەت حەبیب کەریمی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەر کوردی فەیلی بوون، مەلا مستەفا بارزانی دەیزانی قورسایی کورد لە بەغدا ڕۆڵی دەبێت بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان و باشیش دەیزانی کوردی فەیلی لە ژێر چ زوڵم و چەوسانەوەیەکدان و ناسنامەیان نادرێتێ، کوردی فەیلی هەموو مانگێك بەپێی توانای دارایی خۆیان ئابوونەیان بە شۆڕش دەدا، ئەو سەردەمەی شۆڕش لە ٦٠٪ی پشتی بەو کۆمەك و هاوکارییە داراییانە دەبەست کە لەلایەن بازرگان و پیشەوەرە بەناوبانگەکانی کوردی فەیلی لە بەغدا پێشکەشی شۆڕشیان دەکرد، شۆرجە گەورەترین بازاڕی بەغدا بوو کە بەدەستی کوردی فەیلی بوون و بازاڕی ئۆتۆمبێل و سکراب و بەڵێندەر و بازرگانە گەورەکان و کارگەکان هەمووی بەدەستی کوردی فەیلییەوە بوون، تا ساڵی ١٩٧٥ی نسکۆی شۆڕش کە حزبی بەعس قین و ترسی زۆری لە ڕێژەی کوردی فەیلی و بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلوول و خۆشەویستییان بۆ مەلا مستەفا بارزانی لەبیر نەچووبوو.

ئێمە لە دوای جینۆساید و ڕاپێچکردنمان بۆ ئێرانیش هەر لە ناو ڕیزەکانی پارتی دانەبڕاین و لە ساڵی ١٩٨٠ ئەو کات کاك ئازاد بەرواری بەرپرسی لقی سێ بوو، پەیوەندیمان پێوە کرد، دواتر کاتێك چووینە ناوچەی خانەقین ژمارەیەکی یەکجار زۆری پێشمەرگەمان بینی کە لە کوری فەیلی بوون، ناوچەی خانەقین یەکێك بوو لە گەورەترین ناوچەکانی پارتی، سەرۆك بارزانی و ئەو پەیوەندییە بەهێزەی هەیبوو کاریگەریی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردی فەیلی لە ئێران هەبوو، بەتایبەتی پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی حەکیم باش بوو، بۆیە سەرۆك بارزانی بەردەوام لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە سەردانی کەمپەکانی دەکردین و لە حاڵ و گرفتەکانمانی دەپرسییەوە .

*** لە ساڵی ١٩٨٠ کاتێك هێرش کرایە سەر زانکۆی موستەنسرییە لە بەغدا، ئەمە بووە ئەو بیانووەی بە دەستی ڕژێمی بەعسەوە بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەیان، ئایا ئەو سەردەمە بۆچی خەمساردییەك بە ناساندنی ئەم تاوانە گەورەیە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هەبوو؟**

- تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییە پیلانێکی بەعس بوو بۆ ئەوەی چەند کوردێکی فەیلی تووش بکەن، بەوەی ئەوان ئەو کارەیان کردووە، ئەمە ڕێخۆشکەریش بوو بۆ خۆئامادەکردنی شەڕ بۆ هێرشکردنە سەر ئێران، پاکتاوکردنی کوردی فەیلی و کۆبوونەوە لەگەڵ ٤٠٠ بازرگانی کوردی فەیلی لە بری ئەوەی مۆڵەتی هێنانیان بدەنێ،

بە یەك وەجبە ڕاپێچی ئەو دیوی سنوور کران و بەشێکی دیکەشیان وەکو خاڵم (کەریم ئەبولەحیە) کە ئەو سەردەمە ٧٠ گەلابەی هەبوو، ڕاپێچی زیندان کرا. من کاتژمێر یەك و نیوی شەو لە دەرگایان دام و دەستگیر کرام، ئەوانەی لە تەمەنی ١٧ ساڵ بۆ ٣٠ ساڵدا بوون و تەنانەت تا ٣٥ ساڵیش ڕاپێچی زیندانیان کردن، یەکەم وەجبەی کوردی فەیلی ماوەیەکی کەم لە زیندان مانەوە و ڕاپێچی ئێران کراین، بەڵام وەجبەی دووەم ڕاپێچی ئەبوغریب و نوگرەسەلمان کران و زۆربەیان چارەنووسیان دیار نییە، جینۆسایدەکە بە بڕیاری ٦٦٦ی مەجلس قیادەی سەورە دەستی پێ کرد و کوردی فەیلیان بە بیانی وەسف کرد و بە یەکجاری ڕاپێچی ئێرانیان کردن و ماڵ و حاڵیان دەستی بەسەردا گیرا و درایە وەزارەتی دارایی، ئەو کاتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیریی ڕژێمی سەدامی دەکرد لە دژی ئێران، لەمەشدا جینۆساید و درندەیی ئەو ڕژێمەیان پشتگوێ خست، نەك هەر ئەمەش بەڵکو وڵاتانی کەنداو و ڕۆژئاواش پاڵپشتی ئەو خۆئامادەکردنەی شەڕی بەعسیان دەکرد لە دژی ئێران.

*** پێشنیازی ئێوەی کوردی فەیلی بۆ بە جینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی و گەڕانەوەی مافەکانتان لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەم کۆنفرانسەی سەرۆك بارزانی خاڵی وەرچەرخانە، ئەمە بۆ یەکەمین جارە لەسەر ئاستی دونیا کۆنفرانسێکی وا گەورە بۆ جینۆسایدی کوردی فەیلی ڕێك بخرێت، هەر ئەمەش لە سەرۆك بارزانی چاوەڕوان دەکرێت، کە بە درێژایی مێژوو خەمخۆری کوردی فەیلی بووە، هەرسێ زانکۆی سەلاحەدین و دهۆك و سۆران ئەرکی ڕێکخستنی کۆنفرانسێکی وا گەورەیان لەئەستۆ گرت و بە دەیان لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان پێشکەش کران، نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئامادە بوو، لە کۆنفرانسەکەدا جێگەی دەستخۆشی بوو، سەرۆك بارزانی پێشنیازی کرد ناوەندێکی بەدواداچوون بۆ پرسی جینۆسایدی کوردی فەیلی و کاروباری کوردی فەیلی لە کوردستان دابمەزرێت و، بەڕێز مەسرور بارزانی پێشنیازەکەی خستە بواری جێبەجێکردنەوە. دوای ٤٣ ساڵ ئەم کۆنفرانسە و ئەم ناوەندە گەورەترین دەستکەوتە بۆ کوردی فەیلی، سەرۆك بارزانی جارێکی دیکە بە ناساندنی جینۆسایدی کوردی فەیلی پرسی کوردی فەیلی زیندوو کردەوە، لە کۆنفرانسەکەدا جەختی لەسەر هەموو ئەو زوڵم و جینۆسایدە کردەوە کە دەرهەق بە کوردی فەیلی کراوە، کە تەنیا لەبەر کوردبوونیان بووە. بە ئومێدی ئەوەی بتوانرێت لەسەر ئاستی عێراق کوردی فەیلی قەرەبووی مەعنەوی و دارایی بکرێنەوە، ئەو چاوەڕوانییەش لە سەرۆك بارزانی دەکرێت کە ئەو هەموو کوردەی لە ئێرانن و لە ناو کەمپەکاندان بیانگەڕێنێتەوە و لەسەر خاکی کوردستان نیشتەجێ بکرێنەوە و بگەڕێنەوە ناو کەسوکاری ڕەسەنی خۆیان، چونکە کوردی فەیلی ئومێدی بڕیوە لەو هەموو ڕۆتین و پەراوێزخستنەی کە لە بەغدا هەیە، قەرەبوو بکرێنەوە، مەسەلەی بەرتیل و هێنان و بردنی دادگا کاتێکی زۆری پێ دەچێت و بێ هیوا بوون لە گەڕانەوەی مافەکانیان.

داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، دامەزراوەی کوردی فەیلی تەنیا بۆ سەنتەر و توێژینەوە نەبێت، بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و ناساندنی جینۆساید و چارەسەرکردنی گرفتی ڕەگەزنامە و گەڕانەوەی کوردی فەیلی و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان بێت، بوونی ئەم دامەزراوەیە زۆر گرنگە بۆ خزمەتکردنی کوردی فەیلی، تا کار بکەن و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەسەڵاتیان پێ بدرێت، ئەمەش هەمووی لە پێناوی ئەوەدایە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کوردی فەیلی جینۆسایدی وایان دەرهەق نەکرێت، بۆ گەلی کوردیش گرنگە هاوشێوەی جینۆسایدەکانی دیکە زوڵم و چەوسانەوە ڕوو نەداتەوە.

**داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، دامەزراوەی کوردی فەیلی تەنیا بۆ سەنتەر و توێژینەوە نەبێت، بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و ناساندنی جینۆساید و چارەسەرکردنی گرفتی ڕەگەزنامە و گەڕانەوەی کوردی فەیلی و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان بێت**





نەوزاد شێخ کامیل بۆ گوڵان:

# لە ٢٥ی ئەم مانگەوە گەنمی جووتیاران وەردەگیرێت و هەر تۆنێک گەنم بە ٨٥٠ هەزار دینار دەکڕدرێتەوە

**ئامادەکارییەکان بۆ وەرگرتنی گەنمی ئەمساڵی جووتیاران تەواو بووە و، بڕیارە لە ٢٥ی ئەم مانگەوە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەست بە وەرگرتنی گەنمی جووتیاران بکات، وەزارەتی بازرگانییش هەموو ئامادەکارییەکانی تەواو کردووە، بۆ ئەوەی لە چەندین سایلۆ و بنکەی وەرگرتنی گەنم دەست بەم پرۆسەیە بکرێت، وەزارەتی بازرگانیی فیدراڵیش نرخی وەرگرتنی تۆنێك گەنمی بە ٨٥٠ هەزار دینار دیاری کردووە، لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار بە بووژانەوەی بەرهەمی ناوخۆ و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران و دواگۆڕانکارییەکان لەسەر بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتییان، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیاری ئاراستەی نەوزاد شێخ کامیل بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کرد.**

*** یەکێك لە دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زامنکردنی شایستە داراییەکانی گەنمی جووتیاران بوو، ئایا بۆ ئەمساڵیش زامنی پێدانی ئەم شایستە داراییانەی جووتیاران بەردەوام دەبێت؟**

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەستکەوتی باش بۆ کەرتی کشتوکاڵ و باشبوونی بەرهەمی جووتیاران بەتایبەتی لە گەنم و جۆ و پێدانەوەی شایستە داراییەکانی جووتیاران بەدەست هاتووە، ئەوە بوو شایستە داراییەکانی ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ دراوە، لەمەش گرنگتر توانرا ئەو پارەیەی سێ ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ لای حکومەتی فیدراڵی بوو، لە کابینەی نۆیەمدا درایەوە بە برا جووتیارەکانمان. لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی فیدراڵیشدا زۆر جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و دابینکردنی شایستە داراییەکان کراوەتەوە، بۆ ئەوەی تەواوی شایستە داراییەکانی جووتیاران زامن بکرێت، بەتایبەتی بۆ ئەمساڵ کە سەرجەم گەنمی جووتیاران وەردەگیرێت و هەر تۆنێك بە ٨٥٠ هەزار دینار دەکڕدرێتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا پارەی جووتیارانیش خەرج دەکرێت.

حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ ئەم پرۆسەیە بڕی ٥٠٠ ملیار دیناری وەکو قۆناغی یەکەم بۆ کڕینەوەی گەنم خستووەتە سەر هەژماری بانکی بۆ وەزارەتی بازرگانیی عێراق، هەر کاتێك ئێمەش دەستمان بە پرۆسەکە کرد، پارە بۆ ئێمەش دەنێردرێت، لە ٢٥ی مانگی پێنجیش دەست بە وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان دەکرێت. لەلایەن خۆشمانەوە پێشبینیی ئەوەمان کردووە، بە هۆی بارانبارینێکی زۆرەوە بەرهەمی گەنمی جووتیاران لە ئەمساڵدا زیاد بێت، بەپێی هەندێك سەرچاوە کۆی بەرهەمی گەنمی ئەمساڵی جووتیاران لە سەرانسەری عێراق بە چوار ملیۆن تۆن گەنم دەخەملێندرێت، بەمەش پێشبینی دەکرێت، بەرهەمی جووتیاران تەواوی پێداویستیی ناوخۆی ئەمساڵ پڕ بکاتەوە و وەکو پاڵپشتییەکیش تەواوی دەروازەکان بە ڕووی بەرهەمی گەنمی دەرەوە دادەخرێت.

**ئەو پارەیەی سێ ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ لای حکومەتی فیدراڵی بوو، لە کابینەی نۆیەمدا درایەوە بە برا جووتیارەکانمان**

*** کەواتە بۆ ئەمساڵ تەواوی پرۆسەکە لەسەر ئاستی هەر دوو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بازرگانیی فیدراڵ بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بێ ئاستەنگ و گرفت بەڕێوە دەچێت؟**

- بە خۆشحاڵییەوە هەنگاوەکانی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت دوای ڕێککەوتنە مێژووییەکەی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، چاوەڕوان دەکرێت نەك تەنیا ئەو گرفت و ئاستەنگانەی هەبوون، بەڵکو تەواوی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ڕوو لە چارەسەرکردن بکات، چونکە پێشتر لەلایەن هەندێك کەس و گرووپەوە ئاستەنگ لە بەردەم ناردنی بەرهەمی خۆماڵی بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و خواروو دادەنرا، ئێستا ئەو دیاردەیە ڕووی لە کەمی کردووە

**بەپێی هەندێک سەرچاوە کۆی بەرهەمی گەنمی ئەمساڵی جووتیاران لە سەرانسەری عێراق بە چوار ملیۆن تۆن گەنم دەخەملێندرێت**

**چاوەڕوان دەکرێت نەک تەنیا ئەو گرفت و ئاستەنگانەی هەبوون، بەڵکو تەواوی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ڕوو لە چارەسەرکردن بکات**

**بە پاڵپشتی و پشتگیریی ڕاستەوخۆی سەرۆکی حکومەت توانراوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان سایلۆ و کۆگای وەرگرتنی گەنمی جووتیاران ئامادە بکرێت**

و لەسەر ئاستی دارایی و تەکنیکی و ئیداری گفتوگۆکانمان زۆر باش دەچێتە پێشەوە. ئێمە وەکو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێوان بەغدا و هەرێم سەردانی وەزارەتی بازرگانیی فیدرالمان کرد و چەند تەوەرێکمان باس کرد، لەوانە:

١- ئامادەکارییەکان بۆ وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لە ساڵی ٢٠٢٣.

٢- شایستەی فەرمانبەرانی وەزارەت.

٣- یەکخستنی مۆڵەتی هاوردە و ناردن.

٤- باشترکردنی پرۆسەی دابەشکردنی بەشە خۆراك.

بە خۆشحاڵییەوە چەندین لیژنە بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە دامەزراون و تاکو ئێستا کاروبارەکان زۆر بە باشی بەڕێوە دەچێن. هەر سەبارەت بەم بابەتە من خۆم چەندین جار لەگەڵ بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بازرگانیی گشتیی دانەوێڵە لە بەغدا کۆبوومەتەوە و باسی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان بەتایبەتی بۆ وەرگرتنی گەنمی جووتیاران و باشکردنی پرۆسەکە و وەرگرتنی شایستە داراییەکان لە کاتی خۆیدا کراوە.

*** پێشتر یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم جووتیاران نەبوون و کۆنیی سایلۆکان بوو کە بۆ ئەمبارکردنی گەنمی جوتیاران بەکار دەهات، تەنانەت زۆربەی جار لە گۆڕەپانەکان گەنم ئەمبار دەکرا، ئایا بۆ ئەمساڵ چ ئامادەسازییەك بۆ ئەم پرۆسەیە کراوە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمساڵ سەرجەم گەنمی جووتیاران وەردەگرێت و بە پاڵپشتی و پشتگیریی ڕاستەوخۆی سەرۆکی حکومەت توانراوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان سایلۆ و کۆگای وەرگرتنی گەنمی جووتیاران ئامادە بکرێت، دروستکردنی ئەم سایلۆیانە و ساغکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ پێکەوە پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەتە بۆ برا جووتیارەکان، لە ئەمساڵدا سێ سایلۆی قوشتەپە و ڕۆڤیا و کەلار تەواو بوون، بەڵام بۆ ئەمساڵ بە هۆی نەبوونی فەرمانبەرانەوە لەم سایلۆیانە گەنم وەرناگیرێت و ئامادەسازی دەکەین بۆ ساڵی ئایندە، لەو سایلۆیانە پەنکەر هەیە، لەوێ گەنم وەردەگیرێت، هاوکات لەگەڵ سەرجەم بەڕێوەبەرانی سایلۆکانی کوردستان کۆبووینەوە و ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانمان پێ داون. هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشتیی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ بە ئاراستەی بەهێزکردنی ژێرخانی کشتوکاڵ و هەناردەکردنی بەرهەمی جووتیاران و ساغکردنەوەی لە ناوخۆی هەرێم و دەرەوەی هەرێم کاریگەریی زۆر باشی هەبووە لەسەر باشکردنی دۆخی دارایی و ئابووریی جووتیاران، لەسەر ئاستی جموجووڵی بازرگانییش بۆ یەکەمین جارە ئەو ژمارە زۆرەی بازرگان و



شاندە بیانییەکان بەم شێوەیە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن. هەر لەم بارەیەوە سەبارەت بە بازرگانی تاکو مانگی ٤ی ئەمساڵ ١٢٦٧ مۆڵەتی بازرگانیمان داوە و بە بڕی ٢ملیار و ١٥٠ ملیۆن دۆلار ڕەسید بۆ بازرگانیکردن دانراوە، ئەمەش پێشکەوتنێکی باشە لە بواری بازرگانیدا، لە لایەکی دیکەوە تیمەکانی چاودێریی بازرگانی سەرکەوتووانە کۆنترۆڵی بازارەکانیان کردووە و تەنیا لە مانگی ڕەمەزاندا ٥٢٧٧ سەردانمان کردووە و ٢٠٧ سەرپێچی تۆمار کراون و ٧١ داخستن هەبووە، زیاتر لە ١٩ ملیۆن و ٨٥٠ هەزار دینار غەرامە کراوە وە زیاتر لە ٢٤ تۆن و ٢٣٠ کیلۆ ماددەی ماوە بەسەرچوو دەستی بە سەرداگیراوە و لەناو براون.

*** سەبارەت بە پسوولەی خۆراك بۆ هاووڵاتیان، ئایا هیچ گۆڕانکارییەك لە هەناردەکردنی خۆراك و ڕێنماییەکان و چۆنیەتی دابەشکردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان لە ئەمساڵدا ڕووی داوە؟**

- بڕیارە لە ئەمساڵدا بەشە خۆراکی تەواوی هاووڵاتیان بگاتە هەرێمی کوردستان و بە شێوەیەکی باشتر لە ساڵانی ڕابردوو بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش بکرێت، بەمەش تا ئەو کاتەی هەژاری بە تەواوەتی لە عێراق نامێنێت، پرۆسەی دابەشکردنی خۆراکی هاووڵاتیان بەردەوام دەبێت، چونکە دابەشکردنی بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتییان کاریگەری لەسەر ڕاگرتنی بەرزبوونەوەی ئەو ماددە و کاڵایانە کردووە تاوەکو نرخەکەیان زیاتر گران نەبێت، هەوڵەکانیش بەردەوامە بۆ زیادکردنی چەندین جۆری بەشە خۆراك و زیادکردنی بڕەکەی، لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٥ ملیۆن و ٢٢٥ هەزار و ٤٧٢ کەس لە بەشە خۆراکی مانگانە سوودمەندن، لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراقیش لەسەر هێڵین بۆ بەدیجیتاڵکردنی پرۆسەی پسوولەی بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتییان و لە دهۆك هەنگاوی باشی بڕیوە و لە هەولێر و سلێمانیش کۆبوونەوە کراوە و بە زووترین کات پسوولەی خۆراك بە کارتێکی ئەلەکترۆنی دەبێت و، زانیاریی تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی تێدایە و بە ئەپڵیکەیشنێك هەموو زانیارییەکانی پرۆسەی دابەشکردنی خۆراك و زیادکردن و کەمکردنی ئەندامانی خێزانەکەی ڕێك دەخرێتەوە، لە ئێستادا کار لەسەر ئەوە دەکەین، هەر فەرمانبەرێك مووچەکەی لە دوو ملیۆن زیاتر بێت، لەگەڵ ئەوانەی مردوون، یان لە دەرەوەی وڵاتن لە ناو پسولەی خۆراك نەمێنن، سەبارەت بە منداڵی تازە لەدایکبوو، پێشتر دەبوایە کارتی نیشتمانیی هەبێت، ئەو کات بەشە خۆراکی دەدرایە، ئێستا بڕیارەکان گۆڕاون بە (سوورەت قەید) دەکرێ، واتا ئێستا ئەو کاتەی منداڵ لەدایك دەبێت، دەخرێتە نێو

**تاکو مانگی ٤ی ئەمساڵ ١٢٦٧ مۆڵەتی بازرگانیمان داوە و بە بڕی ٢ملیار و ١٥٠ ملیۆن دۆلار ڕەسید بۆ بازرگانیکردن دانراوە**

**تیمەکانی چاودێریی بازرگانی سەرکەوتووانە کۆنترۆڵی بازارەکانیان کردووە و تەنیا لە مانگی ڕەمەزاندا ٥٢٧٧ سەردانمان کردووە و ٢٠٧ سەرپێچی تۆمار کراون و ٧١ داخستن هەبووە، زیاتر لە ١٩ ملیۆن و ٨٥٠ هەزار دینار غەرامە کراوە**



# پەروەردەکاران ڕێنمایی تایبەتیان بۆ پشووی هاوینەی قوتابیان هەیە



**لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەڵسەنگاندنی قوتابیانی پۆلی یەك و دوو و سێی بنەڕەتی ئەنجام درا و، لە پۆلەکانی چوار تاوەکو پۆلی نۆی بنەڕەتییش تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی دووەم بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات. لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە یەك ملیۆن قوتابی لە پشووی هاوینەدان، پەروەردەکاران لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گولان ڕێنمایی تایبەتیان بۆ پشووی هاوین و سوودوەرگرتنی قوتابی لە پشووەکە بە شێوەیەکی باش و تەندروست بۆ بەخێوکاران دەخەنەڕوو.**

**گولان: کۆمەڵایەتی**



گەلاوێژ نەجمەدین:

## قوتابییان لەو ڕۆژەوەی قوتابخانە جێدەهێڵن هیچ سیستەم و یاسایەکی پەروەردەیی بەسەریانەوە نامێنێت و، ئەوەی بڕیار لە چۆنیەتی بەسەربردنی پشووی هاوینەیان دەدات، تەنیا ماڵباتی قوتابییە

«وەك ئاشکرایە چەند ڕۆژێکی دیکە پشووی هاوینە دەست پێ دەکات، بێگومان دوای چەند مانگێك لە ماندووبوون و خوێندن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکان، کاتی ئەوە هاتووە، قوتابیان کەمێك پشوو وەربگرن و هەست بە ئاسوودەیی هزری و جەستەیی بکەن. بەڵام چۆن؟ ئایا دەکرێت پشووەکە هەمووی بە خەو و خواردن بەسەر بەرن؟ بێگۆمان نەخێر. ئەی چی بکەن باشە؟ یەکەم هەنگاو دەبێت بەخێوکاران پلانێکیان هەبێت بۆ منداڵەکانیان سەبارەت بە چۆنیەتی بەسەربردنی پشووی هاوینە و فێریان بکەن، چۆن پلان بۆ کاتەکانیان دابنێن و هەموو کاتەکانیان بە خەو و بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر نەبەن، بە شێوەیەك کە هیچ سوودی نەبێت و تەنیا بۆ کوشتنی کات بێت».

ئەوە وتەی گەلاوێژ نەجمەدین بوو. ئەو خاتوونە مامۆستا و سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و بەم شێوەیە پەیامی خۆی بۆ دایك و باوكان لەو پرسە گرنگەدا دەخاتەڕوو:

«من چەند خاڵێك پێشنیار دەکەم، بۆ ئەوەی بەخێوکاران لە پشووی هاوینەی منداڵەکانیان سوودی لێ ببینن. هیوادارم پەیڕەوی بکەن، ئەوە بۆ بەرژەوەندیی گشتییە و بۆ ئەوەیە منداڵەکان تووشی کێشە و گرفت نەبن و بزانن چۆن کاتەکانیان بەسەر ببەن.

١- هاندەر و هاوکار بن بۆ پەرەپێدانی ئەو حەز وئارەزووانەی منداڵەکانتان هەیانە، وەك(وەرزش، وێنەکێشان، مۆسیقا، مەلەوانی، خوێندنەوە، نووسین و....هتد).

٢- بەشداری پێکردنیان لە خولی زانستی و بەهێزکردن لەو بابەتانەی تێیدا لاوازن، یان خولەکانی فێرکردنی پیشەیی.

٣- هانی منداڵەکانتان بدەن بۆ ئەوەی هاوکار بن بۆ ئەنجامدانی کارەکانی ناوماڵ، یان لە دەرەوە هاوکاریی باوکیان بکەن، بۆ ئەوەی هەستی هەرەوەزی لە لایان بچەسپێت و پەیوەندییە خێزانییەکان پتەوتر بێت.

٤- سەردانی خزم و کەسوکار بکەن، بۆ ئەوەی منداڵەکانتان هەستی خزمایەتی و ڕێز و خۆشەویستی لە لایان بچەسپێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر بن.

٥- بردنیان بۆ بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، هەتا





عیسا بۆتانی:

**ئەو نەوەیەی ڕاهاتووی کارکردن بێت، زۆر جیاوازە لەوەی ڕاهاتبێت کە تا درەنگانی شەو بەخەبەر بێت و بەیانیان درەنگ بە ئاگا بێتەوە. چونکە داهاتوو سەختە و پاشەڕۆژ تەمبەڵەکان قبووڵ ناکات**



خەلیل پالانی:

**پێویستە منداڵان فێری چاندنی دار بکرێن و خواردن بدەن بە پەلەوەر و ئاژەڵان، بۆ ئەوەی گیانی هاوکاری و بەزەیی و بەخشین و چاکەکاری لە ناخیاندا بڕوێندرێت**

هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن، کە بۆنەکان ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە و دەبێت تێیدا بەشدار بن.

٦. لەگەڵیان گەشت و سەیران بکەن، بۆ شوێنەوارە دێرینەکان؛ ناوخۆیی بێت، یان لە دەرەوە بێت، بەپێی توانای خۆتان، چونکە ئەو گەشت و سەیرانانە ئاسوودەیی بە جەستە و دەروونیان دەبەخشێت.

٧- لەگەڵیان بچن بۆ سەردانیکردنی هەندێ شوێنی تایبەت، وەك خانەی بەساڵاچووان، یان خانەی بێسەرپەرشتان بۆ ئەوەی هەست و سۆز ومیهرەبانی لە لایان دروست بێت».

نووسەری پەروەردەیی عیسا بۆتانی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لەو ڕۆژگارەدا قسە و شرۆڤە و جاری وایە ئامۆژگاریی زۆر و لە کەسانی جیاجیا سەبارەت بە پشووی هاوینەی قوتابیان دەبیستین، بۆیە لە خۆمان دەپرسین: کێن ئەوانەی ئەو ڕێنوێنی و ئامۆژگارییانە بە خەڵکی دەدەن؟ جا کێ هەیە نەیدات؟ لە کەسێکی ئاساییەوە تاوەکو پەروەردەکار، باشتر وایە بڵێین هەمووان بە منیشەوە».

گوتیشی: «ئەگەر ئەزموونی خۆمان لە بەسەربردنی پشووی هاوینە لە ساڵانی هەشتاکان بگێڕینەوە و هەڵسەنگاندنێك بۆ لایەنە باش و خراپەکانی (سوود و زیانەکانی) بکەین؛ نازانم تا چەند دەکرێ وەکو نەخشەڕێگایەك لێکی بدەینەوە، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا هەمان شت ئەزموون بکات، لەگەڵ ئەوەشدا دیسان زۆر ڕەوایە پرسیار بکرێت: ئاخۆ سەردەمی پێشوو چەندە هاوتایە لەگەڵ ئەمڕۆ، تاکو ئەوەی پێشوو بە کەڵکی ئێستا بێت؟ سەرباری هەموو جیاوازییەکان و بە چاوخشاندن بەوەی چ لە دونیادا دەگوزەرێت و قوتابییانی وڵاتان چۆن کاتی پشوو بەرێ دەکەن و بە چییەوە سەرقاڵ دەبن؟ بۆچوونی زانا و پسپۆڕ و ناوداران سەبارەت بەمە چییە و، دواجاریش ئێمە خۆمان چیمان بەلاوە پەسندە، دوای ئەوە بڕیار لەوە بدەین، کەوا منداڵەکانمان لە پشوودا چی بکەن».

عیسا بۆتانی جەخت لەوە دەکاتەوە، «قوتابیان لەو ڕۆژەوەی قوتابخانە جێدەهێڵن و دەگەنەوە ماڵ، هیچ سیستەم و یاسایەکی پەروەردەیی بەسەریانەوە نامێنێت و، ئەوەی بڕیار لە چۆنیەتی بەسەربردنی پشووی هاوینەیان دەدات، تەنیا ماڵباتی قوتابییە».

هاوکات دەڵێت: «ئەوەی لێرەدا پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، واتای چەمکی پشووە، ئێ خۆ واتاکەی ڕوون و ڕەوان و ئاشکرایە و هیچ یەکێك نییە لێی تێنەگات. بە درێژایی ساڵێکی خوێندن؛ ڕۆژانی ناو پۆل و هاموشۆ و ئەرکی قوتابخانە و تاقیکردنەوە؛ قورسایی و ماندووبوون دەخەنە سەر مێشك و بیرکردنەوە و جەستەی قوتابی، بۆیە ماوەیەك بۆ حەسانەوە و پشوودانی تەرخان دەکرێ، تاکو بۆ ساڵی دواتری خوێندن بە جۆش و وزەیەکی نوێیەوە ڕوو لە قوتابخانە بکات و ئامادە بێت بۆ وەرگرتنی زانست و زانیارییەکان».

گوتیشی: «ئەکتەری ئەمریکی (داریل هامۆند) دەڵێت: بە درێژایی ساڵ قسە و مشتومڕێکی زۆر سەبارەت بە پشووی هاوین و قوتابخانە دەبیستم، لە گوێگرتن لە هەموویان پرسیارێکم لەلادا دروست دەبێت، ئەویش ئەوەیە ئاخۆ چۆن دەتوانین یاری بهێنینەوە ناو قوتابخانەکان؟

ئەو لێرەدا دەیەوێت بڵێت کە قوتابییان لەو وەرزی پشووەدا ئەوەی زیاتر بەلایەوە دەچن و خۆشی و چێژی لێ دەبینن، یاریکردنە، دەشڵێت کەوا ئەو ڕاستییە وا دەکات، هیوا بخوازین کە یاری بهێنینە نێو قوتابخانەکان، لەبەر ئەوەی قوتابی بە هۆی سەرقاڵبوون و چێژبینین لە یاریکردن؛ تامەزۆری گەیشتنە بە کاتی پشوو، بە پشتبەستن بەو دەرەنجامە، ئەگەر یاری لە نێو قوتابخانەدا جێی گرینگیدان بێت و هەبێت، ئەوا قوتابی زیاتر حەز بە چوون و مانەوە لە قوتابخانە دەکات. وەکو چۆن ڕۆژانی خوێندن دەبنە بیرەوەری و لە خەیاڵی قوتابیدا دەمێننەوە، یاریکردنی لەگەڵ هاوڕێیانیش بە درێژایی تەمەنی دەبنە وێستگەی جوان و لەگەڵیدا دەمێننەوە. بۆ نموونە نەوەکانی ساڵانی هەشتاکان نەك تەنیا ناوهێنانی پشووی هاوینە دەیانباتەوە سەردەمی خۆشیی منداڵی و چێژی لێ دەبینن، بەڵکو بە بینینی وێنەی سەر پشتی شخاتە و وێنەکانی ئەمیرە و نەهر و سندیباد و کەللای ڕەنگاوڕەنگ و کۆنە پاتری و هەروەها بە بیستنی مۆسیقای پێشەکیی فیلم کارتۆنی گرێندایزەر و عەدنان و لینا کزەیان لێوە

دێت، ئێ ساتەکانی ژیان چ بایەخێکیان هەیە، ئەگەر بیرەوەریی جوانی تێدا جێ نەبێڵیتەوە؟ ڕۆژنامەوانێک ئەمریکی بە ناوی (ئێلین گودمان)یش لەبارەی پشووی هاوینەوە دەڵێت: (دەمەوێت دوای پشووی هاوینە چی لەگەڵ خۆم بهێنمەوە ماڵ؟ بێگومان کاتێکی خۆشی ئاسوودەیی و حەسانەوە. لەو ڕۆژانە کۆئەندامی عەقڵ ڕادەوەستێت و ژیان دەچێتەوە سەر ڕێڕەوی خۆی و ژیان بە سادەیی بەڕێوە دەچێت. لەو ڕۆژانە واز لە پلاندانان و شیکردنەوە و بیرکردنەوە دەهێنین. هاوین ماوەی ئازادیی منە).

حەزی پشوودان لە قورسایی ئەرک و بەرپرسیاریتی لەلای هەر مرۆڤێک هەیە، ناکرێ بە درێژایی ساڵ مرۆڤ ئەرک و کاری بخرێتە ئەستۆ، باشترین شت بۆ گێڕانەوەی وزە و ئارەزووی قوتابیان بۆ بەردەوامیدان بە فێربوون بوونی پشووی هاوینەیە، کاتێك باس لەوە دەکرێت کە قوتابی لە تەمەنی منداڵیدا حەز لە یاریکردن و گەشت و پاسکیلسواری و مەلەوانی و سەیرکردنی تەلەفزیۆن و بەسەربردنی کات لەگەڵ هاوڕێکانی دەکات، دەبێت ڕەچاوی قۆناغی تەمەنی منداڵەکانمان بکەین، کە بەرگەی ئەرکی نوێی قورس ناگرن لە وەرزی پشوودا. ئەوەی لەسەر باوانەکانە ڕێکخستنی کات و شوێن و جۆری یارییەکانە کە زیانیان پێ نەگەیەنێت؛ دەنا با مافی چێژبینینی ئەو پشووەیان لێ زەوت نەکەین. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا باوکان دەتوانن ڕێگا بە منداڵەکانیان بدەن، بۆ هاوەڵی کردنیان لەو کارانەی کە لەگەڵ تەمەن و تواناکانیان دەگونجێت، با سوود لە ئەزموونی کارکردن وەرگرن و لەوە ڕابهێندرێن کە دواجار کارکردن جیا لە ڕێگەیەك بۆ وەدەستهێنانی بژێوی؛ خۆشی و ئاسوودەیی بە تاکەکان دەبەخشێت و، هەستێك لەلایاندا دروست دەکات، کە تاکێکی سوودبەخش و گرینگن لە نێو خێزان و کۆمەڵگەدا. لەم ڕووەوەشە نووسەرێك باس لەوە دەکات و دەڵێت: ئەو نەوەیەی ڕاهاتووی کارکردن بێت، زۆر جیاوازە لەوەی ڕاهاتبێت کە تا درەنگانی شەو بەخەبەر بێت و بەیانیان درەنگ بە ئاگا بێتەوە. دەبێت بگەڕێینەوە سەر پەروەردەکردنی ڕاستی منداڵەکانمان، چونکە داهاتوو سەختە و پاشەڕۆژ تەمبەڵەکان قبووڵ ناکات و نایانگرێتە خۆ.

خەلیل پالانی مامۆستا لە سنووری پەروەردەی مەخموور، ئاماژە بەوە دەکات کە «دوای کۆتایی ساڵی خوێندن، پشووی هاوینە دەست پێ دەکات، ئەم پشووەش گرنگیی خۆی هەیە لە ژیانی قوتابیان و بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دایك و باوکان پلانێکی تۆکمە بۆ منداڵەکانیان دابنێن و کاتیان بۆ ڕێك بخەن، بۆ ئەوەی لەم پشووەدا هەم چێژ وەرگرن و هەمیش سوود ببینن».

ئەو مامۆستایە بە پێویستی دەزانێت: «قوتابیان هەوڵی ئەوە بدەن ڕۆژانە کاتێکیان هەبێت بۆ خوێندنەوەی پەرتووك و گۆڤار و ڕۆژنامە و چیرۆکی منداڵان، هەروەها سەیرکردنی بەرنامە فێرکاری و زانستییەکانی کەناڵەکانی تیڤی و ئەنتەرنێت، بە چاودێریی دایك و باوکیان، هەروەها بەشداریکردن لە کۆڕ و سیمیناره ڕۆشنبیری و هونەرییەکان و سەردانی شوێنە گەشت و گوزارییەکان و ئاشنابوون بە شوێنەواره دێرینەکانی وڵات، ئەمیش هاوڕێ لەگەڵ دایك و باوکان، بۆ ئەوەی هەم چێژ لە کاتەکانیان وەربگرن و هەمیش سوود ببینن». گوتیشی: «دەکرێت قوتابییان لە پشووی هاوینەدا بۆ فێربوونی زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی هەوڵ بدەن، لەم ماوەی پشووەدا زیاتر سەیری فیلم کارتۆن و زنجیرە و فیلمی منداڵان بکەن، کە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکرێنەوە. هەروەها زۆر گرنگە کاتەکانی خەوتنیان ڕێك بخرێت و زیادەڕەوی نەکەن لە خەوتن، پێویستە ڕۆژانە وەرزش بکەن و چالاکییە جەستەییەکانیان زیاتر بکەن، چونکە منداڵ وزەی زۆرە و پێویستە ئەو وزەیە بەکاربهێنێت و بە شێوەیەك بێت کە سوودی هەبێت بۆ گەشەی جەستەیی منداڵ، گرنگتر لەوەش پێویستە منداڵان ڕابهێنرێن لە پشتبەستن بە خۆیان لە پاککردنەوەی ژوور و ماڵ بەشدار بن، هەروەها پێویستە منداڵان فێری چاندنی دار بکرێن و خواردن بدەن بە پەلەوەر و ئاژەڵان، بۆ ئەوەی گیانی هاوکاری و بەزەیی و بەخشین و چاکەکاری لە ناخیاندا بڕوێندرێت، بۆ ئەوەی لە داوڕۆژدا سوود بە خۆیان و کۆمەڵگەکەیان بگەیەنن».

**هاندەر و هاوکار بن بۆ پەرەپێدانی ئەو حەز و ئارەزووانەی منداڵەکانتان هەیانە، وەک وەرزش، وێنەکێشان، مۆسیقا، مەلەوانی، خوێندنەوە، نووسین و....هتد**

**هانی منداڵەکانتان بدەن بۆ ئەوەی هاوکار بن بۆ ئەنجامدانی کارەکانی ناوماڵ، یان لە دەرەوە هاوکاریی باوکیان بکەن، بۆ ئەوەی هەستی هەرەوەزی لە لایان بچەسپێت و پەیوەندییە خێزانییەکان پتەوتر بێت**

**قوتابیان هەوڵی ئەوە بدەن ڕۆژانە کاتێکیان هەبێت بۆ خوێندنەوەی پەرتووک و گۆڤار و ڕۆژنامە و چیرۆکی منداڵان، هەروەها سەیرکردنی بەرنامە فێرکاری و زانستییەکانی کەناڵەکانی تیڤی و ئەنتەرنێت**



# دوو خوشکی نابیست باسی ئاریشەکانی ژیان و سەرکەوتنەکانی خۆیان بۆ گوڵان دەکەن

شنۆ عەزیز و بۆکان عەزیز، دوو خوشکی نابیست و کەمبیستی دانیشتووی شاری هەولێرن. جگە لەوەی یەکێکیان یاریدەدەری بەڕێوەبەرە لە پەیمانگەی هیوای نابیستان، زیاتر لە هەشت ساڵە لە ماڵەکەی خۆیاندا پێکەوە لە ڕێگەی کارە دەستییەکانیانەوە بژێوی رۆژانەی خۆیان دەستەبەر دەکەن، وەك خۆیان باسی دەکەن، لە داهاتی کارەکەیان وێڕای دابینکردنی خەرجی ڕۆژنانەی خۆیان هاوکاریی خێزانەکەشیان دەکەن. لە دیمانەیەکی گۆڤاری گوڵان ئەو دوو خوشکە دەسترەنگینە بەم جۆرە باسی حەز و خولیای کرکردن و بەهرەکانیان کرد.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

شنۆ تەمەنی ٣٩ ساڵە و یاریدەدەری بەڕێوەبەرە لە پەیمانگەی هیوای نابیستان، بۆکان تەمەنی ٢٣ ساڵە و تاوەکو پۆلی نۆی بنەڕەتی خوێندووە و دواتر بە هۆی کێشەی کەمبیستی وازی لە خوێندن هێناوە، ئەوان لەدایکبووی گەڕەکی ئیسکانی شاری هەولێرن.

بۆکان عەزیز کە کەمبیستە بەم جۆرە باس لە کارەکانی خۆی و خوشکەکەی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات: «لەبەر کێشەی کەمبیستنم، نەمتوانی قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکەم، تەنانەت مامۆستاکانم لێم بێزار دەبوون و زۆر دڵیان دەهێشاندم، پۆلی نۆم تەواو کرد، دوای ئەوە ماوەی دوو ساڵ چووم بۆ پەیمانگەی هانا، ساڵی یەکەم بەشی بەرگدووری بوو، جوان فێر نەبووم و وازم لە بەرگدووری هێنا، ساڵی دووەم لە پەیمانگەی هانا چوومە بەشی کۆمپیوتەر و لەم بەشە پلەی یەکەمم بەدەستهێنا.

سەبارەت بە سەرەتای کارکردنیان شنۆ عەزیز دەڵێت: «پاش تەواوکردنی پەیمانگە لە ماڵ زۆر بێزار بووم و، دەستم کرد بە کاری دەستی و بە هۆی شنۆی خوشکمەوە حەزم بۆ ئەو کارە زۆر بوو، سەرەتا لە ڕێگەی یوتوب فێری کاری دەستی بووین، دواتر پەرەمان بە کارەکەماندا و تاوەکو ئەمڕۆش لە کارە دەستییەکانمان بەردەوامین، من بەش بە حاڵی خۆم یەکەم جار بە دەستبەند دەستم پێ کرد، دواتر وردە وردە هەموو شتەکان فێر بووم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا تاچەند لەگەڵ کارەکەت ئاسوودەی؟ شنۆ گوتی: «من زۆر زۆر ئاسوودەم لەگەڵ کارەکەم و زۆریش دڵخۆشم، سوپاس بۆ خوا، بۆ کاری ڕۆژانەم خوشکەکەم و دایکم زۆر هاوکارمن، چونکە وەك کەمبیستێك گرفتی زۆرمان دێتە پێش، هێزی تێگەیشتنمان لە خەڵك زۆر باش نییە، بە تایبەت هەندێك خەڵك کە حەرەکەی دەمیان نییە، چونکە تەنیا بە سەیرکردنی دەمی کەسی قسەکەر لە کەسی بەرانبەر تێدەگەم».

سەبارەت بە خەون و ئاواتیشی بۆ داهاتوو گوتی: «ئامانجی گەورەمان هەیە، بەڵام پێویستی بە هاوکاریی زۆر هەیە، لە پلانماندا هەیە کە پێکەوە لەگەڵ شنۆی خوشکم بتوانین دوکانێك دابنین و شتەکانمان تیایدا بفرۆشین».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بەشداری چەند پێشانگاتان کردووە و ئایا لە ئێستادا شتەکانتان چۆن دەفرۆشن؟ گوتی: «هەردووکمان بە یەکەوە بەشداریمان لە چەندین پێشانگا و فیستیڤاڵ کردووە، بەڵام لە ئێستادا زیاتر کەلوپەلەکانمان بە ئۆنلاین دەفرۆشین، ئەگەر خەڵك داوا بکات گەیاندمان بۆ هەموو شارەکانی کوردستان هەیە، هەروەها لە پێشانگا و فیستیڤاڵەکانیش کارە دەستییەکانمان دەفرۆشین، هەرچەند بەشداریکردنمان لە پێشانگەکان بۆ ئێمە زۆر سەختە، چونکە وێڕای گرانیی کرێی هاتوچۆی ڕۆژانەمان بۆ شوێنی پێشانگەکان هەندێك جار کرێی مێزیشمان لێ وەردەگرن».

■ سەرەتا لە ڕێگەی یوتوب فێری کاری دەستی بووین، دواتر پەرەمان بە کارەکەماندا و تاوەکو ئەمڕۆش لە کارە دەستییەکانمان بەردەوامین

■ وەک کەمبیستێک گرفتی زۆرمان دێتە پێش، هێزی تێگەیشتنمان لە خەڵک زۆر باش نییە، بە تایبەت هەندێک خەڵک کە حەرەکەی دەمیان نییە








# دۆزەخی بێ دەرگا

هونەرمەند ئەو کاتە دەبێتە بەشێك لە مێژووی وڵاتەکەی، ئەو ساتەوەختە وەك کەسێکی کارا لە نێو ڕۆڵەکانی گەلدا خۆی پێناسە دەکات، کە هونەرەکەی لە چوارچێوەی ئامادە بوون و جمینی نەتەوەکەیدا، فاکتەرێکی کارا و کاریگەر و ئامادە بێت. ڕۆژی ۲۱/گوڵان/۲۷۲۳ی کوردی، نیگارکێشی ناسراوی باشووری کوردستان ڕۆستەم ئاغالە، لە شاری کۆیەوە بەرەو شنگال چوو، لەوێدا پیشانگایەکی بە ناوی (شنگال دۆزەخی بێ دەرگا) کردەوە. ئەم هەنگاوەی ئاغالە فۆکسی ڕۆشناییەکی زۆر دەخاتە سەر گۆشەیەکی فەرامۆش و کارەسات دیتەی نیشتیمان، شنگال بە هەموو برین و ژان و ئازارێکەوە، دەبێتە چەقی چالاکیی هونەرمەندێك. ئەم هەنگاوەی ئاغالە پشتیوانی کردنە لە شنگال و سەرنجی هەر هەموومان بە لای ئەو بەشە ئازیزەی نیشتیمان دەبات.

تاریق کارێزی







هەڵبژاردنی کۆڵان و شەقامێکی خاپوور و وێرانی شاری شنگال وەك شوێنی پیشانگایەکی شێوەکاری، مایەی سەرنجە، هونەرمەند دەیەوێت تابلۆکانی ببن بەو بڵندگۆیەی هاواری شارێکی مەینەتباری کوردستان بە زۆرترین خەڵك بگەیەنێت. ڕۆستەم ئاغالە وەك هونەرمەندێکی دیاری باشووری کوردستان و دامەزرێنەری گەلەریی ئاغالە لە بناری هەیبەت سوڵتان لە شاری کۆیە، کاتێك پیشانگای خۆی دەباتە نێو ئەو دۆزەخەی داعش لەو جوگرافیا دێرینەی کوردستاندا ناویەتییەوە، کارەکەی هەنگاوێکی بەرزە و هونەرمەند و هونەرەکەی دەباتە ئاستی بەرپرسایەتییەکی باڵا. باشە، ئاخۆ لە وێرانەی شنگالدا هونەرمەندی چیی نمایش کرد؟

هەڵبژاردەیەك لە تابلۆی خۆی و چەند تابلۆیەکی تایبەت بە شنگال، کەرەستەی پیشانگاکە بوون، ستاندی لە شەقامێکی وێرانی شارەکەدا چەقاند و تابلۆی خستە بەردەمی خەڵك، ئەمە هەنگاوێکی دانسقەیە. ئەو تابلۆیانەی لە پیشانگاکەدا نمایش کرا بوون، سروشت و مۆدێلی کچە کورد بوون، ئەوە گوزارشتە لە جوانییەك کە لەو شارەدا ئاوا بووە، جوانی و شکۆیەك لەو شارەدا دزراوە، سووکایەتیی پێ کراوە و پڕکێشی کراوەتە سەر شکۆ و حورمەتی، هونەرمەند دەخوازێت ئەو جوانییە، ئەو شکۆیە زیندوو بکاتەوە، بیهێنێتەوە بەر زەینی شنگالیان، بەوەی ئەم شارە زێدی جوانی و ژیانە، ئەوە دەستی ڕەشی داعشە کە خاپووری کردووە. ئەو تەنیا بە شنگال نەوەستاوە، بەڵکوو چووە گوندی کۆچۆش، ئەو گوندەی داعش جینۆسایدێکی بێ وێنەی تێدا کرد. لە بەرایی هێرشەکەی بۆ سەر دەڤەری شنگال، داعش ١٢٩٣ هاووڵاتی ئێزدیی کوشت و لە ٨٠ گۆڕی بە کۆمەڵدا خستنییە ژێر خاکەوە، هاوکات داعش ٦٨ مەزاری ئێزدیی تەقاندەوە، ٦٤١٧ کەسی ڕفاند، لە نێویاندا ٣٥٤٨یان کچ و ژن بوون. گوندی کۆچۆ بە دووریی ٢٠ کیلۆمەتر کەوتووەتە باشووری ڕۆژاوای شنگالەوە، ژمارەی دانیشتووانی ١٧٠٠ کەس بوون، داعش سەرووی ٦٠٠ کەسی لەو گوندەدا گوللەباران کرد.

ڕۆستەم بەدەم پیشانگاکەیەوە دەڵێت «شنگال نەبینی، نازانیت داعش چ دڕندەیەك بوون دەرهەق بەو خەڵکە بێ پشت و پەنایە. چواردەوری گوندی کۆچۆ بە پاسەوانی حەشد گیراوە، زیندەوەر و ڕۆحلەبەرێکی تێدا نییە. چۆلەکە و پەڕەسێلکە سڵ لە نیشتنەوەی سەر گوێزەبانە و بەر پەنجەرەیماڵەکانی دەکەنەوە. ڕێبەرێکی سەربازی ماڵی نادیە مورادی پێ نیشان داین، گوتیان عەرەبی گوندەکانی دەوروبەر بەر لە داعش پەلاماری کۆچۆیان دا. چەندە دڵ پڕ لە قین و نامرۆڤانە بوون!» ئێرە هەژارستانێکە و بەر وەیشوومەی ڕەشی تیرۆری داعش کەوتووە.

## دیانا حەداد:

# من دژی شەپۆلی ئێستای گەشەسەندن نیم



خانمە هونەرمەندی لوبنانی دیانا حەداد زیاتر لە (٢٥) ساڵە لە بواری گۆرانیگوتندا بەردەوامە و یەکێکە لە ئەستێرە ناسراوەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، کە تا ئێستاش بەردەوامە لە کاری هونەری، دیانا لە دیمانەیەکدا تیشکی خستە چەند بابەتێکی تایبەت بە ژیانی خۆی و پەیوەندیی لەگەڵ ئایین و هونەرمەند سەمیرە تۆفیق و سۆشیال میدیا.

دیانا باس لە ناوبانگی دەکات و تیشک دەخاتە سەر ئەوەی ئایائایا ژیان وەك مرۆڤێك چانسی پێ بەخشیوە؟، لەم ڕووەوە دەڵێت: «ئاساییە وەك هونەرمەند ڕەخنەم هەبێت با ناوی بنێین گلەیی یان ڕەخنەی تایبەتی، هەندێك هونەرمەند لە ڕۆڵێکدا دەژین و بێهودەیی زاڵە بەسەر ژیانی تاکە کەسییاندا، سوپاس بۆ خودا من وا نیم، بەڵام هەندێك بابەتی تایبەتی بە ژیانی خۆم هەیە ڕێگە نادەم کەس دەستێوەردانی بکات، یان باسیان بکات، چونکە منیش مرۆڤم، بەڵام ئەمە باجی سەرکەوتن و ناوبانگە»، دیانا باس لە ئایین و پابەندبوونی ئایینی دوور بوون لە خۆنمایشکردن لە سۆشیال میدیا دەکات و دەڵێت: «زۆر ڕەخنەم لێگیرا کاتێك لەگەڵ دوو کچەکەم چووم بۆ ئەنجامدانی عەمرە، هەندێکیان نووسیبوویان (خودای گەورە ڕەحم بە دیانا بکات) ئەمەش زۆر نارەحەتی کردم، بۆیە پێم سەیر بوو چۆن مافی خۆیانە دەنگۆی هاوشێوە بڵاوبکەنەوە و بەو لۆژیکە قسە بکەن! پەیوەندی نێوان بەندە و پەروەردگاریش دەبێت تەنیا پەیوەندی بەوەوە هەبێت»، سەبارەت بە پەیوەندیی لەگەڵ خاتوو سەمیرە تۆفیق و گوتنەوەی گۆرانییەکانی دەڵێت: «پەیوەندی من لەگەڵ خاتوو سەمیرە تۆفیق زۆر بەهێزترە لە هەموو گۆرانی و کارێکی هونەری، ئەو بۆ من وەك دایك و هاوڕێ و خوشکێك وایە، لەسەر دەنگی ئەو گەورە بووم، هاوڕێیەتییەکی نزیکیشم لەگەڵ ئەو و خێزانەکەی هەیە، ژیانی هونەریی من نزیکەی ٢٥ ساڵە، و زیاتر لە ٣٠٠ گۆرانیم هەیە، ئەگەر گۆرانی بۆ خاتوو سەمیرە تۆفیق بڵێم، ئەمە پێزانینێکە بۆ ئەو و سڵاوێکی ڕێزگرتنە، هەروەها بۆ ئاشناکردنی نەوەی نوێیە بە هونەرەکەی، زۆر گۆرانی هەیە کە من لە کۆنسێرتەکانمدا پێشکەشی ناکەم و هی خۆمن، گۆرانی بەدەوییش تایبەت نییە بە هیچ کەسێك، تەنانەت لوبنانی و میسری و عێراقییش نییە و هەر هونەرمەندێك مافی ئەوەی هەیە بیڵێتەوە، من داوام لە کەس نەکردووە کلیلی ئەرشیفەکە یان هیچ پەیامێکم پێبدات، کاتێك ئەوە لەگەڵ خاتوو سەمیرە تۆفیق ڕوویدا، زۆر سوپاسی کردم و دوای ئەوەی پاشەکشە لە بڕیارەکەی کرد، ئەو ئازادە سەبارەت بە گۆرانییەکانی و ئەگەر خودا تەمەنم پێ ببەخشێت، ڕەنگە ڕێگە بە هەر هونەرمەندێکی ژن بدەم لە داهاتوودا گۆرانییەکانم بڵێت»، سەبارەت دیاردەی ئەستێرەکانی سۆشیال میدیا دیانا دەڵێت: ئەمانە دیاردەن و ئێمەش دژیان نین، من کێم بۆ ئەوەی حوکم لەسەر چی لە گۆڕەپانەکەدا بدەم؟! ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکەدا دەکەم وەك ئەوەی گوێگر و بینەر بم، شوێنی چەند بەهرەیەکی جوان دەکەوم، بەڵام کێشەیەك لە هەڵبژاردنەکان و گۆرانییەکەدا هەیە، بەگشتی هونەرمەند بەردەوامییە، دەیان ساڵ لە هونەردا قوربانیم دا، بۆیە بەرهەمەکانم پێشکەش کرد، کە زۆربەیان سەرکەوتوو بوون و هەندێکیشیان بێ ئومێد بوون و هەمووی لە پێناو بەردەوامیدان، چەمکی ئەستێرەیی تەواو جیاوازە لە چەمکی ناوبانگ، ئەستەمە ئەمڕۆ ببیتە ئەستێرە، چونکە ئەمە پێویستی بە دوو هەوڵ هەیە، لە سێ ساڵی ڕابردوودا ئەو هونەرمەندانەی کە چێژیان لە سەرکەوتنی سەرسەخت وەرگرتووە، لە ژمارەیەك بەرهەمدا دەرکەوتن و زۆری نەخایاند لە گۆڕەپانەکەدا دیارنەمان، ئەستێرەیی واتە بوونی هەمیشەیی و کۆڵنەدان»، دیانا باس لە گەشەسەندن لە بواری هونەریدا دەکات و لەو بارەشەوە دەڵێت: «من خۆم هەمیشە بە ئامادە دەزانم، تەنانەت لە ژیانی تایبەتیشدا لە ئاستی جیاوازدا گەشەم کردووە، لەوانەیە خەڵك بە هەڵە لێم تێبگەن، بەڵام من دژی شەپۆلی ئێستای گەشەسەندن نیم، بەڵکو بەو شتانە گەشە دەکەم کە ڕەنگە خەڵك لێم قبوڵ بکات، زۆر گۆڕاوم و خۆمم پەرەپێدا، لێرەدا نۆرەی من دێت کە لە خەڵك بپرسم ئەمڕۆ دوای ئەم پەرەسەندنە دیانا حەداد لە کوێدا دەبینیت؟ زۆر گەشبین.. من بە سرووشتی خۆم ئارامم و هیچ شتێك لە پشت ئەم کارەکتەرەوە ناشارمەوە، من کەسێکی ڕاستگۆم، بە بێدەنگی کار دەکەم، هەرچەندە چەرخی کات زۆر بە خێرایی دەجووڵێت، گۆرانییەکەش وەك خۆی نەماوە».



**سەرچاوە: گۆڤاری لها**



## هەنگاو محەمەد:

# پێش بینی دەکەم زیاتر سەرکەوین بۆ پلەکانی پێشەوە

تیپی تۆپێی یانەی وەرزشیی هەولێر ئەم وەرزە لە قۆناغی یەکەمی خولی نایابی یانەکانی عێراقی ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست نەبووە، لە قۆناغی دووم بە ئامانجی باشترکردنی ڕیزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی قۆناغی دووەم گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزانی بەتوانا مۆر کرد، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێریش (هەنگاو محەمەد)ی یاریزانی لاوی شارەکەیە، کە لەگەڵ یانەی دهۆك خاوەن ئاستێکی بەرز بوو و ڕۆڵی گرنگیشی بینی لە سەرخستنی یانەی دهۆك بۆ خولی نایابی کوردستان، ئێستاش هەنگاو لە خولی نایابی عێراقی بەرگری لە درێسی یانەی هەولێر دەکات، هەنگاو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی شاری هەولێرە و پێشتر یاریی بۆ یانەکانی هەندرێن و دهۆك کردووە و دەرچووی پەیمانگەی وەرزشیی هەولێرە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد، ئەوەیش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئێستا بارودۆخی یانەی هەولێر چۆنە؟**

- لە ئێستادا یانەی هەولێر بە بارودۆخێکی زۆر باشدا تێدەپەڕێت.

*** ماوەیەکە هاندەران ناتبینن لە پێکهاتەی سەرەکیی یانەکەدا، هۆکاری چییە؟**

- ڕاستە لە پێکهاتەی سەرەکیدا نیم، بەڵام ئەوە ڕاهێنەرە خۆی دەزانێت لە چ بارودۆخێکدا منی پێویستە بۆ یاریکردن و چ کاتێکیش منی پێویست نابێت.

***کێشەت لەگەڵ ڕاهێنەر هەیە یان کێشەکە هونەرییە؟**

-نا من هیچ کێشەیەکم نییە، ڕاهێنەر لە هەموان باشتر دەزانێت تیپەکە چۆن لە یارییەکاندا سەرکەوتوو دەبێ، ئەو ستایلە یاری پێ دەکات.

***پێشبینی چی دەکەیت بۆ ئەنجامی یانەکەتان لەم یارییانەی ماوتانە؟**

- پێش بینی دەکەم زیاتر سەرکەوین بۆ پلەکانی پێشەوە.

***گرفتتان چییە لە ئێستادا؟**

- هەندێك گرفتی پارەمان هەیە، پەنا بەخوای گەورە بەڵێنیان داوە چارەسەری بکەن.



*** ئەمساڵ ئاستت بەرز بوو لەگەڵ یانەی دهۆك، بەڵام لە ناکاو بڕیاری ڕۆیشتنت دا، هۆکار چیبوو؟**

- من زۆر ئاسوودە بووم لەگەڵ یانەی دهۆك، بەڵام لەگەڵ ڕاهێنەر گرفتم هەبوو، دەتوانم بڵێم ئەوە هۆکار بوو من و یانەی دهۆك لێك جیا بینەوە.

*** هۆکارێکی باش بووی بۆ سەرخستنی یانەی دهۆك بۆ خولی نایاب، ئەوان ڕێزی ئەو ماندوو بوونەی تۆیان نەگرت؟**

-بەڵێ ڕاستە من وەکو کوڕی ئەو شارە وابووم، زۆر سوپاسی هاندەرانی یانەی دهۆك و خەڵکی دهۆك دەکەم زۆر پاڵپشتی من بوون، بەڵام من نازانم تاکو ئەو کاتەش کێشەی ڕاهێنەر لەگەڵ من چی بوو، چونکە دوو ڕۆژ پێش کۆتاییهاتنی وادەی گواستنەوە ئەوکات بەمنی گوت تۆم ناوێت.

*** نیازی ئەوەت نییە ڕوو لە یانەکانی ناوەڕاست و باشووی عێراق بکەیت؟**

- من گرێبەستم بۆ هاتووە، دەمتوانی بچم بۆ یانەکانی باشووری عێراق، بەڵام یانەی دهۆك ئەو کاتەی بۆ من نەهێشتەوە تا بتوانم لەگەڵ یانەیەك ڕێك بکەوم و یاریی بۆ بکەم.

*** بیری خولی کوردستان ناکەیت؟**

- بەڵێ زۆر بیری دەکەم، بەڵام یاریزان دەبێ بەرەوپێش بچێت، نەك بۆ دواوە بگەڕێتەوە.

*** خۆت بە قەرزاری کێ دەزانیت؟**

- باوکم دواتر ئەو کەسانەی بە وشەیەکیش بێت پشتگیرییان کردووم.

*** ژمارەیەکی زۆر هاندەرت هەیە لێرەوە چیان پێ دەڵێیت؟**

- چاوی هەر هەموان ماچ دەکەم کەوا بەردەوام پاڵپشتی من دەکەن.

*** هەوڵی گەیشتن بە هەڵبژاردەی عێراق نادەیت؟**

-هەموو یاریزانێکی خەومی گەیشتنی بە هەڵبژاردەی عێراق هەیە، بەڵام کورد بوون تۆزێك سەختە هەتا دەگەیتە هەڵبژاردەی عێراق.

*** لە کۆتاییدا دەتەوێت چی بڵێیت ؟**

-سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بووەتە مینبەرێکی باش بۆ گەیاندنی دەنگی وەرزشکاران، سوپاس بۆ سەرجەم وەرزشکارانی کوردستان.


**دەمتوانی بچم بۆ یانەکانی باشووری عێراق، بەڵام یانەی دهۆك ئەو کاتەی بۆ من نەهێشتەوە**

**کورد بوون تۆزێك سەختە هەتا دەگەیتە هەڵبژاردەی عێراق**

## محەمەد ئەسعەد:

# یاریی بلیارد بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە

یاریی بلیارد لە ئێستادا لە نێو گەنجانی شارەکانی کوردستاندا گرنگیی زۆری پێ دەدرێت، جگە لەوەش چەندین یاریزانی بەتوانا کێبڕکێ دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی مەدالیای جۆراوجۆر لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە، یانەی پێشکەوتنی شاری هەولێر لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوام گرنگی بە یارییە تاکەکان دەدات، یەکێک لە یاریزانانی یانەکەش (محەمەد ئەسعەد)ی یاریزانی بلیاردی یانەی پێشکەوتنە، محەمەد لە بارەی ئاستی ئەم یارییە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا ئاستی یاریی بلیارد لە کوردستان و عێراق زۆر بەرزە و بەرەوپێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، یاریزانانی یانەکانیش کێبڕکێی بەهێز دەکەن لەگەڵ یەکتر»، محەمەد گوتیشی: « ڕووی داراییەوە هیچ پاڵپشتییەك لەلایەن یانەکانەوە نییە بۆ یاریزانەکان و بەهیچ جۆرێك پاڵپشتیی یاریزانان ناکرێت، ئێمە وەکو یاریزانان هیچ گرفتێکی هونەریمان نییە، بەهیوای ئەوەین وەکو وڵاتانی دیکە پشتگیری بکرێین لە ڕووی داراییەوە تا ئاستی یاریزانەکان بیبندرێت، وەکو یاریزانێکی کوردیش هیواخوازم بتوانم بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی هەرێم بکەم و بتوانم مەدالیای جۆراوجۆر لە سەر ئاستی دەرەوەش بۆ کوردستان بەدەست بهێنم».



# ڕاهێنەری گۆڵپارێزانی لاوانی هەندرێن: گۆڵپارێزی زیاتر دروست دەکەین

کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەندرێن کە بەشدارە لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان و لاوانی کوردستان، دوای ئەوەی بڕیاری دا بە دەستنیشانکردنی (مامۆستا بوێر) کە یەکێکە لە ڕاهێنەرە گۆڵپارێزە لاوە بەتواناکانی شاری هەولێر و جێدەستی لە دروستکردنی چەندین گۆڵپارێز بۆ یانەکانی شاری هەولێر دیارە، ئەو هەر چەندە پێشتر لە یانەی زانکۆی جیهان بوو، بەڵام بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی دا لە یانەکە، یانەی هەندرێنیش بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ واژووە کردووە، بۆ ئەوەی سوود لە تواناکانی ببینێت، لەبارەی بەڕێوەچوونی یەکە مەشقییەکانیش لەگەڵ لاوانی یانەی هەندرێن (بوێر عومەر) ڕاهێنەری لاوانی یانەی هەندرێن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو هەر ڕاهێنەرێك دەمەوێ چەند گۆڵپارێزێك بۆ یانەی هەندرێن دروست بکەم، دوای ماوەیەکیش لە دابڕانم لە کاری ڕاهێنەری گۆڵپارێز، بە خۆشحاڵییەوە ئێستا لەگەڵ تیپی لاوانی یانەی هەندرێن دەستبەکار بووم، دڵخۆشم بەکارەکە و بە گەشبینییەوە لە داهاتوو دەڕوانم، بەهیوای ئەوەم بتوانم ئەنجامی دڵخۆشکەر بۆ داهاتوو بەدەست بهێنم»، مامۆستا بوێر گوتیشی: «لە ئێستادا لە هەموو ئاستەکانی تەمەن کورتهێنانێکی زۆر بەدی دەکرێ لە بوونی گۆڵپارێزی لاو، بەو هیوایەم بتوانم بە هاوکاری هەموو لایەك شوێن پەنجەی خۆم لە سەر تیپەکە دیاری بکەم، جگە لەوەش چەند لاوێکی بەهرەمەند پێش بخەم و ئەنجامی باشمان هەبێت و ڕەنگدانەوەیەکی باشی هەبێت لە سەر ئاست و ئەنجامی یانەکە، سوپاسی یانەی هەندرێنیش دەکەم بۆ ئەو پاڵپشتییەی لە تیپەکانی خۆی دەکات».



# پێشمەرگەی هەولێر بووە پاڵەوانی خولی نایاب، چەمچەماڵیش دابەزی

دوای ٢٨ هەفتە لە بەڕێوەچوونی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، دواجار یانەی پێشمەرگەی هەولێر بە بردنەوەی لە یانەی چوار قورنە بە ئەنجامی(٢-١) گۆڵ توانی ببێتە پاڵەوانی خولەکە، لەم وەرزەدا یانەی پێشمەرگەی هەولێری قەزای پیرمام، لە کۆی ئەنجامدانی ٢٨ یاری توانی ١٤ یاری بە سەرکەوتن و ١٠یاری بە یەکسان بوون و ٤یارییش بە دۆڕاندن ئەنجام بدات، یانەی پێشمەرگەی هەولێر توانی بە کۆکردنەوەی ٥٢خاڵ ببێتە پاڵەوانی ئەم وەرزەی خولەکە، یانەی ئاراراتیش بە کۆکردنەوەی ٤٥خاڵ توانی پلەی دووەم بەدەست بهێنێت، یانەی هەندرێنیش بە جیاوازیی گۆڵ لەگەڵ یانەی سۆران بە کۆکردنەوەی ٤١خاڵ پلەی سێیەمی ڕیزبەندی یانەکانی بەدەست هێنا، یانەی چەمچەماڵیش کە ئەم وەرزە بە دۆخێکی خراپی داراییەوە یارییەکانی بەڕێوە برد، کە سەرۆکی یانەکە لە یەك کاتدا سێ ئەرکی بەڕێوە دەبرد وەکو سەرۆکی یانەکە و شوفێری یانەکە و ڕاهێنەری تیپ بۆ ئەوەی بتوانن تیپەکە لەم قەیرانەدا یانەکە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بهێڵنەوە، بەڵام دواجار خونەکەیان نەهاتەدی و لە کۆی ٢٨یاری، یانەکە تەنیا لە حەوت یاریدا براوە بووە، ١٠یاریی یەکسان بووە و ١١یارییش دۆڕاوە، یانەکە خاوەنی ٣١خاڵە لە دواین ڕیزبەندی یانەکانی کوردستان دابەزی بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکان، هەرچی یانەی زاخۆشە خاوەنی ٣٢ خاڵە لە پلەی چواردەهەم دێت و بڕیارە یاریی پلەی ئۆف لەگەڵ یانەی سلێمانی ئەنجام بدات، براوەی ئەم یارییەش ڕاستەوخۆ دەگاتەوە خولی نایابی کوردستان، هەردووو یانە ئامادەکاریی باشیان کردووە، ئەم وەرزە سەمیر بابۆی ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگە بووە تاکە ڕاهێنەر لە خولی نایابی کوردستان، کە بۆ یەکەم جار توانی پێنج نازناوی خولەکە بەدەست بهێنێت لەگەڵ یانەکانی هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر، ئەم خولەش ساڵانە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان سەرپەرشتییان دەکات.





# ئایا ڕووناکیی LED دەبێتە ئەگەری سەرئێشە؟

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دایۆدی بڵاوکردنەوەی ڕووناکی LED لەوانەیە ببێتە هۆی سەرئێشە و وروژێنەر بێت بۆ نۆرەی شەقەسەر، بەتایبەتی لەو کەسانەدا کە زیاد هەستیارن بەرانبەر بە ڕووناکی. لە سەردەمی ئێستاماندا، بەرکەوتنی ڕۆژانە بە ڕووناکی LED لە هەموو کەسێکدا باوە کە لە ناوماڵ، شاشەی کۆمپیوتەر، تەلەڤزیۆن، سمارتفۆن و لایتەکانی ناو ئۆتۆمۆبێلدا سەرچاوەدەگرن.

ڕەونەقی LED لە هەندێک کەسدا لەوانەیە کە وروژێنەر بێت بۆ سەرئێشە، چونکە لەرەی ڕەونەقی Flicker لایتەکانی LED کە لەوانەیە بە چاوی مرۆڤ هەستی پێ نەکرێت، لە لایتەکانی دیکە زیاتر و بەهێزترە، بۆیە لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری سەرئێشە و وروژاندنی حاڵەتەکانی شەقەسەر. لە لایەکی دیکەدا، لە شاشەکانی LCD دا کە لەوانەیە لایتی LED بۆ ڕووناککردنی دیوی پشتەوەی شاشەکان بەکار بێت، لەرەی ڕەونەقیان دەگاتە ٦٠ جار لە چرکەیەکدا، ئەمەش لەو کەسانەی کە هەستیارن بۆ ڕووناکی دەبێتە هۆی سەرئێشە و هیلاکبوونی چاوەکان. بەرکەوتن بە ڕووناکی LED جگە لەسەرئێشە و نۆرەی شەقەسەر، دەبێتە ئەگەری گرفتی دیکەی وەکو: هیلاکبوونی چاوەکان، لێڵبوونی بینین، هەستکردن بە نارەحەتی لەکاتی بینینی ڕەونەقی LED لەکاتی شەو، بەتایبەتی لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا، هەستکردن بە هیلاکی و ماندووبوونی جەستەیی، هەستیاریی بە ڕووناکی Photosensitivity لە نەخۆشانی پەرکەمدا.



# گرنگی ژمارەی لێدانەکانی دڵ لەکاتی حەسانەوەدا

بەگشتی ژمارەی یان تێکڕای ئاسایی لێدانەکانی دڵ Resting heart rate لەکاتی حەسانەوەدا لە کەسانی پێگەیشتوودا لە نێوان ٦٠-١٠٠ ترپەدایە لە یەك خولەکدا. لێدانەکانی دڵ کەم و زیاد دەکەن بە گوێرەی گۆڕان لە پێویستیی لەش بە ئۆکسجین لەگەڵ هەر چالاکییەکی ڕۆژانەدا، هەروەها پەیوەندییان هەیە بە: تەندروستیی کەسی، کێشی لەش، لەگەڵ ئاستی چالاکیی فیزیکی و جووڵەدا. تێکڕای لێدانەکانی دڵ لەکاتی حەسانەوەدا نیشاندەرێکی گرنگە بۆ تەندروستی بەگشتی و بەتایبەتیش بۆ ئاستی لیاقەی فیزیکیی هەر کەسێك. لە توێژینەوەکاندا هاتووە کە ژمارەی بەرزی لێدانەکانی دڵ لەکاتی حەسانەوەدا واتە تووشبوون یان ئەگەری بەرزی تووشبوون بە گەلێك حاڵەت و نەخۆشی وەکو: ڕەقبوونی خوێنبەرەکانAtherosclerosis، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ لە خوێندا، نەخۆشیی دڵ، نۆرەی دڵ، کەمخوێنی، هەوکردنەکان، سترێس، پەستی، هەناسەتەنگی لەکاتی خەودا، نەخۆشیی شەکرە، جەڵتەی مێشك، ڕەبوو، هەروەها نەخۆشیی تەسکبوونەوەی درێژخایەنی ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی هەناسە COPD.



# هەناسەڕاوکێ، نیشانەیە یان نەخۆشی؟

هەناسەڕاوکێ Tachypnea واتە خێرابوون وتەنکبوونیی کرداری هەناسە کە زیاتر بێت لە ٢٠ هەناسە لە یەك خولەکدا بە پێچەوانەی هەناسەی ئاسایی یان لەسەرخۆ و قووڵ کە لە نێوان ١٢-٢٠ هەناسە لە یەك خولەکدایە لە کەسانی پێگەیشتوودا، لە منداڵی تازەبوودا زیاتر لە ٦٠ هەناسە لە یەك خولەکدا بە هەناسەڕاوکێ پێناسە دەکرێت. هەناسەڕاوکێ لە ئەنجامی کەمیی ئۆکسجین و زیادبوونی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە لەشدا ڕوودەدات، هۆکارەکان: گەرما، تا، ڕەبوو، ترس و تۆقین، هەوکردنی بۆڕیی هەناسە یان شانەی سییەکان، شێرپەنجەی سییەکان. هەناسەڕاوکێ مەرج نییە کە نیشانەی نەخۆشی بێت، بۆنموونە لەکاتی مەشقی وەرزشیدا ڕوو دەدات. ئەو نیشانانەی کە هاوکات لەگەڵ هەناسەڕاوکێدا لە پێگەشتواندا ڕوودەدەن بریتین لە: هەستکردن بە پێویستی بە هەوا، شین هەڵگەڕانی لێو یان پەنجەکان، بەکارهێنانی ماسوولکەکانی سینگ لەکاتی هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوەدا، لە منداڵی تازەبوودا: خوارکردنەوەی سەر، پرخە لەگەڵ هەناسەدا، شین هەڵگەڕانی دەوری دەم، لەگەڵ کشانەوە یان قووڵبوونی سینگ لەکاتی هەناسەوەگرتندا.

# هۆکارەکانی خەمۆکی

خەمۆکی Depression نەخۆشییەکی دەروونیی باو و ئاڵۆزە، کاریگەری دەکاتە سەر بیرکردنەوە، مەزاج، لەگەڵ ڕەفتاری ڕۆژانە. خەمۆکی باوە لە دوا ساڵەکانی نەوجەوانی و سەرەتاکانی تەمەنی پێگەیشتندا، ئافرەت دوو هێندەی پیاو ئەگەری تووشبوونی بە خەمۆکییان زیاترە، کە لەوانەیە پەیوەندی بە هۆرمۆنەکانەوە هەبێت. گەلێك هۆکار و گەلێك ڕیسك بەیەکەوە هاندەرن بۆ تووشبوون بە خەمۆکی، بۆنموونە جینەکان(بۆماوە)، هۆکاری بایۆلۆژی، هۆکاری دیمۆگرافی، دەروبەر و ژینگە، لەگەڵ هۆکارە دەروونییەکان ڕۆڵیان لە تووشبووندا هەیە، بۆنموونە: نەخۆشیی درێژخایەنی جەستەیی وەکو شێرپەنجە، گرفتەکانی کۆئەندامی دەمار وەکو جەڵتەی مێشك یان نەخۆشیی پارکینسۆن، دووگیانی و منداڵبوون، زەبر بۆ ناوچەی سەر، ئەلکهول و بەکارهێنانی دەرمانە هۆشبەرەکان، پەستی و سترێسی درێژخایەن، مردنی کەسی نزیك و خۆشەویست، جیابوونەوەی خێزانی، لەدەستدانی کار و پیشە، کارەساتی سرووشتیی وەکو بوومەلەرزە، ئاگر یان لافاو، هەژاری و ناجێگیریی باری ماددی، ڕەگەزپەرستی Racism، بەسەرهات یان کارەساتی گەورە، بەدمامەڵە Abuse و توندوتیژی، هەروەها لاوازی یان نەبوونی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی.



# باشترە کە ڤیتامین D ڕۆژانە وەربگیرێت!


بەم دواییە لە چەندین لێکۆڵینەوە و کۆنفرانسی پزیشکیدا بە وردی باسی ئەوە کراوە کە چۆن وەرگرتنی ژەمی گەورەی هەفتانەی ڤیتامین D کاریگەریی لە لەشدا دەبێت بە بەراورد لەگەڵ وەرگرتنی ژەمی بچووکی ڕۆژانە، دەرەنجام زۆربەی هەرە زۆری زانا و پسپۆڕان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە واباشترە ڤیتامین D بە ژەمی بچووکی ڕۆژانە وەربگیرێت لەگەڵ ژەمێکی سەرەکیی خواردندا. بە ڕێنمایی پسپۆڕانی تەندروستی، ژەمی ڕۆژانەی ڤیتامین D بۆ کەسانی پێگەیشتوو لە تەمەنی ١٩-٧٠ساڵیدا بریتییە لە تەنیا ٦٠٠ یەکەی جیهانیی کە دەکاتە ١٥ مایکرۆگرام، ئاماژە بەمەش کراوە کە هەرگیز نابێت ژەمی ڕۆژانەی ڤیتامین D بۆ پێگەیشتووان لە ٤،٠٠٠ یەکەی جیهانیی یان ١٠٠ مایکرۆگرام زیاتر بێت، چونکە لەوانەیە کە زیان بە تەندروستی بگەیەنێت، هەروەها نابێت کە ژەمی ڕۆژانەی ڤیتامین D بۆ ئافرەتی دووگیان و منداڵانی تەمەن ١١-١٧ ساڵی هەرگیز لە ٢،٠٠٠ یەکەی جیهانیی یان ٥٠ مایکرۆگرام زیاتر بێت. پسپۆڕان ئاماژەیان بەمەش کردووە کە تەنیا بۆ حاڵەتەکانی توندی کەمیی ڤیتامین D واباشترە کە هەفتانە ژەمێکی گەورەی ڤیتامین D وەربگیرێت، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت.

# ئەو خۆراکانەی سسیتمی بەرگریی لەش لاواز دەکەن!

پەیوەندیی بەهێز لە نێوان خۆراك و سیستمی بەرگریی لەشدا هەیە، بۆنموونە کەمیی هەندێك ماددەی خۆراکی کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر سیستمی بەرگریی لەش، بە پێچەوانەشەوە خۆراکە دەوڵەمەندەکان بە ماددەی گرنگ سیستمی بەرگریی لەش بەهێز دەکەن. بەگشتی ئەو خۆراکانەی کە سیستمی بەرگریی لەش لاواز دەکەن بریتین لە: شەکرە زیادەکان لەگەڵ شیرینکارە دەستکردەکان Artificial sweeteners کە دەبنە ئەگەری گۆڕینی هاوسەنگیی بەکتریای ڕیخۆڵە



و بەرزبوونەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، شلەمەنییە گازدار و شیرینکراوەکان، خۆراکی شۆر و پڕخوێ، ئەو خۆراکانەی کە دەوڵەمەندن بە چەوریی ئۆمیگا ٦، خۆراکی سوورەوەکراو لە ڕۆن یان زەیتی زۆر گەرمدا Fried foods، خۆراکی پرۆسێسکراو کە ماددەی پاراستنی خۆراك و ماددەی کیمیایی دیکە لەخۆدەگرن وەکو بۆن و چێژ و ڕەنگ، گۆشتی زۆر برژاو Charred meat، خۆراکی خێرا بە هەموو جۆرەکانییەوە، کاربۆهیدراتی زۆر سافکراوی وەکو نانی سپی، سپاگێتی و هەویرکارییەکان کە بە ئاردی سپی دروستکراون، بسکویتەکان، لەگەڵ برنجی سپی.







# تەلەڤزیۆنە زەبەلاحەکان سینەمایەکی پێشکەوتوو

بە داهێنانی مۆبایل تا رادەیەکی زۆر رۆڵی تەلەڤزیۆن کەم بۆتەوە، بەڵام هێشتاش گرنگی پێدەدرێ. تەلەڤزیۆنی جۆری C SEED HLR لە ریزی تەلەڤزیۆنە گەورە ناوازەکان دێت. ئەوانە بە گشتی لە بواری دیزاین و کارایی و هەموو لایەنەکەوە جیاوازن.

ئەم تەلەڤزیۆنە زیاتر لە شوێنە گشتییەکان، وەك پارك و مۆڵە گەورەکان دادەندرێت. لە بواری قەبارەوە دوو جۆریان هەیە ١٤٤ ئینجی و ٢٠١ ئینجی. قەبارەی ١٤٤ ئینجی لە پێنج پارچە پێکهاتووە خۆیان دەچنە پاڵ یەك و دەبنە شاشەیەکی گەورە. هی ٢٠١ ئینجی لە حەوت پارچە پێکهاتووە. تەلەڤزیۆنەکە دەبێت سیستەمێکی تایبەتی بۆ دابندرێ کە لە ژێر زەوییە و بە داگرتنی دوگمەیەك تەلەڤزیۆنەکە لە ژێر زەوی دێتە دەر و بەرز دەبێتە و وەك چەترێك دەکرێتەوە و دەبێتە تەلەڤزیۆنێکی گەورە. کوالیتی نیشاندان لەو تەلەڤزیۆنەدا k٤ە. لە ماوەی ٤٥ چرکەدا دەکرێتەوە، بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەسووڕێت.

# کۆلێر مەستەر و داهێنانێکی نوێ



لە زۆربەی فیلمە خەیاڵی-زانستییەکاندا ئامێرێکی سەیر دەبیندرێ وەك ئەو ئامێرە دەچێ کە لە کەشیتوانە ئاسمانییەکان سوودی لێوەردەگرن، کۆلێرمەستەر (Cooler Mas-ter) ئامێرێکی هاوشێوەی ئەوانەی بەرهەم هێناوە بۆ کۆمپیوتەر. ئامێری Orb X ئامێرێکی گەورەیە لە راستیدا مێزێکی گەورەی کۆمپیوتەرە و بەکارهێنەرەکەی بۆ باشتر سوود وەرگرتن لە کۆمپیوتەر بەکاری دێنێ. بەتایبەتی بۆ یارییە ئەلکترۆنییەکان.

ئامێرەکە شێوەیی هێلکەیی هەیە. مێزێکی دانیشتنی تێدایە لەگەڵ شاشەیەکی ٣٤ ئینجی یا سێ شاشەی ٢٧ ئینجی. بەکارهێنەری یارییە ئەلکترۆنییەکان شاشە ٣٤ ئینجییە بەکاردێنن و ئەوانەی کاری دیزاین و گرافیك دەکەن سێ شاشە بەکار دێنن. سێیکەری تایبەتی تێدایە هەر چوار دەورەکەی بە تیشکی رازێنەرەوە داپۆشراوە. شوێنی دانانی کەیسی کۆمپیوتەری هەیە و لەگەڵ چەندین پۆرتی دانانی کێبڵەکان. بەرزاییەکەی ٢٩٠سانتە و رووبەرەکەشی ١٨٠ سانتە. کێشی ٣٤٣ کیلۆیە. بۆیە دەبێت شوێنێکی تایبەتی بۆ دابندرێ.



# چاویلکەیەکی زیرەک کاری وەرگێڕان دەکات

ئەو ئاسانکارییەی دونیای دیجیتالی زیرەك دەستەبەری دەکات، رەنگە داهاتووی مرۆڤایەتی بخاتە مەترسییەکی گەورە و زۆر کار و پیشە لە دەست مرۆڤدا نەمێنن، بۆ نموونە خوێندن بەم شێوە کلاسیکییە و هەروەها کاری وەرگێڕان و نووسین و دیزاین و گرافیك و... نموونەی بەرچاوی ئەم بوارە چاویلکەی زیرەکی TCL RayNeo X2ە. چاویلکەکە شاشەکانی رەنگین و وەك هێدسێتی واقیعی- مەجازی meta quest 2 دەچێت. رامەکەی ٦ گیگابایتە و داتاگەی ناوخۆی ١٢٨ گیگابایتە. کە سەیری دەکەی وەك چاویلکەیەکی تایبەت دەچێت بۆ ئەوانەی چاویان کز بووە، لە نێوانی دوو چاوەکانیدا کامێرایەکی ١٦ میگاپیکسلی هەیە کە هەم بۆ وێنەگرتن و هەم بۆ گرتنی ڤیدیۆی کوالیتی بەرزیش دەبێت. لەو چاویلکەیەدا کەسایەتی مەجازی سێ رەهەندی جوڵەدار هەن. چاویلکەکە سیستەمی GPS تێدایە و هاوکاری بەکارهێنەرەکەی دەکات بەرەو کوێ هەنگاو بنێت. هەموو ئاگادارکردنەوەی و پەیامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر شاشەی چاویلکەکە دەبیندرێن. دوو سپیکەری هەیە بۆ گوێگرتن لە مۆسیقی. ئەرکی گرنگی چاویلەکەکە لە وەرگێڕاندایە و ئەوەی دەبینیت لە دەقدا وەرگێڕانەکەی بەو زمانەی کە بەکارهێنەری سوودی لێوەردەگرێ نیشان دەدا.



# دەسکی گەیمینێگ بۆ هەموو مۆبایلێک

مۆبایلە زیرەکە بەهێزەکان شوێنی ئامێرە بەهێزەکانی گەیمی ئەلکترۆنی گرتۆتەوە، گەیمی ئەلکترۆنی لەم هەرێمە رەنگە گرنگی پێنەدەرێ، بەڵام بەگشتی لە جیهاندا کۆمپانیا و بودجەی زۆری بۆ تەرخان دەکرێ و ساڵانە چەندین جۆری ئامێری تایبەت بە گەمەکردن بەرهەم دێن. بە هاتنی مۆبایل رۆڵی ئامێرەکانی تایبەت بە گەیم کەمتر بۆتەوە، بەتایبەتی کە ئامێری لاوەکی گەیمیش وەك دەسکی گەیم بۆ مۆبایل بەرهەمهاتووە.

دەسکی گەیمی جۆری Turtle Beach Atom یەکێك لەو دەستکە تایبەتانەی بۆ مۆبایل بەرهەمهاتووە و لە زۆر رووەوە لە دەسکەکانی دیکە جیاوازە. بۆ نموونە ئەم دەسکە بۆ هەموو جۆرە مۆبایلێك دەبێت و گەورە و بچووك دەبێتەوە. پێکهاتووە لە دوو پارچەی لێکجیا کە بەشێوەی موگنتایسی پێکەوەدەنووسێن و بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێن. دوگمەکانی کلاسیکین و بەکارهێنەری یارییە ئەلکترۆنییەکان پێی ئاشنان. کاتێك شەحنی پڕ دەبێت هەتا ٢٠ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.



# درۆنەکانی پۆستە و دیلیڤەری

چەند ساڵێکە بازاڕی دیلیڤەری لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی پەرەی سەندووە، بۆ گواستنەوەی دیلیڤەری زۆرتر لە مۆتۆرسکلێت سوود وەردەگیرێت، هەرچەندە گەلێك جارانیش ئەو گەیاندنە بە مۆتۆڕەوە بێ مەترسی نییە.

کۆمپانیای Zipline درۆنێکی نوێی بەرهەم هێناوە بۆ گەیاندن و دلیڤەری، بەتایبەتی گەیاندن لە کاتە هەستیار و فریاگوزارییەکاندا. بۆ نموونە لە شوێنە ڕژد و هەڵدێرەکان، کاتێك چەند کەسێك پێویستیان بە خۆراك یا یارمەتی پزیشکییە و هیچ ئامرازێکی گەیاندنیش ناتوانێ بچێتە ئەو شوێنە. درۆنی ئاماژە بۆ کراو گرنگترین ئامێرە.

درۆنەکە زۆرتر وەك کۆپتەرێکی کەلوپەل گواستنەوە دەچێت. ئێستا کە تەنیا دەتوانێت تا ١٥ کیلۆ بار بگوازێتەوە. لە ماوەی دە خولەکدا دە مایل بە بەرزایی ٣٠٠ مەتر دەفڕێت. بەهۆی سیستەمی GPSەوە ڕێك لەو شوێنە دەنیشێتەوە کە بۆی دیاریکراوە.



# بەراودێک لە نێوان دوو هێدسێتی واقیعی — مەجازی

هێدست یا چاویلکەی زەبەلاح کە لەسەر دەکرێت و دیمەنەکان ئەگەرچی مەجازین بەڵام بەشێوەی واقیعی دەبیندرێن لەمێژە سەرنجی ئۆگرانی جیهانی تەکنەلۆژیای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، هێدسێتەکان گۆڕانکارییەکی نوێیان لە تەکنەلۆژیادا پێکهێنا بە جۆرێك وا بیردەکرێتەوە جیهانی میتاڤۆرس یانی هێدسێتی واقیعی — مەجازی.

بەراوردێك دەکەین لە نێوان دوو لەو هێدێسێتانە کە پێشوازی گەرمیان لێکرا واتە Meta Quest ٢ و هەروەها هێدستی جۆری Pico 4. هەردوو هێدسێتەکە لە زۆر لایەنەوە کت و مت وەك یەك دەچن و هەندێك لایەنیشیان جیاوازە. لە دیزایندا هەردووکیان سەرنج ڕاکێشن. هەردووکیان هێدسێتی بێ وایەرن و هەمەکارەن. هەردووکیان لە پلاستیکێکی سپی دروستکراون. هێدستی جۆری Pico4 دیزاینەکەی ڕێکترە و جوانتر لەسەر ڕادەوەستێ. هەروەها کێشی کەمترە ٢٩٥ گرامە لەکاتێکدا هێدستی جۆری meta Quest2 کێشی ٥٠٣ گرامە. هێدستی جۆری pico4 شوێنی دانانی باتری بۆ پشتە سەر بردووە، بەو هۆیەوە هێدسێتەکە جوانتر لەسەر ڕادەوەستێ و قورسایی ناخاتە پێشە سەری بەکارهێنەرەکەی. لە هێدسێتی meta quest2 دا هیدفۆن لە ئاست گوێ دانداروە و بەڵام لە pico4دا ئەوە نییە و دەبێ خۆت هیدفۆنی بۆ دابنێی. کارکردی ڕیمۆت کۆنترۆڵەکانیان وەك یەکە و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. کێشەیەك لە هەردوو هێدسێتەکەدا ئەوەیە کە شەحن ناکرێنەوە و پێویستە باتریی بچووکیان بۆ دابندرێ، لەم سەردەمەدا ئەمە بە خاڵێکی نەرینی هەژمار دەکرێت. بە کورتی جیاوازییەکی وا بەرچاو لەنێوانیاندا بەدی ناکرێ، ئەگەر یەکێکیان لە بوارێکدا لەسەرترە و لە بوارێکی دیکەدا لە خوارترە. کۆپی یەك نین بەڵام زۆر لەیەکتر نزیکن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


**بەڕێزێك دەپرسێت، فلاش میمۆرییەکی نوێم کڕیوە، قەبارەشی گەورەیە ١٢٨ گیگابایتە، بەڵام کاتێك نیازم هەیە داتاکان بگوازمەوە سەری، کێشە هەیە و فایلەکان ناچنە سەری چ بکەم باشە؟**

بەڕێز فلاش میمۆرییەکان لەگەڵ ویندۆزدا کەمتر کێشەی وایان بۆ دێتە پێش، زیاتر لەگەڵ سیستەمی mac کێشەیان هەیە، بەڵام بۆ هەردوو سیستەمەکە وا باشە فلاش میمۆرییەکە فۆرمات بکە، لە ویندۆزدا لە کاتی فۆرماتدا سێ بژاردەت دەداتێ تۆ بە NTFS فۆرماتی بکە، چونکە FAT تەنیا فایلی قەبارە ٢ گیگابایت لەیەك کاتدا جێ دەکاتەوە و FAT32ش فایلی ٤ گیگابایت، بەڵام NTFS هەموو قەبارەیەك لە یەك کاتدا بۆ فلاش میمۆری بەڕێ دەکات.




# پرۆگرامێک بۆ دەستکاریکردنی قەوارەی وێنە

وێنەکان بە سایز و قەوارەی جیاواز و فورماتی جیاوازەوە بەرهەم دێن، بۆ ئەوانەی کاری گرافیك و دیزاین دەکەن دەبێت قەوارەی وێنەکان لەسەرێ بێت و فۆرماتەکان جۆرێك بێت کە بە هیچ جۆرێك تێك نەچێت، بەڵام بۆ ئەوانەی کاری وێب و ماڵپەڕ دەکەن پێویست ناکات قەوارە و سایزی وێنەکان گەورە بێت و دەکرێت فۆرماتێکیش بێت بە ئاسانی و بە یەك گرتە بکرێتەوە.



پرۆگرامی Light Image Resizer بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە تەنیا بە یەك کلیك سایزی فیلمەکە دەگۆڕدرێت و هەروەها فۆرماتەکەشی بۆ ئەو مەبەستەی کە نیازت هەیە دەگۆڕێت. پرۆگرامەکە بۆ کۆپیکردن و هەروەها لەپاڵیەکپەستاوتنی وێنەکان سوودی لێوەردەگیردرێت.



## لەو ماڵپەڕەدا بە زیرەکی دەستکرد فیلم دروست بکە

لەم رۆژانە باس هەر باسی زیرەکی دەستکردە کە چ توانایەکی هەیە، هەرچەندە چڕی توانای زیرەکی دەستکرد لە چات نووسینەکەیدایە، بەڵام بەشی دروستکردنی تابلۆ و وێنەشی کارا بووەو هەروەها سەرەتای دەستپێکی دروستکردنی ڤیدیۆش لە ئارادایە. ماڵپەڕی https://www.kipper.ai/ دەتوانێت خەون و خەیاڵەکانتان بکات بە فیلم. کاتێك سەردانی ماڵپەڕەکە دەکەی دەبێت هەژمارێك بکەیەوە و دواتر خەیاڵەکانی خۆت دەنووسی و هۆشی دەستکرد دوای لێکدانەوەی خەیاڵەکە دەست دەکات بە دروستکردنی فیلم و لە ماوەی ٣٠ چرکەدا فیلمێك لە خەیاڵەکەت دروست دەکات و دواتر دەتوانی ناوەرۆکی فیلمەکە بکەی و کورتتر و درێژتری بکەی.



# به گرنگیدان و شێلان ڕوخسارت دەگەشێتەوە

ئەگەرچی ماکیاژ و پاکوخاوێنیی ڕوخسار، هەنگاوێکی لووتکەی جوانییە، هەروەها گرنگیدان بە پێستی ڕوخسار و دەوروبەری چاوەکان دەبێتە مایەی قەشەنگیت، بەم هەنگاوانە دەتوانیت گرنگی بە پێستی ڕوخسارت بدەیت، سەرەتا بە مەساج و ڕاهێنانی دەوروبەری چاوەکان، هەردوو دەستەکانت بە شێوەی ئاسۆیی لەژێر هێڵی برژانگی خوارەوەت دابنێ، واتە بکەوێتە سەر ڕوومەتەکانت، بە هێواشی پاڵەپەستۆ بخەرە سەر پێست بۆ ماوەی (٥) چرکە، دواتر ڕوومەتت بەرەو سەرەوەی هەڵکشێنە، واتە بەرزی بکەوە، لەو کاتەش با چاوەکانت بەرەو پێشەوە بن، دیسان (٥) چرکە بوەستە و ئەمەش بۆ (٥ تا ٦) جار دووبارەی بکەرەوە، دووەمین مەساج بریتییە لە مەساجی ڕاهێنانی ڕوخسار و ڕوومەت: پەنجەکانت بخەرە سەر نێوچەوان و هەندێ پاڵەپەستۆی بخەرە سەر، چاوەکانیشت دابخە و لێویشت بە یەکەوە بێت، دەستەکانت بەرەو خوارەوە بێنە و بەردەوام بە لە پاڵەپەستۆ، تا بەرەو خوارەوە دێت و دەگەیتە سەر گەردن، ئەوجارەیان بە پێچەوانە بەرەو سەرەوە دەستت بخزێنە و چاوەکانت بکەوە و دەمیشت کراوە بێت، هەوڵ بدە ماسوولەکەکانی گەردەنیشت بەرز بکەیتەوە بۆ ماوەی (١٠) چرکە، ئەو ڕاهێنانە (٣ تا ٥) جار دووبارە بکەرەوە، دوا هەنگاویش بریتییە لە مەساج و ڕاهێنانی ژێر گەردەن، دەستت بخەرە ژێر گەردنت، زمانیشت لە ناودەم بە بەشی سەرەوە بکەوێت، هەروەها دەمیشت داخراو بێت، گەردنت بەرەو سەرەوە هەڵکێشە و ئەمەش بۆ ماوەی (٥) چرکە بەردەوام بێت، ئەوجارە دووبارەی بکەرەوە و دەمیشت کراوە بێت، دواجار گەردنت بەرەو خوارەوە ڕاکێشە، ئەو ڕاهێنانە (٣) جار دووبارەی بکەرەوە و پاشان دەبینیت ئەنجامەکانی جێگەی سەرسوڕمان دەبن.

# چۆنیتی زانینی کاتی قژبڕین و ئارایشتی نوی



ئارایشتگۆڕین و قژبڕین دوو هەنگاوی گرنگن لە جوانی و بایەخدان بە سەر و پرچ، زۆربەی ئافرەتان کاتی قژبڕینیان نازانن، ڕەنگە پرسیاریش بکەن ئاخۆ کاتەکەی هاتووە یان نا، گۆڤاری (بۆڵد سکای) ئەو هیما و نیشانانەی خستووەتە ڕوو کە باس لە کاتی قژبڕین دەکەن، بەم جۆرە: ئەو کاتەی هەستت کرد کە قژت دەوەریت یان سەری تاڵە مووەکان بەهۆی بۆیەکردنەوە وشك دەبن، نیشانەی ئەوەیە کە کۆتاییەکانی قژت وشك بوون و پیویستیان بە بڕینە. کاتێك هەستت کرد قژت بە نارێکی دیتەوە، نەوەك وەك ئەو ستایلەی هەڵتبژاردووە، واتە بەشێکی کورت و بەشێکی درێژ دەبێت، ئەوەش مانایەکی دیکەیە و پیویستە قژت ببڕیت. ئەوانەی قژیان بە ماددەی کیمیایی بۆیە و دەرمان و سیشوار دەکەن، کە کاریگەریی ماددە کیمیاییەکانی بەسەر بەهێزیی قژدا زاڵ دەبن و بەشێکی قژ دەبەن، ئەو کاتە بە شووشتن چارەسەر نابێت و بەڵکو بڕینی دەویت. هەڵوەڕینی لەناکاو و زۆریی تاڵەمووەکانی قژت، کە بەشێکی دیکەی هێمایە بۆ کورتکردنەوەی قژ، ئەوانەی قژیان تەنکە، پێویستە ڕاویژ بە دکتۆر بکەن، هەروەها زوو زوو بیبڕن.



## خشڵە ناسکەکانی خانمانی بووک

بۆ هەر بۆنەیەك پێویستت بە چەند جۆرە خشڵێك هەیە، ڕۆژی زەماوەند و هاوسەرگیری، دەبێ خشڵەکانت ناسك بن، چونکە مۆدەکانی ئیکسسواری بووك ئەگەر لەسەر هەمان شێوە و مۆدی پێشتر بێت، وەك ئەوە وایە لەسەر کلاسیك ڕێگەت گرتبێت و لە ڕۆژی زەماوەندا سەرنجڕاکیشیت پێوە دیار نابێت، مارکە تازەکانی ئیکسسوارەکان بە گشتی و مارکەی (بولگاری) بە تایبەتی لە بەرهەمی تازەی ئیکسسواری بووکدا گرنگییان بە خشڵی بەردین و ڕۆبی و زمرووود داوە، کە لە مۆدەیکی تازەدا بە ناوی شۆمیە (chaumet)دا نمایشی کردوون، بریتیین لە هەموو ئیکسسوارەکانی خانمانی بووك، لەوانە: تاجەگوڵی سەر، ملوانکە، گوارە، ئەڵقە، ئەنگوستیلە و بازن، جگە لە زێڕ و ئەڵماسەکان، هەروەها دەتوانن بەشێکی دیکەی ئیکسسوارەکانی بەردین، یان ئەوانەی زێڕ و ئەڵماسن، بەشی سەرەوەوە و پێشەوەی خشڵەکە لە خشڵە بەردینەکان بێت، مەرج نییە تەنیا زێڕ و ئەڵماسەکان دیار بن، بەڵکو دەکرێت خشڵەکانی بەردینیش لەبەر بکەیت.





## مزگەوتێک بەپێی مانای ئایەتێک دروست کراوە

دیزاین و شێوازی مزگەوتەکان لە سەردەمی ئێستادا بە جوانترین و ناوازەترین دیکۆر و ئەندازەیی دروست دەکرێن، هەر مزگەوتێك بەپێی خواست و شێوەی ستانداردەکەی دروست دەکرێت، ئەو مزگەوتە ناوی حەمیدیە و دەکەوێتە شاری کریسهەر لە وڵاتی تورکیا لەسەر وەسفی ئایەتێکی قورئان دروست کراوە کە ئایەتی ٢٢ لە سورەتی البقرة (الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ فِرَاشًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَنْدَادًا وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ)، کە دەڵێ: زەویمان بۆ تەخت کردوون و لە ئاسمانیشەوە ئاومان هێنایە خوارەوە و کە زەوی پڕ بوو لە بەرهەم و توێکڵە کە ڕەزقێکە بۆ مرۆڤ.

## بەهیزترین کەشتیی سەهۆڵ بڕ

ئەمە یەکێکە لە بەهیزترین کەشتییەکانی جیهان، کە کەشتییەکی سەهۆڵشکێنی ڕووسییە و بە هیزی ئەتۆمی کاردەکات، کارەکەی شکاندنی ئەو سەهۆڵەیە کە دێتە بەردەمی بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر کەشتییەکە دروست بکا ت ، هەروەها بۆ کردنەوەی ڕیگە بۆ ئەو کەشتییانە کە لە ناوچە دابڕاوەکانی وەك جەمسەری باکوور گیریان خواردووە بەکار دەهێنرێت، یان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کەشتییانە بەکار دەهێنرێت کە ڕەنگە ڕووبەڕووی مەترسی بەریەککەوتن لەگەڵ سەهۆڵ ببنەوە (ناوی یاماڵی سەهۆڵبڕە) کە لەلایەن کۆمپانیای ڕۆزنەفتی ڕووسی پاڵپشتی دارایی بەرهەمهێنانی کراوە، بۆ ڕێگای سەخت و چیا بەستەڵەکەکاندا.










# ناوی کوردستان لەسەر شەقام و چێتشخانە و کەشتیی لە جیهان

لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پێناسە و دیمەنی جۆراوجۆر لەسەر کوردستان لە شوێنە گشتییەکاندا دەنین، ئەمەش هەندێ جار لەلایەن ڕەوەندی کوردی یان وڵاتانەوە دەکرێت، یەکێك لەوانە: شەقامی (کوردستان) لە شارۆچکەی (سابادیل) کە دەکەوێتە هەرێمی (کەتالۆنیا) لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئیسپانیا، لەسەر تابلۆی شەقامەکە نوسراوە: کورد نەتەوەیەکی هیندۆئەورووپییە، خاکیان دابەشکراوە بەسەر وڵاتانی (عیراق، ئیران، سووریا، تورکیا، ئەرمینیا) وەك ناساندنێك بۆ نەتەوەی کورد، یەکێکە لەو تابلۆیانەی کە پێناسەی کورد دەکات. هەروەها چەندین چێتشخانەی کوردی و بە ناو کوردستان لە زۆربەی وڵاتاندا هەن، وەك لە بەریتانیا و ئەڵمانیا و سوید، کە تابلۆی ناوی کوردستانیان هەڵگرتووە و چەندین خواردنی کوردی پێشکەش بە کوردانی تاراوگە و خەڵکی بیانی دەکەن، هەروەها لەسەر کەشتییەکی بارهەڵگر کە دەگەڕێتەوە بۆساڵانی جەنگی جیهانی، بە گەورەیی ناوی کوردستان نووسراوە.






## سەگی شێوە مشک



ئاژەڵان و گیانداران هەر یەکە لە جۆر و پۆل و شێوەیەکن، هەندێ جار لە شێوەی سرووشتیی خۆیان لادەدەن و دەچنە سەر شێوەی جۆرێکی دیکەی گیانداران، کە ئەوەش لە پێشچاوی مرۆڤ دەبێتە حاڵەتێکی سەیر و سەمەرە، ئەو سەگەی کە بە مشك ناسراوە لە وڵاتی ژاپۆن دەژی، سەگێکە گوێچکەکانی وەك گوێچکەی مشك وایە، ئەو سەگە ناوی (گۆما)یە، کە جۆرێکە لە وڵاتی ماڵتا پەیدا دەبێت، لەلایەن خاوەنەکەیەوە کە ناوی (میبا لینگ)ـە بە خێوی دەکرێت، هەوادار و جەماوەرێکی زۆریشی هەیە، کاتێك خاوەنەکەی وێنەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پۆست دەکات خەڵك ئارەزووی کڕینی دەکەن، تا ئێستا (٧٥٠٠) دۆلاریان بۆ کڕینی ئەو سەگە داوە.


## یاسا



**کەسی شێت یان نەخۆشی دەروونی تاوان بکات سزا دەدرێت ؟**

بەپێی ماددەی ٦٠ لە یاسای سزادانی عێراقی، کەسی شێت یان نەخۆشی دەروونی کە بە جۆرێك لە کاتی تاوانەکەدا ئیرادەی لەدەست دابێت سزانادرێت و بە (موانع مسؤلية) و ڕێگری بەرپرسیاری دادەندرێت و یاسا لێپێچینەوە لەو کەسە ناکات بەهۆی ئەوەی ئاگاداری ئەو کار و ئەنجامانە نییە کە ئەنجامیان دەدات، بەڵام نابێت ئەوەمان بیربچێت دەبێت شێتی و نەخۆشیی دەروونی و نەمانی ئیرادە و هۆش و توانای ئەو کەسە بە بەڵگەی پزیشکی و لە لایەن لێژنەی پزیشکیی پسپۆڕەوە بسەلمێندرێت نەك ئەو کەسە خۆی وای لەخۆی کردبێت، چونکە بەپشکنین و بینینی لە لایەن پزیشکانی دەروونی و پسپۆڕەوە ئاشکرا دەبێت.

## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە باس لە ڕاهێنانی جیم و لەشجوانی دەکات، کە ئافرەت و پیاوان بە پێچەوانەی یەکتر ڕاهینانەکان دەکەن و هەر یەکە مەبەستێکی هەیە، پیاوان دەیانەوێت بەشی سەرەوەی جەستەیان گەورە بێت، ئافرەتانیش بەشی خوارەوەی جەستەیان گەورە دەکەن.

## دیمەنە سەیرەکان



گەورەترین شاری جیهان لە ڕووی دانیشتووانەوە،(تۆکیۆی یابان)ـە، لەو شارەدا بەرزترین ژمارەی خەڵك دەستنیشان کراوە کە زیاتر لە ٣٧ ملیۆن کەس.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لەلایەنی پیشەییەوە زۆر ماندو دەبیت، پێویستت بە پشوو هەیە، لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت ناکۆکی لە نێوانتاندا دروست دەبێت، هەوڵ بدە کێشەکان گەورە نەکەیت، ئەم ماوەیە لە تەندروستییەکی باشدایت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لە ژیانی تایبەتیت هەست بە ئاسودەیی دەکەیت و کاتێکی خۆش لەگەڵ خێزانەکەت بەسەر دەبەیت، بەهۆی ناجێگیری تەندروستیتەوە لە ماوەی ڕابردو ترست هەیە لەوەی دوبارە تەندروستیت تێکبچێت، باشترە بایەخ بە خۆت بدەیت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەوڵ مەدە کێشەکانی ڕابردوو نوێ بکەیتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ هاوپیشەکانت، دەرگاکانی ڕابردوو دابخە و بۆ داهاتوو بڕوانە، لەگەڵ خۆشەویستەکەت ئەزموونی نوێ تاقی دەکەنەوە و لە ڕۆتین دووردەکەونەوە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بە گشتی هەموو شتێك زۆر باش دەڕوات بەڕێوە، خۆت نیگەران مەکە، سەرنجت لەسەر کارەکانت بێت، هەموو شتێك زۆر باش دەبێت، ئەم ماوەیە خۆشەویستییەکی زۆر بەدی دەکرێت لە نێوان تۆ و هاوسۆزەکەتدا، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دەرونت جێدەهێڵێت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەگەر پلانی گەشت لە مێشکتدا هەیە، هیچ کاتێك لە ئێستا باشتر نییە، لە لایەنی پیشەییەوە کارەکان بە باشی بە ڕێگەی خۆیاندا دەڕۆن، لەلایەنی سۆزدارییەوە خۆت بۆ گۆڕانکاری ئامادە بکە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

باشترە متمانە بە خێزانەکەت بکەیت و گومان لە خۆت دوور بخەیتەوە، ئەوان هەمیشە لە پشتت دەوەستن لە کاتە سەختەکاندا، دوور بکەوەرەوە لەو خۆراکانەی زیان بە تەندروستیت دەگەیەنن.

## بۆ زانیاریت

### چەکی (AK-47)



چەکی کلاشینکۆف، کە یەکێکە لە چەکە بەهێزەکان، جگە لە ڕووسیا لە چەندین وڵاتی دیکەش دروست دەکرێت، جۆری چەکی هێرشبەرە، شوێنی دروستکردن وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، ساڵی خزمەتکردنی لە بواری سەربازیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٩ بۆ ١٩٧٤ سەرەتا لە بواری سەربازیی یەکێتی سۆڤیەت بووە، لە ساڵی ١٩٤٩ تاوەکو ئێستا لە خزمەتی وڵاتانی دیکەدایە، لە چەندین وڵاتی جۆراوجۆر هەیە و ئێستاش کاری پێ دەکرێت، بەشداریی زۆربەی شەڕەکانی پێ کراوە، وەك لە وڵاتانی (ڤێتنام و ئەفریقا و کۆلۆمبیا و سۆماڵ و سووریا) دیزاینەر (میخائیل کلاشینکۆف) بەرهەمهێنەری کۆمپانیای کلاشینکۆف لە ساڵی ١٩٤٨ تاوەکو ئێستا بەرهەم دەهێنریەتی، ژمارەی بەرهەمهێنانی ئەم چەکە زیاتر لە ١٠٠ملیۆن پارچە چەکە، جۆری گوللە کە لەم چەکەدا بەکار دەهێنرێت 7.62*39mm و کاریگەریی باشی هەیە.

## فیلم




### شێوازی کۆن

The Old Way -

فیلمێکی ئەکشنە و باسی سەردەمی کۆن دەکات، باس لە وەستایەکی چاککردنەوەی چەك دەکات بە ناوی (کۆلتۆن بریگس) کە پێشتر کەسێکی بە هەڵە کوشتبوو، کوڕی کەسە کوژراوەکە دێت و دەیەوێت تۆڵە بکاتەوە، دواتر ژنی ئەو وەستایە دەکوژرێت و ئەویش چەك هەڵدەگرێت، لەگەڵ کچەکەی لە دوای تۆڵەکردنەوە دەبن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٣٥ خولەکە، لە دەرهێنانی بریت دۆناهۆ، لە نووسینی سیۆن میشێل، لە نواندنی: ڕیان کیرا ئارمسترۆنگ، نیکۆلاس کەیج، نوا لۆ گرۆس، کلینت هاوارد کیری نووپ، ئەبراهام بینرۆبی.

## پەند و وتە



ئەکتەری ئەمریکی (شیلی وینتەرس) کە ماوەی ٧٠ ساڵ توانی کاری نواندن بکات، لە ساڵی ١٩٢٠ لە ویلایەتی مایسوری ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خۆشەویستیی هاوسەران دەڵی: «من و هاوسەرەکەم زۆر شتی هاوشێوەمان هەبوو، بۆ نموونە دیارترینیان، من ئەوم پڕبەدڵ خۆش دەویست، ئەویش خۆیی خۆش دەویست و منی فەرامۆش دەکرد، واتە لەوەدا هاوڕا بووین کە هەردووکمان ئەومان خۆش دەویست.

## یاریی وێنە



لەم وێنەیەدا باڵەخانەیەکی گەورە دەبینرێت، کە بەشێکی باڵەخانەکە وێنەیە و بە دەست کێشراوە، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا شوێنی وێنەکە لە باڵەخانەکە ڕاستەقینەکەدا جیا بکەیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

وزەیەکی زۆرت هەیە و زۆر چالاکیت، ئەمەش لە کارەکەت ڕەن گدەداتەوە، سەرنجت لەسەر ئاماجەکەت دابنێ، لە کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوسۆزەکەت دوور بکەوەرەوە لە گوتنی وشەی زبر، دەنا زیان بە پەیوەندییەکەتان دەگات.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەلایەنی داراییەوە دوور بکەورەوە لە خەرجکردنی پارە لە شتی بێ سوود، خێزانەکەت پێویستییان بە پاڵپشتی دارایی تۆ هەیە، خۆت بگونجێنە لەگەڵ هاوپیشەکانت، تەندروستییەکی باش هۆکارە بۆ ئەوەی لەلایەنی دەروونییەوە هەست بە باشی بکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

زۆر کارکردن زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت، هەوڵ بدە کەمێك لە بەرپرسیارێتییەکان دوور بکەویتەوە، باشتر چاوت لەسەر هاوپیشەکانت بێت، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەکانت لاوازن، هەوڵ بدە گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


هەندێك کات تەرخان بکە بۆئەوەی گۆڕانکاری لە پیشەکەتدا بکەیت و داهێنان بکەیت، پلانێکی ورد دابنێ و کاری لەسەر بکە، ئەگەر بەدوای کاردا دەگەڕێیت چانس هەیە بۆئەوەی کارێکی باش بدۆزیتەوە، لە خواردنی شیرینی دوور بکەوەرەوە لە پێناو تەندروستیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەمڕۆ بە گشتی هەستی نەرێنیت هەیە، ناتوانیت بە باشی سەرنجت لەسەر کارەکانت بێت، ئەمەش توشی سەرلێشێوانت دەکات، هەوڵبدە لەگەڵ کەسێکی نزیکت قسە بکەیت و دڵتی بۆ بکەیتەوە.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەمڕۆ دوور بکەوەرەوە لە پەلەکردن، دەنا سەلامەت نابیت لەو کێشانە دێتە دەرەوە کە ماوەیەکە سەرقاڵی کردوویت، لەلایەنی سۆزدارییەوە کاتێکی ڕۆمانسی بەسەر دەبەیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت، ڕەنگە پلانی گۆڕانکاری دابنێیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
May 22, 2023 Issue,No.1365

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626